# نامـه دیپلۆماتییەکانی

# شەریف پاشای خەندان

## لە ئەرشیڤخانەکانی بریتانیا و فرانسا

(١٩١٨-١٩٢٠)

لە فرانسییەوە وەرگێڕانی بۆ کوردی،

تێبینی و پەراوێزنووسیی

**د. نەجاتی عەبدوڵڵا**

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٨

٩٢٣
ن ٩٥٢ نەجاتی عەبدوڵڵا (وەرگێڕ)
نامە دیپلۆماتییەکانی شەریف پاشای خەندان لە ئەرشیفخانەکانی بریتانیا و فرانسا/ سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٨.
٢٣١ل: ١٧,٥×٢٥ سم؛ بەڵگەنامە؛ وێنە.-
١- شەریف پاشای خەندان- بەڵگەنامە ٢- ناونیشان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پۆلێن و پێڕستی ئامادە کردووە

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ٩٩
کتێب: نامە دیپلۆماتییەکانی شەریف پاشای خەندان لە ئەرشیفخانەکانی بریتانیا و فرانسا
بابەت: بەڵگەنامەی مێژوویی
لە فرانسییەوە وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا
تایپ و مۆنتاژ و هەڵەچنی: وەرگێڕ
خەت و رووبەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ٢٣٨١ی ساڵی ٢٠٠٨
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

هەموو مافێك پارێزراوە. بەبێ مۆڵەتێکی پێشوەخت، بە هیچ شێوەیەك ڕێ نادرێ ئەم کتێبە یا بەشێکی دەر بکرێتەوە، یان لە چوارچێوەی زانیاری بەدەستهێناندا هەڵبگیرێ یا بگوێزرێتەوە.

لە بڵاوکراوەکانی
**بنکەی ژین**
بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
هەرێمی کوردستان: سلێمانی، ئەندازیاران، گەڕەکی ١٠٥، کۆڵانی ٥، خانووی ٢٣ سنووقی پۆست: ١٤
نۆرماڵ: ٣١٢٩١٠٢ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ کۆڕەك: ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩
www.binkeyjin.com

ماندووبوون و گەڕان و سووڕان و

شەونخونییەکانی

ئەم کتێبەم

بۆ یادی پیرۆزی

یەکەمین پیاوی دیپلۆماتی کورد،

یەکەمین "میر" ی پێشنیارکراوی کوردستان و

سەرۆکی یەکەمین وەفدی کوردی،

**ژێنێڕال شەریف پاشای خەندان**

دیاری و پێشکەشـــــــــــه

**وەرگێڕ**

## پێشەکیی وەرگێڕ

خوێنەری خۆشەویست،

ڕەنگە بە دڵنیاییەوە یەکێك لە کەسایەتییە هەرە دیار و بەرچاوەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی کوردستان ژێنێرال شەریف پاشا بێت. بەر لە شەریف پاشا نە هیچ کوردێکی دیکە هێندەی ئەو داخوازینامەکانی کوردی بەرز کردوەتەوە و نە هێندەش نامە و نامەکاریی دیپلۆماتیی تایبەت بە پرسی کوردی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە. من پێم وا نییە لەناو کورددا هیچ کەسێك بەقەد شەریف پاشا بە بەراورد بە ((قورسایی و شوێنی ئەو لە مێژووی کورددا)) هێندەی ئەو کەم بایەخی پێدرابێت. ڕاستە هێندێك کاری جوان لەم بوارەدا کراون کە جێگەی دەستخۆشین، بەڵام هێشتا زۆر دوورە لەو کارەی کە دەبوو بۆ ئەم پیاوە گەورەیە بکرابایە. ڕەنگە هیچ زێدەڕۆییێك نەبێت ئەگەر بڵێین کورد لە مێژووی خۆیدا ئەگەر پیاوی دیپلۆماتی هەبووبێ، ئەوا بێگومان سەردەستەکەیان شەریف پاشایە.

خوێنەری خۆشەویست،

کاری ئامادەکردنی ئەم کتێبەی بەردەستتان لە ئاداری ٢٠٠٠ـەوە دەست پێکراوە و هەشت ساڵە سەری پێدا کردووین بە ئەرشیڤخانەکانی لەندەن و پاریس و تا گەیشتنی بەم شێوەیەی لە بەردەستتاندایە بە زۆر قۆناغی جیاجیا کاری لەسەر کراوە. کاری کۆکردنەوە و دەستنیشانکردنی بەڵگەنامەکان بۆ خۆی کاتێکی زۆری پێویست بووە و دواتر وەرگێڕانی زۆرترین بەشی ئەم کتێبە بەڕاستی بەر نیوەی دووەمی پار و نیوەی یەکەمی ئەمساڵ کەوت. ئەم پرۆژەیە کۆکردنەوەی سەرجەم نامە دیپلۆماتییەکانی شەریف پاشایە کە لە قۆناغێکی زۆر ناسکی مێژووی کوردستاندا نووسراون و هەموویان بە هەڵاویردانی ئەو دوو نامەیەی کە بۆ

مۆسۆلینی نووسراوە، لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٨-١٩٢٠دا نووسراون. دیارە من هیچ گومانم لەوەدا نییە کە ڕەنگە هێشتا گەلێك نامەی دیکەی شەریف پاشا لێرەولەوێ مابن و بەردەستی ئێمە نەکەوتبن، -خۆ ئەگەر خوا بکات و وا بێت- ئەوا هەزار جار دیمانەیان بەخێر و من یان کەسێکی دیکە هەر دەبێ دواتر تەواویان بکات.

ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی بڵێم شەریف پاشا لە هەموو ڕووییێکەوە شایانی ئەوەیە ناوەندێکی تایبەتی لێکۆڵینەوەی لە کوردستان بۆ تەرخان بکرێ و هەوڵبدرێ هەموو بەرهەم و نووسینەکانی کۆ بکرێنەوە، لەکاتێکدا هێشتا زۆر ئاڵقەی ژیانی ئەم پیاوە ئەرخەوانییە بە تاریکی ماوەتەوە. زۆر جێگەی داخە کە تائێستا لە کوردستان نە هۆڵێك، نە شەقامێك، نە گۆڕەپانێك، نە کتێبخانەیەك بە ناوی ئەم پیاوە گەورەیە نەکراوە، پیاوێك کە شایانی ئەوەیە دووبارە وەك هەمیشە لەناوماندا بە زیندوویی بمێنێتەوە. من وەرگێڕانی ئەم کتێبە دەکەمە بەهانە بەڵکوو خوا بکات ببێتە هاندەرێك بۆ زۆر کاری دیکەی تێروتەسەل لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەم پیاوە.

خاڵێك کە حەز دەکەم لێرەدا باسی بکەم، ئەوەیە کە من لە وەرگێڕانی ئەم نامانەدا زۆر بە وریایی و زۆر بە ئەمانەتەوە ویستوومە ناوەڕۆکی نامەکان وەکوو خۆی بپارێزم و بە هیچ شێوەیەك بەلای ئەوەدا نەچووم لە تێکستەکان بچمە دەرەوە. من ئەوەندەی مەبەستم پاراستنی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان بووە هێندە بە تەنگ لایەنی زمانەوانی بەڵگەنامەکانەوە نەبووم کە ئەمە لە زۆر جێگەدا دەستی شەتك داوم و وایکردووە بەڕاستی کوردیی نووسینی هێندێك لە ڕستەکان کەمێك وشك و ڕەق بێت.

خاڵێك کە حەز دەکەم لێرەدا باسی بکەم، ئەوەیە کە من هەمیشە پێم وایە دەبێ ئەم بەڵگەنامانە هەمیشە کۆپیی ئۆریژناڵەکەشیان لەگەڵدا بڵاو بکرێتەوە. ئەم کارە جگە لەوەی کارێکی زانستی و پێویستە، هاوکات هێنانەوەی بەڵگەنامەکانیشە بۆ ناو کتێبخانەی کوردی. لەم کتێبەدا ئەوەندەی بەڵگەنامەکان بە کەڵکی بڵاوکردنەوە هاتبن و لە کۆپیکردنەوەدا بایی ئەوەندەیان مابێتەوە بۆ خوێندنەوە بشێن، ئەوا بێئەملاوئەولا کۆپیمان کردوون و وا لەگەڵ کوردیی نامەکاندا بەسەر یەکەوە بڵاومان کردوونەتەوە. بەداخەوە بڕێك نامە هەبوون بەحاڵ توانیمانە بیانخوێنینەوە، بۆیە بەداخەوە نەتوانراوە کۆپیی ئەم نامانە بڵاو بکرێنەوە.

دیاره لە ئامادەکردن و وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا کۆمەڵێك مامۆستا و هاوڕێی دڵسۆز کۆمەگیان پێکردم، بۆیە هەق وایە و لەسەرمە سوپاسیان بکەم. لە بەرایی هەموواندا دەبێ بڵێم تەواوکردنی ئەم پرۆژەیە ئەگەر پشتگیری و دەست لەپشتدانی دوکتۆر کەمال فوئاد نەبوایە، ڕەنگە ئەستەم بوو تەواو بکرایە. بۆیە جێگەی خۆیەتی ئەم دەرفەتە بقۆزمەوە و پڕبەدڵ سوپاسی بەڕێزیان بکەم. هەروەها سوپاسی زۆری مامۆستای خۆشەویستم پرۆفیسۆر د. کەمال مەزهەر ئەحمەدو شەهلاخانی هاوسەری دەکەم کە ئەزیەتیان کێشا کۆپیی نامەی ژمارە (٢١)یان لە لەندەنەوە بۆ ناردم، بۆیە بە گەرمی سوپاسیان دەکەم. هەروەها نابێ هەرگیز هاریکاری و سێبەری خۆشەویستیی مامۆستا خۆشەویستەکانم ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح لەبیر بکەم کە هەمیشە پشتگیری و دەست لەپشتدانیان "ماندووبوونەکانم" لەبیر دەبەنەوە. هەروەها گەلێك سوپاسی هاوسەری خۆشەویستم فاتیمە ئەحمەد موراد دەکەم، کە لە کاری سکانکردنی بەڵگەنامەکاندا تەواوێك یارمەتیی داوم.

دواجار بەر لە من کۆمەڵێك مامۆستا و لێکۆڵەرەوەی دیکەی کورد کاریان لەسەر شەریف پاشا کردووە، پێم خۆشە بە سوپاسەوە ناویان بهێنم، لەوانە: ڕۆهات ئالاکۆم، د. فەرهاد پیربال، صالح محەمەد حەسەن (عزت بادی)، د. فوئاد حەمەخورشید، د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، ئاریان نەوزاد بەکر و ڕەنگە کەسانی دیکەش هەبن کە من ئاگام لێیان نەبێ.

پاریس

سێپتامبەری ٢٠٠٨

# پۆرترێتی یەکەمین دیپلۆماتی کورد:
# ژێنێراڵ شەریف پاشا
# (١٨٦٥-١٩٥١)

شەریف پاشا کە بە ژێنێراڵ شەریف پاشا ناسراوە، ناوی تەواوی محەمەد شەریف پاشای کوڕە گەورەی سەعید پاشا (کورد سەعید پاشا)ی کوڕی حوسێن پاشای کوڕی ئەحمەد ئاغای خەندانە[1]. ١٣ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٦٥ لە ئوسکودار لە ئەستەمووڵ لە بنەماڵەیەکی ئارستۆکرات و دەسەڵاتداری عوسمانیی بە بنچینە کورد لەدایك بووە. ساڵەکانی ١٨٧١-١٨٧٥ لە سلێمانی دەچێتە بەر خوێندن[2]. دواتر خوێندنی ئامادەیی لە ئەستەمووڵ لە قوتابخانەی (غەڵەتە سەرای) کە تایبەت بووە بە کوڕە میر و پاشایەکان، تەواو دەکات. باوکی شەریف پاشا لەدوای ڕوخانی ئەمارەتی بابان ساڵی ١٨٤٩ لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا بانگهێشتی ئەستەمووڵ دەکرێ و لە ئەستەمووڵ چەندین پۆستی بەرز لە بابی عالی وەردەگرێ:

www.zheen.org

---

[1] بەگوێرەی گێڕانەوە مێژووییەکان –کە بە هەموو پێوانەیەك بێ دەبێ لە سەدەی حەڤدەهەم بووبێ– "عەلی ئاغا" ناوێکی ئاغایەکانی سەرحەد کچێکی پاشازادەکانی بابان بە ناوی "خەندان" خان دەهێنێ. ئەم خەندان خانە لە ڕووی ئازایەتی و سەرکردایەتیکردنی شەڕەکاندا کاتێك مێردەکەی لە ماڵ نابێ سەرکردایەتیی شەڕەکان و کاروباری بنەماڵەکە لە ئەستۆ دەگرێ و لەم سۆنگەیەوە ناوبانگ و شۆرەتێك وەردەگرێ و لەویشەوە دواتر ناوی "خەندان" دەبڕێتە سەر ئەم بنەماڵەیە، بڕوانە: *سەرجەمی بەرهەمی عەبدولعەزیز یامولکی*، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، یەکەم بەرگ، چاپکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، لا: ٨٨.

[2] کریس کۆچێرا بە هەڵەدا چووە کاتێك دەڵێ شەریف پاشا لە قوتابخانەی خواجە لەگەڵ شێخ مەحموود لە سلێمانی هاوپۆڵ بوون. جارێ بەر لە هەرچی شێخ مەحموود ساڵی ١٨٨١ لەدایك بووە و دواتر شەریف پاشا ساڵی ١٨٨٤ تا دوادوایی ساڵی ١٨٨٩ هەر لە فرانسا خوێندوویە، بۆیە ئەم قسەیەی کۆچێرا هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە، بڕوانە: Chris Kutschera, *Le mouvemen national kurde*, Ed. Flammarion, Paris, 1979, p.23. بەداخەوە دواتر بە پشت بەستن بەو سەرچاوەیە بڕێك نووسەر و توێژەرەوەی کورد کەوتوونەتە هەمان هەڵەوە.

وەزیـــری هەنـــدەران ســـاڵی (١٨٨٢) و (١٨٨٥-١٨٩٣)، بـــاڵوێزی فەوقـــەلعادەی عوسمانی لە بەرلین (١٨٨٣-١٨٨٥) و سەرۆکی ئەنجومەنی شوورای عوسمانی بە وەکالەت. شەریف پاشا لە ١٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٨٥ ڕوتبەی یووزباشی وەردەگرێ، دواتر هەر هەمان ساڵ دەچێتە فرانسا و لەوێ لە قوتابخانەی عەسکەریی Ecole Saint-Cyr خوێندنی سەربازی تەواو دەکات و دواتر کۆتایی ساڵی ١٨٨٩ پلەی ژێنێراڵ وەردەگرێ و دوای گەڕانەوەی بۆ ئەستەمووڵ ماوەیەك دەبێ بە ڕاوێژکار و دواتر فێربوونی زمانی فرەنسی ڕێگەیان بۆ خۆش کرد بچێتە ناو کایەی دیپلۆماسی؛ بۆ یەکەمجار وەکوو ئەتاشەی عەسکەری لە باڵوێزخانەی عوسمانی لە برۆکسێل و پاریس کار دەکات.

شەریف پاشا ٣٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٩٠ لەگەڵ یەکێك لە کچەزایەکانی محەمەد عەلی پاشادا بە ناوی (ئەمینە خانم ١٨٦٨-١٩٢٦)، کچی عەباس حیلمی پاشای میسر زەماوەند دەکات. شەریف پاشا زۆر سەرسام بوو بە کەسایەتیی محەمەد عەلی پاشای گەورەی میسر (١٧٦٥-١٨٤٩) و بە هەمان شێوە لای ئەو وڵاتی میسر شوێنێکی تایبەتی هەبوو. ڕەنگە ئەم پێوەندییە لەوەوە بووبێ کە یەکەمیان بەشی گەورەی زەوی‌وزارەکانیان هەر لە میسر بووبێ و دووەمجاریش بۆ خۆی زۆر سەرسام بوو بە لایەنی خەباتگێریی محەمەد پاشای گەورە. دواجار تا مردنیشی پێوەندیی لەگەڵ میسر هەر نەبڕی و هەر ئەوێش بوو بە مەنزڵگەی کۆتایی.

وەزیفەی گەورەی دیپلۆماسیی شەریف پاشا لە خاکەلێوەی ساڵی ١٨٩٨ بەدواوە دەستپێ‌دەکات، وەختایەك ٤ی ئاداردا فەرمانی سوڵتانیی بۆ دەردەچێت و لە ١١ی تەممووزدا وەکوو باڵوێزی فەوقەلعادەی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم دەست بەکار دەبێت. شەریف پاشا دە ساڵی ڕەبەق لە سوێد کاری دیپلۆماسی دەکات و تاوەکوو ٧ی حوزەیرانی ١٩٠٨ هەروەکوو باڵوێزی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم کار دەکات. شەریف پاشا، گەرچی باڵوێزی عوسمانی دەبێ لە ستۆکهۆڵم، بەڵام بە دزییەوە ساڵی ١٩٠٠ پێوەندیی نهێنی بە جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەققی‌یەوە دەکات و بەناوی نهێنیی (کوردە) ئابوونەی مانگانەی خۆی داوە[3]. دۆستایەتیی لەگەڵ زۆرێك لە

---

[3] الدكتور عبدالله محمد علي العلياويي، شريف باشا و دوره في اقضية الكردية ١٩١٩-١٩٤٥، مجلة (گۆڤاری زانکۆی سلێمانی)، ع ٨، ٢٠٠١، ص: ١٨٤.

سەرکردە ئۆپۆزسیۆنەکانی جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەققی، وەك ئەحمەد ڕەزا بەگ، د. بەهاددین، فەریق نازم پاشا، عەبدوڵلا جەودەت و هاوڕێیەکانی. بێگومان ئەمە لای جاسووس و خەفیەکارەکانی سوڵتان عەبدوالحەمید شاراوە نەبوە. بەڵام لەبەر ئەوەی باوکی شەریف پاشا لە پایەیەکی بەرزی هەبوو و زۆر دۆستی سوڵتان، خێزانەکەی شەریف پاشاش لە یەکێك لە بنەماڵە خانەدانەکانی میسر بووە، سوڵتان چاوی لێ پۆشیوە و تەنها فەرمانی ئەوەی داوە کە نەهێڵن بگەڕێتەوە بۆ ئەستەنبووڵ. بەڵام کاتی نەخۆشیی سەعید پاشای باوکیدا، سوڵتان فەرمانی داوە ڕێگەی بدەن بگەڕێتەوە، بەڵام سەعید پاشا لە پاراستنی کوڕەکەی دڵنیا نەبوە، تا دواجار باوکیشی کۆچی دوایی دەکات هەر ناتوانێ بگەڕێتەوە[٤].

دوای کودەتای گەنجە- تورکەکان، دەگەڕێتەوە ئەستەمووڵ و لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان و سەیید عەبدولقادر شەمزینانی، داماد زوکەفل پاشا و کۆمەڵێك تێکۆشەری دیکەدا جەمعییەتی (تەعاون و تەرەققی کورد) دروست دەکەن. ئەم ڕێکخراوە بە شێوەیەکی ڕەسمی ڕۆژی ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٨ لە ئەستەمووڵ دامەزراوە و سەیید عەبدلقادر شەمزینانی سەرۆکی ئەم جەمعیەتە بووە، شەریف پاشا دواتر ماوەیەکی زۆر کەم لە ئەستەمووڵ دەمینێتەوە و هەر زۆر زوو پێوەندیی لەگەڵ ئیتتیحادییەکان تێك دەچێت و دوادواییەکەی ساڵی ١٩٠٨ دەگەڕێتەوە بۆ پاریس. سەرەتای ساڵی ١٩٠٩ پێوەندیی شەریف پاشا بە یەکجاری لەگەڵ ئیتتیحادییەکاندا دەپچڕێ، دوای ئەوەی ڕێگەی نادەن ببێتە باڵوێزی تورکیا لە فرانسا[٥]، کە دواتر نەیارەکانی شەریف پاشا هۆی دژایەتیکردنی شەریف پاشا بۆ ئیتتیحادییەکان هەر تەنها بەوە لێك دەدەنەوە. لێرەوە بەدوا شەریف پاشا بە هەموو شێوەیەك دژایەتیی خۆی بۆ ئیتتیحادییەکان ناشارێتەوە، بە تایبەتی دوای ئەو هەوڵدانە سەرنەکەوتووەی کە ساڵی ١٩٠٩ ویستیان لە پاریس بیکوژن. لە پاریس شەریف پاشا لەگەڵ هەموو ئەو حزبە ئۆپۆزسیۆنانەدا هاریکاریی کردووە کە دژی حوکمڕانیی ئیتتیحادییەکان بوون، وەك: (حوڕییەت و ئیئتیلاف-١٩١١)، (حیزبی ئاشتی و ئاسایشی عوسمانی) و(حیزبی سۆسیالیستی عوسمانی).

---

[4] *سەرجەمی بەرهەمی عەبدولعەزیز یامولکی*، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، یەکەم بەرگ، چاپکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، لا: ١٠٩-١١٠.

[5] Chris Kutschera, *Le mouvemen national kurde*, Ed. Flammarion, Paris, 1979, p.23.

www.zheen.org

شەریف پاشا نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٠٩ لە پاریس (فیرقەی ئیصلاحاتی ئەساسییەی عوسمانی)* دادەمەزرێنێ، کە لابالێکی ڕیفۆرمخوازی عوسمانی بوو و ڕەشماڵێکی هەموو ئۆپۆزسیۆنەکانی ئیتتیحادییەکان بوو و هەر بە ڕاستی بووبوو بە پێشڕەوی ئالاهەڵگری دژە ئیتتیحادییەکان. دواتر لە ڕێگەی گۆواری (مەشرووتیەت)ـەوە بەردەوام دەبێ بۆ خەبات بۆ ئیمپراتۆریایەکی عوسمانی کە بۆ هەموان و بۆ هەموو ڕەگەزەکان بێ بەبێ جیاوازی. لەم گۆوارەدا کە دواتر دەبێتە ئۆرگانی ئۆپۆزسیۆنی لیبراڵیی عوسمانی، بەرگری لە پرسە نەتەوەییەکانی: باڵقان، ئەرمەن و کورد دەکات و پێ لەسەر یەکبوونی کوردی- ئەرمەنی دادەگرێ[6]. دەکرێ قۆناغی دوای کودەتای گەنجە- تورکەکان لە ژیانی شەریف پاشادا بە قۆناغی بەخۆداچوونەوە لە ڕووی ئیتنی و چەکەرەکردنی تۆوی چەشنە "کوردایەتی"ێك دابنێین کە هێشتا سێبەرێکی زۆر تۆخی عوسمانیزم دایپۆشیبێ. ساڵانی ١٩٠٩-١٩١٤ کەم و زۆر شەریف پاشا پێوەندیی لەگەڵ نەیارانی ئیتتیحاد و تەرەققی و سەرکردە کوردەکانی پەرپوەی دەرەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەگرێ و بە شێوەیەك چەشنێك "کوردایەتی"ی لا دروست دەبێت کە ئەگەر بشێ من ناوی دەنێم جۆرێك لە "کوردایەتیی عوسمانیزم"ی دووورەوڵات. دواتر لەگەڵ هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانیدا شەریف پاشا "تا ڕادەیەك" پشت لە بیرۆکەی عوسمانچێتی دەکات و زیاتر ڕووەو "کوردایەتی" دەشکێتەوە و لەوەبەدوا زۆر بە درشتی "کوردایەتی" لە "عوسمانیزم" جیا دەکاتەوە.

**لە ئاستانەی دیپلۆماتی"کوردایەتی"دا**

وەختایەك جەنگی جیهانی هەڵگیرسا، شەریف پاشا بەو پێیەی وا دژی هاوپەیمانیی نێوان تورکیا و ئەڵمانیا وەستایەوە، ڕێگەیان پێدا لە فرانسا جێگیر بێت و زۆربەی ساڵەکانی جەنگ هەر لە ڤیلاکەی خۆی لە (Mon Keif) لە مۆنتیکارلۆ دەبردە سەر[7]. ڕەنگە- ئەوەی تا ئێستە زانراوبێت- یەکەمین هەوڵی دیپلۆماسیانەی

* *Islahat-i Esasiye-i Osmanye Firkasini*
6 Hamit Bozarslan, *Le problème nationale kurde en Turquie kémaliste*. Mémoire de DEA de l'E.H.E.S.S, Paris, 1986, p. 119.
7 Chris Kutschera, *Le mouvemen national kurde*, Ed. Flammarion, Paris, 1979, p.23.

www.zheen.org

شەریف پاشا لە ((بواری کوردایەتی))دا ئەو نامە دیپلۆماسیە بێ کە هەرچەند مانگێك دوای هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی لە ٢٣ی نۆڤەمبەری ١٩١٤ ئاراستەی حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانیی[8] کردووە و پێشنیاری هاریکاریی هاوپەیمانەکان دەکات بە مەرجێك شتێك بۆ کورد دابین بکەن. دوای بێهیوا بوون لە وەڵامی ئەم نامەیە، ئەمجارە لە دەستپێشخەرییەکی دیکەدا ڕۆژەکانی مانگی دیسامبەری ١٩١٤، شەریف پاشا، یۆگین یۆنگ دەنێرێ بۆ وەزارەتی دەرەوەی فرانسا بۆ ئەوەی پێشنیار بۆ وەزیر بکات کە ژێنێراڵ هاریکاریی دەرو و ناوچە کوردییەکان پێشکەش دەکاو دەتوانێ چەند سەدان هەزار پیاو چەکدار بکات، ئەوە زێد و نزیکەکانی ئەون کە سەرۆکی هەرە بەنفووزن لە ناو وڵاتدا. بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەرمەنییەکان، کوردەکان ئەو ناوچانە چۆڵ دەکەن کە ئەرمەنەکانی تێدا دەژین، ئەرمەنییەکان هەمان شت بۆ کوردەکان دەکەن.

کوردستان نایەوێ بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ڕووس. بەڵام ئەوە قەبووڵ دەکات شازادەیەکی هیندی، هاوئایین، حوکمڕانی بکات. کوردستان دەیەوێ سەربەخۆییەکەی، زمانەکەی، ئایینەکەی، داب و نەریتەکانی، بە گەرەنتی بنەبڕی هاوپەیمانەکاندا، پارێزراو بن. دوای جەنگیش دەخوازێ قوتابخانەی بۆ بکرێتەوە.

کوردەکان تاڵاوی زۆری تورکەکانیان چەشتووە. ئەگەر هاوپەیمانەکان قەبووڵ بکەن، ژێنێراڵ سەری بەسرە دەدات، لەوێ سوارەی کورد لە هەموو پەلەکانی کوردستان چاوەڕوانی دەکەن. ئەم پێشنیارە بە نووسراو ڕۆژی ١٢ی دیسامبەر نووسرا، ڕۆژی ٢٨ی دیسامبەر، بەڕێز یۆنگ، بە فەرمانی وەزارەت دیدارێکی لەگەڵ بەڕێز گرۆنارد، بەڕێوەبەری وەزارەتدا هەبوو. لەو ماوەیەدا، بەڕێز یۆنگ، بە ڕاسپاردەیەکی ڕاستەوخۆ، چوو بەڕێز لۆرێن لە باڵوێزخانەی ئینگلستان و سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی ڕووسیا ببینێ[9]. بەداخەوە نە ئینگلیز نە فرانسییەکان و نە ڕووسەکان هیچ بایەخێکیان بەو پێشنیارەی شەریف پاشا نەدا و ئەم پێشنیارانە هیچێکی وایان لێوە شین نەبوو.

---

[8] بڕوانە نامەی ڕۆژی ٦ ی حوزەیرانی١٩١٨ شەریف پاشا بۆ باڵوێزی ئەنگلستان لە پاریس، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا: FO:371/3398

[9] *AMEA: Guerres 1914-1918, Turquie, T 852, F.209.*

هێشتا شەڕی یەکەمی جیهانی بە کۆتایی نەگەیشتبوو، کە ئینگلیز ویستیان لەگەڵ کورددا بکەونە وتوویژ، وەزارەتی دەرەوەی بریتانی بە برووسکەیەکی پەلە داوا لە باڵوێزەکەی دەکات لە پاریس، چاوپێکەوتنێك لەنێوان سێر پێرسی کۆکس و شەریف پاشادا ڕێك بخات. ئەمە دەقی برووسکەنامەکەیە: ((**بە پەلە. تێلێگراف– بۆ پاریس. ئاماژە بە برووسکەی ٢٦-٥-١٩١٨، بەڕێز پێرسی کۆکس لە ٢-٦-١٩١٨ بە مارسیلیادا تێپەر دەبێت. تکایە لەوێدا بە هەموو دڵنیاییەکەوە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شەریفدا ڕێك بخە**))[10]. بۆ ئەم مەبەستە شەریف پاشا ڕۆژی ٣ی حوزەیرانی ١٩١٨ لەگەڵ سێر پێرسی کۆکسدا لە مارسیلیا چاویان بەیەك دەکەوێ و پێکەوە دادەنیشن. شەریف پاشا لەم دانیشتنەدا داوای پێکەوەنانی دەوڵەتێکی کوردی دەکات و لە پرۆسیسی سەختی هەڵبژاردنی سەرۆکێکی کورد بۆ کوردستان دەدوێ و پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەگەر حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانی متمانەی پێبدات، ئەوا ئامادەیە سەرۆکایەتیی ئەم دەوڵەتەی کوردستان وەئەستۆ بگرێ. تۆژەرەوەی فرەنسی هووپەر لەوبارەیە دەنووسێ کەوا ((**ئینگلستان ساڵی ١٩١٤ نەیتوانی خزمەتەکانی شەریف پاشا بەکار بهێنێ، بە هەمان شێوە ساڵی ١٩١٨یش پێویستی پێنەبوو**))[11]. شەریف پاشا دوای ئەم هەوڵانە بێهیوا نابێ و دەزانێ کۆتایی جەنگ نزیك بۆتەوە و ئیدی بەڕاستی نۆرەی کاری دیپلۆماسییە، بۆ ئەم مەبەستە شەریف پاشا سەرەتای مانگەکانی نیوەی دووەمی ساڵی ١٩١٨دا مۆنتیکارلۆ بەجێدەهێڵێ و دەچێ لە پاریس لە گەڕەکی مێسین، لە پاریسی هەشتەم جێگیر دەبێت. ئۆکتۆبەری ١٩١٨ سەردانی باڵوێزخانەی بریتانی دەکات لە پاریس و یادداشتنامەیەك بۆ سێر پێرسی کۆکس ڕەوانە دەکات و لەو یادداشتنامەیەی کە مێژووی ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ی بەسەرەوەیە و ئاڕاستەی کۆکس[12] کراوە، باسی پێویستیی ئاشتکردنەوەی کورد و ئەرمەن دەکات؛ ئەمە لوتکەی زیرەکی و هۆشیاریی شەریف پاشا نیشان دەدات، لە بەرامبەر پرسێك کە کلیلی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بووە.

---

[10] الدکتور عبدالله محمد علي العلیاویي، شریف باشا و دوره في اقضیة الکردیة ١٩١٩-١٩٤٥، مجلة (گۆڤاری زانکۆی سلێمانی)، ع ٨، ٢٠٠١، ص: ١٩٢.

[11] Charles A. Hooper, *L'Irak et la Société des Nations (Application à l'Irak des dispositions de l'article 22 du pacte de la Société des Nations),* Paris, 1927, p. 99.

[12] بڕوانە نامەی شەریف پاشا بۆ سێر پێرسی کۆکس، بە مێژووی ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا فایلی: FO: 371/3398

**شەریف پاشا لەبەردەم کۆنفرەنسی ئاشتیدا**

**١٩١٩- ١٩٢٠**

شەریف پاشا یەکەمین یادداشتنامەی خۆی کە پێشکەش بە کۆنفرەنسی ئاشتی کردبێ، ئەو یاددشتنامەیەتی کە بە مێژووی ٦ی شوباتی ١٩١٩ پێشکەشی کردووە. ئەم یاددشتنامەیە پێش ئەوەبوو کە وەك سەرۆکی وەفدی کوردی بناسرێ. لەم یادداشتنامەیەدا کە دواتر بوو بە بنەمای یادداشتنامە ڕەسمییەکەی ٢٢ی ئاداری ١٩١٩ زۆر بە ڕاشکاوی داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکات. شەریف پاشا دوای ئەوەی وەکوو سەرۆکی وەفدی کوردی هەڵدەبژێردرێ، ٢٤ی ئاداری ١٩١٩ لە نامەیەکدا بۆ جۆرج کلیمۆنسۆ هەڵبژاردنی خۆیی وەکوو سەرۆکی وەفدی کوردی پێدەناسێنێ و دەنووسێ: «ئێستە حەزدەکەم خۆم بخەمە خزمەت کۆنفرەنس بۆ کارپێکردنی خواستە ڕەوایەکانمان و هەموو ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لە بارەی کوردستانەوە» و داوای دامەزراندنی حکوومەتێکی کاتیی دەکات لە کوردستاندا. یەکەم یادداشتنامەی ڕەسمیی کە دوای ئەوەی دەبێتە سەرۆکی وەفدی کوردی، ٢٢ی ئادار لە نامیلکەیەکی چاپکراوی ١٥ لاپەڕەییدا بە زمانی فرەنسی و وەرگێراوە ئینگلیزیەکەشی (بە ١٤ لاپەڕە) پێشکەش بە سەرۆکایەتی کۆنفرەنسی ئاشتی دەکات. نامەی ١٥ی نیسانی ١٩١٩ کە بۆ سەرۆك وەزیرانی هەرچوار دەوڵەتە گەورەکەی کۆنفرەنسی ئاشتی ناردووە، داوا دەکات بۆ ڕێگە گرتن لە کوشتارێکی نوێ لە نێوان کورد و ئەرمەن و بۆ کۆتایی هێنان بەو پاشاگەردانییەی کە لە کوردستاندا هەیە پێویستە حکوومەتێکی کاتیی کوردی دروست بکرێ. شەریف پاشا دیسان لە ٢٩ی تەمووزی ١٩١٩ لە ڕێگەی ڕۆبێرت ڤانیستارت، سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی بریتانیاوە لە پاریس یادداشتنامەیەك ئاڕاستەی بەلفۆر دەکات و زۆر هێمنانە ڕێ و شوێنی ورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەستنیشان دەکات و داوا دەکات بە «نهێنی دەوڵەتێکی کوردی ئامادە بکرێ پێش ئەوەی بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان». دواجار شەریف پاشا لە سێیەمین یادداشتنامەیدا کە ١ی ئاداری ساڵی ١٩٢٠ پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی کراوە، زۆر بە وردی بە کوردستانیەتی شەش ویلایەتە کوردیەکەدا هاتۆتەوە کە بڕیار بووە بخرێنە ناو بازنەی ئەو دەوڵەتە ئەرمەنیەی کە بڕیار بوو دروست بکرێ.

## ئاشتبوونەوەی کورد و ئەرمەن

دوای خۆکێشانەوەی سوپای ڕووسیا لە بەرەکانی جەنگ پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، بۆشاییەکی سەربازیی گەورە کەوتە ناوچەکە، بە تایبەت لە ناوچەی قەوقاز و ڕۆژئاوای ورمێ، هاوپەیمانەکان دەیانویست بە هەر نرخێك بێت تەرازووی بەرەکانی جەنگ ڕابگرن. بۆ یەکەمجار 15/18ی کانوونی دووەمی ١٩١٨ بە دەستپێشخەری کۆلۆنێلی فرەنسی Chardgny چاوپێکەوتنێك لە نێوان سەرۆکی کورد کامیل بەدرخان و ئەهرۆنیان، سەرۆکی کۆمیتەی ئەرمەنییەکان پێکهات بەو مەبەستەی بگەنە ڕێککەوتنامەیەکی جێی بەرژەوەندی هەردوولا و مۆرکردنی ئاشتینامەیەك لەنێوان هەردوو گەلی کورد و ئەرمەن. پەیماننامەکە مۆرکرا و بەو پێیەی بەرژەوەندی ئەرمەن و کورد بریتییە لە ڕزگاربوون لە کۆتی تورك، بۆیە شوێنیان بە تەك هاوپەیمانەکانەوەیە[13]. ئەم پەیماننامەیە زیاتر بە ئامانجی زامنکردنی بێلایەنی هۆزە کوردییەکان بوو، بۆ ئەوەی نەبنە ڕێگر لەبەردەم ئۆپێراسیۆنەکانی هێزە ئەرمەنییەکاندا دژی تورکیا و بە تایبەتیش لە بەرەکانی قەوقاز.

لەدوای ئاگربەسی مۆدرۆس کورد و ئەرمەن دەبوو بگەنە ڕێککەوتنامەیەك، لەبەر یەك هۆی زۆر سادە ئەویش ئەوەبوو کە ناکۆکی و ناتەبایی نێوان هەردوو نەتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی داخوازییە نەتەوەییەکانیان لە کۆنفرەنسی ئاشتی فەرامۆش بکرێ. دوای مفاوەزەیەکی دوورودرێژ و بە دەست لەپشتدانی هاوپەیمانەکان، شەریف پاشا، سەرۆکی وەفدی کوردی و بۆغۆس نۆبار، نوێنەری ئەرمەنییەکان لە ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩١٩ ((بە پێچەوانەی بانگاشەی دوژمنان کە پێیان وابوو ئەرمەن و کورد قەت ناتوانن بە یەکەوە بژین)) ڕێککەوتنامەی ئاشتی یان مۆرکرد.

ئەمە سەرکەوتنێکی سیاسیی گەورە بوو، هەم بۆ کورد و ئەرمەن، هەم بۆ هاوپەیمانەکان و ئەمانەی دوایی گرینگیەکی زۆریان بەم ڕێککەوتنامەیەدا و هانی ڕۆحی پێکەوەژیانی زیاتریان دەدا. بە پێچەوانە، بزووتنەوەی کەمالیست زۆر بە توندی بە هەموو شێوەیەك دژی ئەم ڕێکەتنامەیە وەستان. لە ناوچە کوردییەکان و

[13] SHAT : 4 N 62, Conseil supérieur de guerre- section français : Asie et Afrique. Etat-major général de l'armée, Group de l'avant -secret- Situation à Ourmia, 2 avril 1918.

لـه لایـەن سـەرۆکهۆزه کوردەکـان بـه هانـدانی کەمالیستەکان سـەدان بروسـکەنامه و نامـــەی نـــاڕەزایی دژی ئـــەم ڕێککەوتنامەیـــه ئاڕاســـتەی کۆنفرەنـــسی ئاشـــتی و هاوپەیمانـەکان کـرا. ڕۆژنامـه ناسیۆنالیـستەکانی ئەسـتەموول هەڵمـەتێکی گـەلێك بەرفراوانیان دژی ئەم ڕێککەوتنامه و بە تایبەتی کەسی شەریف پاشا ڕێك خست.

**شەریف پاشا**

**له ڕوانینی ئینگلستان و فرانسادا**

پەیماننامـەی سـایکس- پیکـۆی نهـێنی (١٩١٥) هـیچ شـوێنێکی تایبـەتی بـه کوردسـتان نەبەخـشیبوو و خـاکی کوردسـتان لـه نێـوان ئینگلـستان، فرانـسا و ڕووسیای قەیسەری دابەش کرابوو. دواتر لەگەڵ پەرەسـەندنی ڕەوتـی ڕووداوەکـانی سـاڵانی دوایـی جـەنگ، دەوڵەتـه گـەورەکان کـەمێك بایـەخیان بـه کـورد دا، ئەمـەش بەشـێوەیەکی تایبـەتی بـۆ ئـەوەبوو دەیانەویـست لـەناو ڕووداوه جەنجاڵـەکانی ڕۆژهەڵاتدا کورد وەکوو ((کارتێکی بەسوود بەکار بهێنن))[١٤]. دواتر ئینگلیزەکان بەر له هەموو لایەك تێگەیشتن کەوا خاکی کوردستان چەنده دەوڵەمەنده بە نـەوت، بۆیـه ساڵی ١٩١٨ کەوتنه ئەوەی بە نهێنی پێوەندی لەگەڵ سـەرکرده کوردەکاندا بگرن، لەوانە: کامیل بەدرخان، عەبدولڕەزاق بەدرخان، شـەریف پاشـا و سـەیید عەبدولقادر شەمزینانی ... هتد.

دوای ئاگربەســی مــۆدرۆس، شــەریف پاشــا لەســەر بانگهێــشتی کــۆنگرەی عوسمانییـه لیبراڵـەکان کـه سـەباحەددین سـەرکردایەتیی دەکـرد، چـووه سوێـسره و لەوێ وەکوو بەرگریکارێکی مافه عوسمانییەکان لەناو بازنەی سیاسـەتی ئەورووپیدا خـۆی بـەدیار خـست[١٥]. دواتـر سـەری لەنـدەنی دا و لـەوێ ئینگلیـز زۆر بـه سـاردی پێـشوازییان لـێکـرد. بـەگوێرەی کـریس کۆچـێرا شـەریف پاشـا داوای سیاسـەتی ((لامەرکــەزیی ئیــداری)) و ســەربەخۆیی ((کوردســتان))ی دەکــرد لــه چوارچــێوەی ئیمپراتۆریـای عوسمانیدا، ئەمـه هـەرگیز لەگەڵ سیاسـەتی بریتانیادا نـەدەگونجا کـه

[14] Jean-Paul Chagnollaud, et Sid-Ahmed Souiah, *Les frontières au Moyen-Orient*, Ed. L'Harmattan, Paris, 2004, p. 47

[15] Chris Kutschera, *Le mouvemen national kurde*, Ed. Flammarion, Paris, 1979, p.23-24.

www.zheen.org

دەیەویست ((ناوچە ناتورکیەکان لە ئیمپراتۆریای عوسمانی دابماڵێ))[16]. خواستەکانی شەریف پاشا لە سەرەتادا هێشتا لە فرانسا زیاتر مایەی قەبووڵکردن بوون وەك لە لەندەن. لە وەزارەتی دەرەوەی فرانسا، ژان گو، بەڕێوەبەری بەشی ئاسیەوی خودی خۆی داوای لێدەکات بچێ هاوڕێ کوردەکانی ببینێ و ئامۆژگاریی دەکات ((*داوای سەربەخۆیی کوردستان بکات لەژێر دەسەڵاتی فرانسادا*)). بەڵام هەر زوو فرانسا لە سیاسەتی خۆی لەبەرانبەر دروستکردنی ((ئەمارەتی کوردستان))دا پاشگەز دەبێتەوە و پێی وادەبێ دواجار ئەمە زیاتر خزمەتی سیاسەتی ئینگلیز دەکات و زیاتریش فرانسا لە دۆستە تەقلیدییەکانی خۆی- مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات- دووردەخاتەوە. بەمجۆرە شەریف پاشا دواجار جگە لەوەی بەشوێن ڕاکێشانی هاوسۆزیی بریتانیادا بگەڕێ هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لەبەردەم دا نەمایەوە. لە نامەیەکدا کە لە ڕێگەی سێر لوییس مالی ئاراستەی بەلفۆری کردووە کاندیدیکردنی خۆی بۆ پۆستی (میری کوردستان) پێڕادەگەیەنێ. بەڵام ئینگلیز شەریف پاشا-یان خۆش نەدەویست و ڕای وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا وابوو کەوا ((تەمەن و مانەوەی زۆری لە پاریس وایان لێ کردووە تەواو بێتوانا بێ لەوەی بتوانێ ئەم ڕۆڵە ببینێ)). کۆچێرا جوانی بۆ چووە کاتێك دەڵێت: ((بەدبەختیی شەریف پاشا لەوەدابوو کە ئینگلیزەکان ئەویان بە فرەنسیخوازێکی خۆڕاگر دادەنا))[17]. جگە لەوە، ئینگلیز بە گومانەوە سەیری هەنگاوەکانی شەریف پاشایان دەکرد و پێیان وابوو لە بنەوە ڕا پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عوسمانیدا هەیە. بۆ نموونە لەو یادداشتنامەیەیدا کە کۆمسێری بەرزی بریتانی لە ئەستەمووڵ لە ١٩٢٠/٢/٢٤ بۆ ئێرل کێرزۆنی ناردووە، هاتووە کە: ((*لەم دواییەدا چەند بەڵگەیەکی جیاواز ئەوە نیشان دەدەن کەوا دانیشتن لەنێوان شەریف پاشا و دەسەڵاتکارانی تورکدا لێرە بووە*))[18]. ڕەنگە ئەمە بۆ خۆی تارمایی گومانی ئەوەمان لا دروست بکات کە بۆچی هەر کەمێك دواتر شەریف پاشا وازی لە سەرۆکایەتیی وەفدی کوردی هێنا و لەو تێلێگرامەش کە هەر لە ئەستەمووڵەوە بۆ مۆنتیکارلۆی ناردووە دەنووسێ

---

[16] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا: ٢٤

[17] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا: ٢٥

[18] بڕوانە "یادداشتنامە"ی کۆمیسێری بەرزی بریتانی لە ئەستەمووڵ بۆ ئێرل کێرزۆن، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانی FO:371/5067

*((بەو پێیەی کە لە ناوەوی خۆمدا تەواو پابەندم بە عەرشی پیرۆزی خەلیفە، بۆیە ڕەتمکردەوە لە ڕێگەی بیروباوەڕی جیاخوازیانەی شوومەوە زیانی پێبگات، وازم لە سەرۆکایەتیی وەفدی کوردی هێنا لە لایەن کۆنفرەنسی ئاشتییەوە))*[19].

**ناکۆکی: بێهیوابوون و وازهێنان**

ڕێککەوتننامەی کورد و ئەرمەن سەربارى ئەو ناکۆکییە لەمێژینەیەی کە لە هەناوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان کۆببوەوە، بووە هۆی ئەوەی ئەوەندە زیاتر ناکۆییەکان خەستتر بکاتەوە. ناکۆکیی نێوان شەریف پاشا و ئەندامەکانی کۆمەڵە لەسەر قسەی شەریف پاشا لەسەر ((ستاتووی دواڕۆژی کوردستان)) گەیشتە ئەوەی شەریف پاشا بڕیار بدات واز لە سەرۆکایەتیی وەفدی کوردی بهێنێ. دواجار شەریف پاشا دوای ناهومێدییەکی زۆر واز لە سەرۆکایەتیی وەفدی کوردی دەهێنێ، بۆ ئەوەی بەر لە هەرچی وەك موسڵمانێك ((*هەموو کۆششەکانی خۆی بۆ مافەکانی خەلیفە تەرخان بکات*)) و ((*بە تەواوی خۆی بۆ کاروبارەکانی خۆی تەرخان بکات و چیتر خەریکی کاری سیاسی نەبێت*)). کەچی ئەمین عالی بەدرخان لە نامەیەکدا بۆ کۆمیسێری بریتانی لە کۆنستانتینۆپل نووسیویە مەسەلەکەی خستۆتە ((قاڵبێکی دیکە)) و تەفسیرێکی جیاوازتری بۆ دەکات و لابردنی شەریف پاشای پێڕادەگەیەنێ کە ئەمە دەقەکەیەتی:

*کۆنستانتینۆپل، ١٢* [*] *١٤ی نیسانی ١٩٢٠*

*بۆ جەنابی کۆمیسێری بەرزی بەریتانیای فەخیمە،*

*جەنابی بەڕێز،*

*شەرەفی ئەوەم هەیە جەنابتان لەو بڕیارەی خوارەوە ئاگادار بکەمەوە کە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد-ەوە بڕیاری لەسەر دراوە:*

*شەریف پاشا وەفدی پێشووی کۆمەڵەی ئێمە بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی، وەك چۆن خۆنیشاندان و کردەوەی سیاسیی ئاوای نیشان*

---

[19] بڕوانە تێلیگرامی شەریف پاشا لە ئەستەموولەوە، ٢٣ی نیسانی ١٩٢٠.

[*] مێژووی نامەکە هەر بەمشێوە نووسراوە و نازانرێ داخۆ ١٢ -ە یان ١٤-یە، وەرگێڕ.



www.zheen.org

*داوە کە لای ئێمە پێچەوانەی بەرژەوەندییە زیندووەکانی کوردستانە، بۆیە لە پۆستەکەی لابردراوە. ئەو وەفدەی کە شوێنی دەگرێتەوە بۆ ئەم کۆششە تایبەتییە، دەستبەجێ دیاری دەکرێ. داوا لە جەنابتان دەکەین، بە تەواوی ئەم بڕیارە لەبەرچاو بگرن، تکاکارم ڕێزلێنانی زۆر شایانم قەبووڵ بفەرموون.*

*جێگری سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد*

*(ئیمزا) ئەمین عالی بەدرخان*[20].

**شەریف پاشا و مۆسۆلینی**

بەداخەوە دوای وازهێنانی شەریف پاشا لە سەرۆکایەتیی وەفدی کوردی لە پاریس تاوەکوو سەروبەندی دروستبوونی کۆمەڵەی (خۆیبوون) لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧دا، هیچ زانیارییێکی وا لەبارەی ژیان و کاری سیاسیی شەریف پاشاوە لەبەردەستدا نییە، جگە لەوەی کە ئیدی دوای ئەم وازهێنانە یەکسەر گەڕاوەتەوە بۆ مۆنتیکارلۆ و لەوێ ژیاوە. بەگوێرەی سەرچاوە شۆفارییەکانی فرەنسی، دوای دروستبوونی خۆیبوون، شەریف پاشا بووەتە نوێنەری ئەم ڕێکخراوە لە پاریس[21]، کە وا دیارە هێندە زۆر لەم نوێنەرایەتیکردنەدا نەماوەتەوە. بەداخەوە هیچ وترووسکاییەك لەبارەی چالاکییە سیاسییەکانی ئەم ساڵانەی ژیانی شەریف پاشا و بە تایبەتی پێوەندیی لەگەڵ خۆیبوون تا ئێستە لەبەردەستدا نییە.

لە نیوەی دووەمی دەیەی سییەکانی سەدەی بیستەم، ئەورووپا بەشی زۆری کەوتبووە ژێر باڵی دیکتاتۆری ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و ئەسپانیا. بە پێچەوانەی بڕیارنامەکانی پەیماننامەی ڤێرسای، هیتلەر ساڵی ١٩٣٥ سوپایەکی مۆدێرنی *luftwaffe* دروست کرد. ساڵی ١٩٣٦ بەپێچەوانەی پەیماننامەی ڤێرسایەوە کە

---

[20] نامەی جێگری سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد، ئەمین عالی بەدرخان بۆ کۆمیسێری بەرزی بەریتانیای فەخیمە لەبارەی لابردنی شەریف پاشا لە پۆستی سەرۆکایەتی وەفدی کوردیی لە پاریس، کۆنستانتینۆپل، ١٤ ی نیسانی ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان– قەوقاز ١١-١٢]

[21] *La Ligue national kurde Khoyboun*, Documents recueillis, annotés et présentés par Jordi Tejel Gorgas, Etudes Kurdes, N° hors série III-juin 2007, Paris, pp.37.

دەبوو ناوچەی ڕێنان لە چەك دابماڵرێ: کەچی هیتلەر داگیری کرد. ئۆکتۆبەری ١٩٣٦ ئەڵمانیا و ئیتالیا لەیەك نزیكبوونەوە و بەرەی تەوەر (میحوەر) یان دروستکرد. ناوەکەی لەو قسەیەی مۆسۆلینی هاتووە: ((*تەوەری ئەوروپا ئێستە بە ڕۆم و بەرلین دا دەڕوات*)). هەر مانگێك دواتر ئەڵمانیا و ژاپۆن پەیماننامەی ئەنتی کۆمنترن یان مۆر کرد. بەرەی دیکتاتۆرەکان تا دەهات فراوانتر دەبوو و ساڵێك دواتر ژاپۆن پەلاماری چینی دا. ئەوروپا تەواو لەژێر باڵی دیکتاتۆریدا بوو. شەریف پاشا کە پێشتر بێهیواییەکی زۆری بەدەست ئەنگلستان و فرانسا چەشتبوو، بێگومان نەیدەویست جارێکی تر لەم دەرگەیە بداتەوە کە پێشتر چەند جار بێهیوایان کردبوو، بۆیە ئەمجارە ڕوو بەلای ئەڵمانیا- ئیتاڵیادا وەردەگێرێ بەڵکو بتوانێ لەم سیستەمە سیاسییە نوێیەی دژ بە ئینگلستان- فرانسا شتێك بۆ کورد دابین بکات.

شەریف پاشا بە هەموو مانای وشە پیاوێکی دیپلۆمات بوو و پێشبینی ڕووداوەکانی کردووە و دەیزانی گۆڕانێکی سیاسیی گەورە لە ئاستی جیهانییەوە بەڕێوەیە، بۆیە دەبێ بکەوێتە خۆ و نابێ ئەم دەرفەتە لەدەست بدات، لەبەر ئەوە دەبینین هەر لە ساڵی ١٩٣٦-ەوە دەکەوێتە خۆ و لەکاتێکدا لە مۆنتیکارلۆ دەبێ لە ڕێگەی کۆنسوڵی ئیتاڵیاوە لە نیس پێوەندیی نهێنیی لەگەڵ "مۆسۆلینی" دەگرێ و لە ٨ ی دیسامبەری ١٩٣٦ نامەیەکی نهێنی* بۆ دەنێرێ. بەگوێرەی میریلا گالیتی کە لە ئەرشیڤخانەی ناوەندی دەوڵەت لە ئیتالیا بەدوای دۆسیەی شەریف پاشادا گەڕاوە، دەڵێ ئەم نامەیە نەدۆزرایەوە، بەڵام چەند "تێبینی"ی سکرتێری کەسیی مۆسۆلینی بینیوە کە ئیشارە بەوە دەکەن ئەم نامەیە ١٧ی تەمووزی ١٩٣٧ گەیەنراوەتە دەست "مۆسۆلینی"[٢٢]. بە گوێرەی ئەم نامەیەی کە ڕۆژی ٢٧ی تەمووزی ١٩٤٢ ئاڕاستەی مۆسۆلینیی کردووە، باسی ئەوە دەگێڕێتەوە کەوا لەسەر بانگهێشتی ئەڵمانەکان ڕۆژی٢١ (؟) یان ٢٢ (؟)ی حوزەیرانی ١٩٤٢ سەردانی پاریسی کردووە و تا ڕۆژی ٢٥ی هەمان مانگ لە پاریس دا ماوەتەوە و لەگەڵ بەرپرسە ئەڵمانەکان باس و خواسی کردووە. بەداخەوە ئێمە هیچ شتێك لەبارەی ناوەڕۆکی ئەم باس و خواسانە نازانین و ناشزانین داخۆ دواتر پێوەندیی شەریف

---

* تا ئێستە شوێنەواری ئەم نامە"نهێنییەی" شەریف پاشا دیار نییە، وەرگێڕ.

22 Mirella Galletti, "Deux lettres de Chérif Pacha à Benito Mussolini", In *Etude kurde*, n° 2, november 2000, p.65.

پاشا لەگەڵ ئەڵمانەکان چۆن بووە و بۆچی شەریف پاشا لە ئەڵمان و ئیتالییەکان نزیك کەوتۆتەوە. بەگوێرەی حەمید بۆزئەرسلان، شەریف پاشا لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگدا پێوەندییێکی چاکی لەگەڵ دیپلۆماتکارە ئیتالیاییەکان دا هەبووە و ((هەواداری بیرۆکەی دژە– بۆلشەویکی نازییەکان بووە))[23]. ئەم دوو نامەیەی کە بۆ مۆسۆلینی ناردووە هیچ باسێکی داواکردنی مافە ڕەوایەکانی کوردی تێدانییە. بەڵام ئەوە دەزانرێ کە شەریف پاشا هەرکە لە مۆنتیکارلۆ دەرکەوتووە هەواڵی جمووجۆڵەکانی گەیشتۆتەوە لای دەسەڵاتکارانی ئینگلیز لە میسر و وەك خۆی بۆ مۆسۆلینی ناردووە ئەمە زیانێکی زۆری بە بەرژەوەندییە کەسییەکانی ئەو گەیاندووە لە میسر و ئەم سەفەرەی شەریف پاشا بۆ پاریس وەکوو خۆیشی باسکردووە لە میسر لە لای کاربەدەستانی ئینگلیز هەرایەکی زۆری ناوەتەوە. لە ڕێگەی ئەم دوو نامەیە ناتوانین بزانین داخۆ شەریف پاشا لەسەرچی لە ئەڵمانەکان نزیك کەوتۆتەوە، بەڵام زۆر بە ڕوونی دەزانرێ کە خاڵی دژایەتیکردنی بۆلشەوییزم لە لای هەردووکیاندا یەکێك لە خاڵە هەرە هاوبەشەکانە. جارێ تا دەرکەوتنی ڕاستی تەواوی ژیانی شەریف پاشا لەم دەورانەی ژیانیدا ناچار دەوەستین و ئەم دەرگەیە بە کراوەیی بەجێدەهێلین تاوەکوو بەڵکو ڕۆژێك بێت هەڵدانەوەی لاپەڕە نهێنییەکانی ئەرشیڤخانەکانی دەورانی هێتلەر و مۆسۆلینی وەڵامی زۆر پرسیارمان بۆ بدەنەوە.

www.zheen.org

**دوایین کۆششی بێ ئاکام**

لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، شەریف پاشا جارێکی دیکە دەکەوێتەوە خۆ، بەڵکوو بتوانێ لە دونیای دوای گۆڕانکارییەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا شتێك بۆ کوردستانی خواروو ( یان کوردستانی عێراق) بکات. بەگوێرەی ئەو نامە نهێنییەی کە باڵوێزی بریتانیا لە قاهیرە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥ نووسیویە، گوایە بەیانی هەمان ڕۆژ سەردانی باڵوێزخانەی کردووە و دیسان شەریف پاشا لە درێژەی گفتوگۆکەیدا لە تەوەرێکی زۆر هەستیار دەدات کە ئەویش دژایەتیکردنی بزووتنەوی بۆلشەویزمە و دەڵێ (([ *لە ئێران ڕووسەکان لە ڕێگەی پارە و هۆکاری دیکەوە وا دەستیان بەسەر کوردەکانی ئێران دا گرتووە. جا ئەگەر*

---

[23] Hamit Bozarslan, *Le problème nationale kurde en Turquie kémaliste*. Mémoire de DEA de l'E.H.E.S.S, Paris, 1986, p. 119.

*بریتانیای فەخیمە بە خێرایی شتێك نەکات، ئەوا ڕووسەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە کەرکووك دەبن و سەرچاوەی نەوتی عێراقی داگیر دەکەن]))...* ((*[ئێستەکە کوردستانێکی سەربەخۆ لە ئاستێکی بەرفراواندا کارێکی عەمەلی نییە. شتی گرینگ ئەوەیە کوردستانی عێراق لە لایەنی بریتانییەوە وەکو قەڵا دژ بە هەڵکشانی ڕووسی بمێنێتەوە]*[24] . لەو چاوپێکەوتنەدا شەریف پاشا دەیەویست هەڵویستی بریتانیا بزانێ لەبارەی پێشنیاری ئۆتۆنۆمیەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا و گوایە لەلایەن کەسایەتییەکانی لیوایەکانی سلێمانی، کەرکووك و مووسڵ داوایەکی بۆ هاتووە بۆ ئەوەی بەناوی کوردەکانی کوردستانی خواروو قسە بکات و گەلاڵەی بەرنامەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی شانشینی عێراق پێشکەش بە دەسەڵاتکارانی بریتانیا بکات[٢٥] . هەرچۆنێك بێ بریتانیا هیچ بایەخێکی بەم پێشنیارە نەدا و تا ئەوەی باڵوێزی بریتانیا لە قاهیرە دەنووسێ ((*ئەگەر باڵوێزخانەی بریتانیا جارێکی دیکە پێشوازی لە شەریف پاشا بکات، ئەوە بینینێکی نێگەتیڤ* لای حکوومەتی عێراقی دروست دەکات))[٢٦] . بە هەموو پێوانەیەك، شەریف پاشا لەم هەوڵە سەرکەوتوو نابێت و بریتانیا ئامادە نەبوو لە پێناو کورد دەست لە ئێران، تورکیا و عێراق هەڵبگرێ کە هەرسێکیان هاوپەیمانی بریتانیا بوون. وادیارە شەریف پاشا دوای ئەوەی لە بریتانیا بێهیوا دەبێ، دەیەوێ لە دەرگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بدات و بە گوێرەی حەمید بۆزئەرسلان، دوایین پەیامی شەریف پاشا ئەوەبوو ساڵی ١٩٤٦ داخوازینامەکانی گەلی کوردی پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد[٢٧] . بەڵام تا ئێستە سەرەداوی ئەم یاددشتنامەیە نەکەوتۆتە بەردەست. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی نهێنی بریتانی شەریف پاشا تەمووزی ١٩٤٧

---

[24] بڕوانە یاددشتنامەی نهێنی ئۆاتر سمارت لە قاهیرە لە ٢٩ ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥، لە کتێبی "د. ولید حمدي، *الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية*، ١٩٩٢، ص: ٢٤٩.

[25] الدكتور عبدالله محمد علي العلياويي، شريف باشا و دوره في القضية الكردية ١٩١٩–١٩٤٥، مجلة (گۆڤاری زانکۆی سلێمانی)، ع ٨، ٢٠٠١، ص: ٢٠١.

[26] Borhanedin A.Yassin, *Vision or Reality? The Kurds in the Policy of the Great Powers 1941-194*7, Ed. Lund University Press, 1995, p.140

[27] Hamit Bozarslan, *Le problème nationale kurde en Turquie kémaliste*. Mémoire de DEA de l'E.H.E.S.S, Paris, 1986, p. 119.

بنکەی ژین
www.zheen.org

چۆتە یەکیەتی سۆڤیەتی بۆ خستنە ڕووی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق[28].
ئەم زانیارییە لە دوو سێ لایەنەوە جێگەی گومانە، یەکەمیان شەریف پاشا تا مرد هەر دژە کۆمۆنیزم و ئانتی بۆلشەویزم بووە. دووەمیان سۆڤیەت هیچ دەسەلاتێکیان نەبوە لە کوردستانی عێراقدا و سێیەمیشیان تەمووزی ١٩٤٧ هەم ڕووس لە کوردستانی ئێران دەمێك بوو کشابۆوە و هەم کۆماری کوردستانیش ڕووخابوو و قازی محەمەد و هاوڕێکانیشی دەمێك بوو لە سێدارە درابوون. لەناو تارمایی ئەم گومانەدا من هیچ تووڵە ڕێگەیەك نابینم بۆ ئەوەی ئەو زانیاریەم لا بە ڕاست بگەڕێنێ.

وەختایەك کچە خۆشەویستەکەی "مەلەك" ساڵی ١٩٤٨ شوو بە کۆنتی ئیتاڵی پیکۆرینی مانزۆنی دەکات، دواتر ساڵی ١٩٥٠شەریف پاشا دەچێتە لای ئەوان و سەرەتا لە ڕۆما و دواتر دەچێتە کالابار. ڕۆژی ٢٢ی دیسامبەری ١٩٥١ لە کاتانزارۆ بۆ دوایین جاری چاوەکانی لێك دەنێ[29] و تا هەتا هەتایە خەونی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەگەڵ خۆی بە میرات بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەجێدەهێڵێ، میراتێك هەر نەوەیە و دەیداتە دەست نەوەی دوای خۆی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

28 بڕوانە: د. وليد حمدي، *الكرد و كردستان في الوثائق البريطانية*، ١٩٩٢، ص: ٢٤٦-٢٤٧.

29 Mirella Galletti, "Deux lettres de Chérif Pacha à Benito Mussolini", In *Etude kurde*, n° 2, november 2000, p.66.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی

**شەریف پاشا لە بواری نووسیندا نزیکەی (١١) نامیلکەی نووسیوە کە هەموویان بە تورکی عوسمانلی و فرەنسی لە ئەستەموول و پاریس چاپ کراون:**

1-*Şura-yi Ümmet Yahud Numune-i Denoet* (Paris, 1909, 16 p).
2-*Ittihat ve Terakki'nin Sahtekâr Liklarina, Rezaletlerine Bülend Bir Sada-yi Lanetimiz* (Paris, 1909).
3- *Meşrutiyet Dogru Ben..ve Hayatim* (Paris, 1912, 63 p).
4-*Ahval-i Hazira* (Istanbul 1330/1914, 15 p).
5- *Tehlike Daima Tehlike* (Istanbul, 1330/1914, 15p).
6- *Bir Hasbihal* (Istanbul, 1330/1914, 15p).
7- *Quelques réflexions sur la guerre Turco-Balkanique*, Paris : Imprimeries A.-G.L. Hoir, Editeur, 1913, (73p).
8-*Ikaz-Millet-i Osmaniyeye Bir Hitabe* (Paris, 1914, 28p).
9-*Les Turcs et les revendications grecques,* Paris : impr. A. G. L'Hoir, 1919, (16 p).
10-*Memorandum on the claims of the Kurd people*, Paris : L'Hoir, 1919, (15p).
11-*Mémorandum sur les revendications du peuple Kurde,* Paris : impr. de A.-G. L'Hoir, 1919, (14p).
12-*Le Déclin du croissant* ; Sam Lévy ; Préf. du Gén. Chérif Pacha, Paris: Grasset, 1913, (231p)

بنکەی ژین
www.zheen.org

## کورتکراوەکان

- *AMEA* : ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا
- SHAT : ئەرشیڤی سێرڤیسی مێژوویی سوپای زەمینی (ڤانسێن-فرانسا).
- BDIC : کتێبخانەی بەڵگەنامەیی نێودەوڵەتیی هاوچەرخ (ناتێغ-فرانسا).

**پاریس**
**هاوینی ٢٠٠٨**

بنكەی ژین
www.zheen.org

## پێڕست

## بابەتیی بەڵگەنامەکان

**(بەشی یەکەم)**


**نامەی ژمارە ١:**

**نامەی شەریف پاشا بۆ باڵوێزی بریتانیا لە پاریس، ٣١ی ژانڤییەی ١٩١٨، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا** [FO: 371/3398 ]............... ٣٧

**نامەی ژمارە ٢:**

**نامەی شەریف پاشا بۆ باڵوێزی بریتانیا لە پاریس، ٦ی حوزەیرانی ١٩١٨، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا** [FO: 371/3398 ]................ ٣٩

**نامەی ژمارە ٣:**

**نامەی شەریف پاشا بۆ لۆرد دەربی، باڵوێزی بریتانیا لە پاریس، ١٥ی ئۆکتۆبری ١٩١٨، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا** [FO:371/3398 ] ٤٣

**نامەی ژمارە ٤:**

**نامەی شەریف پاشا بۆ سێر پێرسی کۆکس، ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا** [FO: 371/3398] ................ ٤٤

**نامەی ژمارە ٥:**

**نامەی شەریف پاشا بۆ لۆرد ڕۆبێرت سێسیل، ٧ی نۆڤەمبەری ١٩١٨، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا** [FO: 371/3398] ................ ٤٦

**نامەی ژمارە ٦:**

**نامەی شەریف پاشا بۆ (؟)، ٣٠ی نۆڤەمبەری ١٩١٨، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا** [FO: 371/3398] .......................................... ٤٩

**نامەی ژمارە ٧:**

**یەکەمین یادداشتنامەی شەریف پاشا بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی، ٦ی شوباتی ١٩١٩، ئەرشیڤی "کتێبخانەی بەڵگەنامەیی نێودەوڵەتیی هاوچەرخ"، زانکۆی نانتێغ- پاریس،** [BDIC, F223 Res/13 A-Z] ............... ٥١


بنکەی ژین
www.zheen.org

نامەی ژمارە ٨:
نامەی ئۆفیسی نێو-وەزارەتیی فرانسا بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی کۆنفرەنسی ئاشتی، ٢٨ی ئاداری ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢ ] ............................................ ٥٦
نامەی ژمارە ٩:
نامەی شەریف پاشا بۆ جۆرج کلیمۆنسۆ، ٢٤ی ئاداری ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [ دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢ ] ... ٥٧
نامەی ژمارە ١٠:
نامەی سکرتاریەتی گشتیی کۆنفرەنسی ئاشتی بۆ کلۆتس، وەزیری دارایی، ١٩ ی نیسانی ١٩١٩ ، هاوپێچی دووەمین یادداشتنامەی شەریف پاشا بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی بە ناوی" یاددشتنامە لەبارەی داخوازینامەکانی کورد"، ئەرشیڤی "کتێبخانەی بەڵگەنامەیی نێودەوڵەتیی هاوچەرخ"، زانکۆی نانتێغ- پاریس، [BDIC, F223 Res/13 A-Z] .......................... ٥٨
نامەی ژمارە ١١:
نامەی سکرتاریەنی گشتیی کۆنفرەنسی ئاشتی بۆ بەڕێوەبەری کاروباری سیاسیی و بازرگانی لە وەزارەتی دەرەوەی فرانسا، ١٩ی نیسانی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢] ٧٠
نامەی ژمارە ١٢:
نامەی شەریف پاشا بۆ ویلسن، کلیمۆنسۆ، لوید جۆرج و ئۆرلاندۆ، ١٥ی نیسانی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢] .................................................................. ٧١
نامەی ژمارە ١٣:
نامەی شەریف پاشا بۆ پیشۆنی وەزیری کاروباری هەندەرانی فرانسا، ٣٠ ی نیسانی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢] ........................................................ ٧٢
نامەی ژمارە ١٤:
نامەی شەریف پاشا بۆ گووت، جێگری بەڕێوەبەری ئاسیا- ئۆقیانووس لە

www.zheen.org

وەزارەتی کاروباری هەندەران، ٣٠ی نیسانی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢] .................... ٧٣
نامەی ژمارە ١٥:
نامەی شەریف پاشا بۆ سکرتێری گشتی کۆنفرەنسی ئاشتی، ٣٠ی نیسانی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢] .............................................................................. ٧٤
نامەی ژمارە ١٦:
نامەی کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد لە قاهیرە بۆ ژێنێرال شەریف پاشا، ٢٦ی ئاداری ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢] ...................................................................... ٧٥
نامەی ژمارە ١٧:
وەفدی بریتانی لە پاریس بۆ بەلفۆر، ٢٦ی ئایار ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا[FO: FO: 371/4191] ......................................... ٧٨
نامەی ژمارە ١٨:
نامەی شەریف پاشا بۆ سێر لویس مالێ، ٢٠ی ئایاری ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [FO: 371/4191] ........................................ ٧٩
نامەی ژمارە ١٩:
نامەی شەریف پاشا بەلفۆر، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [FO: 371/4191] ........................................................................ ٨٠
نامەی ژمارە ٢٠:
نامەی جۆرج گراهام بۆ گراهام، ٢٤ی حوزەیرانی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [FO: 371/4191] ....................................... ٨٣
نامەی ژمارە ٢١:
نامەی شەریف پاشا بۆ پیشۆنی وەزیری کاروباری هەندەرانی فرانسا، ٢٣ی حوزەیرانی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [FO: 371/4191] ........................................................................ ٨٤
نامەی ژمارە ٢٢:
وەفدی بریتانی لە پاریس، نامەی بەلفۆر بۆ لۆرد کیرزۆن، ١ی ئابی ١٩١٩،

www.zheen.org

ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [FO: 371/4191] ............ ٨٩
نامەی ژمارە ٢٣:
نامەی شەریف پاشا بۆ ڕۆبێرت ڤانیستارت، سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی بریتانیا لە پاریس، ٢٩ی تەمموزی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [FO: 371/4192] .................................................... ٩٠
نامەی ژمارە ٢٤:
نامەی شەریف پاشا بۆ بەلفۆر، ٢٩ی تەمموزی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [FO: 371/4192] ........................................ ٩٢
نامەی ژمارە ٢٥:
نامەی وەفدی بریتانی لە پاریس، بۆ لۆرد کیرزۆن، ٥ی ئابی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [FO: 371/4192] ............................ ٩٧
نامەی ژمارە ٢٦:
نامەی شەریف پاشا بۆ بەلفۆر، ١ی ئابی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [FO: 371/4192] ........................................ ٩٨
نامەی ژمارە ٢٧:
نامەی بەلفۆر بۆ لۆرد کیرزۆن، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [FO: 371/4192] .................................................... ٩٩
نامەی ژمارە ٢٨:
نامەی شەریف پاشا بۆ بەلفۆر، ٣ی ئابی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا[FO: 371/4192] ........................................ ١٠٠
نامەی ژمارە ٢٩:
نامەی شەریف پاشا بۆ جۆرج کلیمۆنسۆ-سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی، ٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢] .................................................... ١٠٢
نامەی ژمارە ٣٠:
نامەی شەریف پاشا بۆ پیشۆنی وەزیری کاروباری هەندەرانی فرانسا، ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢] .................................................... ١٠٤

www.zheen.org

**نامەی ژمارە ٣١:**
**نامەی شەریف پاشا و بۆغۆس نۆبار بۆ کلیمۆنسۆ، ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢]** ١٠٥

**نامەی ژمارە ٣٢:**
**نامەی سکرتاریەنی گشتیی کۆنفرەنسی ئاشتی بۆ کامێر، ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢] ..........................................................................** ١٠٦

**نامەی ژمارە ٣٣:**
**نامەی شەریف پاشا و بۆگۆس نۆبار و ئۆهان جیهانیان بۆ کلیمۆنسۆ- سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی-پاریس، ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان-قەوقاز ١١-١٢] .........** ١٠٧

**نامەی ژمارە ٣٤:**
**نامەی بۆگۆس نۆبار بۆ شەریف پاشا، ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢] .........** ١٠٩

**نامەی ژمارە ٣٥:**
**نامەی سکرتاریەنی گشتیی کۆنفرەنسی ئاشتی بۆ گووت، ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢] ..........................................................................** ١١٠

**ژمارە ٣٦:**
**نامەی شەریف پاشا بۆ کلیمۆنسۆ- سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی- پاریس، ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢] .......................................................** ١١١

**ژمارە ٣٧:**
**سێیەمین یادداشتنامەی شەریف پاشا بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی بالای کۆنفرەنسی ئاشتی- پاریس، ١ی ئاداری١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢] .................** ١١٤

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی ژمارە ٣٨:**

**تێلێگرامی شەریف پاشا بۆ مۆنتیکارلۆ، ٢٣ی نیسانی ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا** [FO: 371/5068] ......................... ١٢٢

**نامەی ژمارە ٣٩:**

**نامەی شەریف پاشا بۆ باڵوێزی بریتانیا لە پاریس، ٢٧ی نیسانی ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا**[FO: 371/5068] .............. ١٢٣

**نامەی ژمارە ٤٠:**

**نامەی سکرتاریەنی گشتیی کۆنفرەنسی ئاشتی بۆ گووت، ١٨ی ئایاری ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢]** ........................................................................ ١٢٤

**نامەی ژمارە ٤١:**

**نامەی شەریف پاشا بۆ ئا، میللێراند سەرۆکی ئەنجومەن و وەزیرانی هەندەران- پاریس، ١٥ی ئایاری ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١- ١٢]** ........................... ١٢٥

**نامەی ژمارە ٤٢:**

**نامەی شەریف پاشا بۆ مۆسۆلینی، سەرۆکی حکوومەتی شاهانانە و ئیمپراتۆری ئیتالیا- ڕۆما، ٢٧ی تەمووزی ١٩٤٢، ئەرشیڤخانەی ناوەندیی دەوڵەت- ئیتالیا -دۆسیەی ژمارە ٥٤١-٢٤٣، ١٩٢٢-٤٣ لە گۆواری** *Etudes kurdes*, n° 2- novembre 2000, pp. 67-68 ......... ١٢٦

**نامەی ژمارە ٤٣:**

**نامەی شەریف پاشا بۆ مۆسۆلینی، سەرۆکی حکوومەتی شاهانانە و ئیمپراتۆری ئیتالیا-ڕۆما، ١٦ی دیسامبەری ١٩٤٢، ئەرشیڤخانەی ناوەندیی دەوڵەت- ئیتالیا- دۆسیەی ژمارە ٥٤١-٢٤٣، ١٩٢٢-٤٣، لە گۆواری** *Etudes kurdes*, n° 2- novembre 2000 pp. 81-82 ......... ١٢٨

**(بەشی دووەم)**

**بەڵگەنامەی ژمارە ١:**

**یادداشتنامە لەبارەی پێشنیاری کورد، ١٦ی نۆڤەمبەری ١٩١٥، ئەرشیڤی**

بنکەی ژین
www.zheen.org

وەزارەتی دەرەوەی فرانسا *Guerres 1914-1918, Turquie, T 852, F.209* ١٣٣

بەڵگەنامەی ژمارە ٢:

ڕاپۆتی ژان–گووت لەبارەی سەردانیی شەریف پاشا بۆ وەزارەتی دەرەوەی فرانسا، ٢٦ ی دیسامبەری ١٩١٨، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [ دۆسیەی کوردستان– قەوقاز ١١– ١٢] ........................................ ١٣٤

بەڵگەنامەی ژمارە٣:

برووسکەنامەی کونسولی فرانسا لە بەسرە بۆ وەزارەتی هەندەران، ٣١ ی دیسامبەری ١٩١٨، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرانسا، ڤانسێن ١٣٥

بەڵگەنامەی ژمارە٤ :

برووسکەنامەی کونسولی فرانسا لە بەغدا بۆ وەزارەتی هەندەران، ١٤ ی نیسانی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرانسا، ڤانسێن .......... ١٣٦

بەڵگەنامەی ژمارە٥ :

برووسکەنامەی کونسولی فرانسا لە بەغدا بۆ وەزارەتی هەندەران، ١٤ ی نیسانی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرانسا، ڤانسێن .......... ١٣٨

بەڵگەنامەی ژمارە ٦:

ڕاپۆرتی دوفرانس کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرانسا لە ڕۆژهەلات بۆ ستیفێن پیشۆن، وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی فرانسا، ، ٢٩ ی نیسانی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [ دۆسیەی کوردستان– قەوقاز ١١– ١٢] ................................................... ١٣٩

بەڵگەنامەی ژمارە ٧:

نامەی وەزیری دەرەوەی فرانسا بۆ کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرانسا لە سووریا، ١٣(؟)ی نۆڤەمبەری ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا [ دۆسیەی کوردستان– قەوقاز ١١– ١٢] ........................................ ١٤١

دەقی ئەسڵیی نامە دیپلۆماتییەکان و بەڵگەنامە فرانسییەکان ........ ١٤٣

بیۆگرافیا ......................................................................... ٢١٤

ئیندێکسی ناوی کەس و شوێن .......................................... ٢٢٣

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# بەشی یەکەم

## تێکستی

## وەرگێڕاوی کوردیی

## نامە دیپلۆماتییەکان

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی یەکەم**

Villa Keifim،<br>
24، Boulvard de l'Ouest،<br>
Monte-Carlo

**٣١ی ژانڤیەی ١٩١٨**

**باڵوێزی بەڕێز،**

**بەگوێرەی تێلیگرامێك كە بەمزوانە لە لایەن هاوڕێیانی سیاسیم شازادە سەباحەددین و ڕەشید بەگی وەزیری پێشووی ناوخۆی کابینەی ئینگلیزخوازی کامیل پاشاوە بەدەستم گەیشتووە، کەمال مەدحەت کە ئێستە لە ژنێڤ دادەنیشێ فێل و تەڵەکەیەکی نوێی بە خەیاڵدا هاتووە بۆ پارە دزین، بەوەی لەم ماوەیەدا کۆمەڵەیەکی بە ناوی کۆمەڵەی "ئاشتی و ئازادی"یەوە دامەزراندووە.**

**من بە پەلەم بۆ ئەوەی ئەوە بخەمە بەر دیدەی جەنابی بەڕێزتان و بۆ زانیاری ئەوەی تایبەتە بەم مەسەلەیە کە ئێمە هیچ پێوەندییەکمان نە لەگەڵ ئەم کۆمەڵە خەیاڵییە و نە لەگەڵ مامۆستایەکانی کەمال مەدحەت و شەریکەکەی حەقی، بەڕێوەبەری پێشووی دارایی کۆنستانتینۆپل دا نییە. پێشینەکانی ئەم دوو کەسە، دەبێ لە لایەن دەسەڵاتکارانی کارامەی بریتانییەوە ئەوەندە ئاشکرا بن، کە من پێویستم بەوە نابێ بچمە سەر ئەم باسە ناخۆشە. من هەر تەنها بەوەندە دەستبەردار دەبم، ئەوە تێبینی بکەم بۆ جەنابی پایەبەرزتان کە ئەوانە لەسەر دوو پەت یاری دەکەن. ئەوانە لە خزمەتی ئەوانەدان کە زیاتر پارەیان دەدەنێ.**

**من ئەم دەرفەتە هەروا دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانی ئاگادار بکەمەوە، کە ئێمە هیچ پێوەندییەکمان بە دوو سەرەڕۆی دیکەشەوە نییە، صدقی بەگ کە ئێستە لە قاهیرە دەژی و ئیسماعیل گومیل ژینالی کە ئێستە لە سالۆنیك دەژی، ئەوانە تاقە خەمیان وەکوو ئەسعەد پاشا هەر قاچاندنەوەی پارەیە، بەوەی پڕۆژەگەلی نیشتیمانی پێشکەش دەکەن کە جێبەجێکردنەکەی هەر تەنها لە خەیاڵی خۆیاندا دەمینێتەوە. صدقی بەگ و ئیسماعیل گومیول ژینالی بیرتەسك و**

خوێنرێـژ و هــەروەها مەترسـیدار و شوومیـشن بـۆ تورکیـای دواڕۆژ و ئەنـدامی ستەمکاری ئیتتیحاد و تەرەققین.

مـن لـە سـینۆری بـەڕێزتان دەپاڕێمـەوە، دەربـڕینی حورمـەتی بـەرزم قـەبووڵ بفەرموون.

**(ئیمزا) شەریف**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی دووەم**

**(کۆپی)**

**مۆنتی-کارلۆ، ٦ ی حوزەیرانی ١٩١٨**

**باڵوێزی بەڕێز،**

**نوقمی ناو تەنیایی خانەنشینی کە من بە ویستی خۆم هەڵمبژاردووە، دوای بێهیوابوونم لەوەی وا بتوانم لە ماوەی ئەم جەنگەماڵوێرانکارەدا خزمەتی ئینگلستان و فرانسا بکەم، کە من وەفادارانە سەرگەرمی پرسەکە بووم. شەرەفی ئەوەم هەیە بەوەی ئەو پەیامە بەخشندەییە تەلەفۆنییەی جەنابی سینۆرتانم پێگەیشت کە بانگهێشتی کردم بۆ ئەوەی بچم لە مارسیلیا چاوپێکەوتن لەگەڵ ژێنێراڵ سێر پێرسی کۆکس دا بکەم. من ئەو چوونەم لە دەست نەدا.**

**من تەواو خۆشنوود بووم بەوەی کە لەگەڵ ئەودا لەسەر کاروبارەکانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و لەسەر ئەوەی بە شێوەیەکی تایبەتی پێوەندن بە نەتەوەکەم و کوردستان، لانکەی خێزانەکەم لە لایەنی باوك و دایکمەوە، باس و خواسمان کرد.**

**پێم وایە ئەرکی منە کەوا بۆ جەنابی سینۆرتان ئەو وتوێژەتان بۆ کورت بکەمەوە کە لەگەڵ سەرۆکی سیاسیی بریتانی لە میزوپۆتامیا هەمبوو.**

**من بە شێوەیەکی زۆر تایبەتی دڵشاد بووم بەوەی کە کاتی چاوپێکەوتنم لە مارسیلیا تێبینی ئەوەم کرد کەوا سیاسەتی نایابی بریتانیا بێخەوش ماوەتەوە وەك چۆن هەمیشە لەناو هەمان ئەو پرەنسیپە ترادسیۆنانە سەقامگرتوانەدا وام زەن کردووە، بەوەی ئەو هەرێمانەی کە ئینگلستان داگیری کردوون، نەیویستووە بە خۆیەوەیان بلکێنێ، بەڵکوو خەمی گەورەی چەسپاندنی ئازادی و دادپەروەری بووە کە هەموو گەلانی ڕۆژهەڵات بەتاسەوە تینوون بۆی.**

**من بە تایبەت بە خۆشییەوە کاریگەر بووم بەوەی تێبینیم کرد کەوا کورد لە پرەنسیپە ئینسانییەکانی کۆمەڵەی گەلان بێبەش ناکرێ کە ڕاشکاوانە هاوپەیمانەکان سۆزیان بە هەموو گەلانی چەوساوە داوە بۆ ئەوەی سەربەخۆیی نەتەوەیی‌یان لەسەر بنەمای دادپەروەری و ئازادی پێببەخشن.**

ڕاستیەکەی پێکهاتەی کورد لە هەرێمە عوسمانییەکاندا کە ئەرمەنییەکانیشی تێدا دەژین و هەروەها لە میزۆپۆتامیا کورد گەورەترین زۆرینەن. لەبەرژەوەندی ئەرمەنیەکان خۆیاندا و بۆ ئەوەی بتوانرێ بە شێوەیەکی سوودمەندانە لە قازانجی ئەواندا بێت کە پرەنسیپەکانی نەتەوەکان جێبەجێبکرێ، ئەوا حەتمەن دەبێ نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ کوردەکان دروست بکرێ.

سەربەخۆیی ئەرمەنستان ناتوانێ لە ئەماندا بژی، تەنها ئەگەر ئەرمەنییەکان لەوێدا نەبنە زۆرینە. بە دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ زۆینەی زۆری کوردەکانی دەوروبەر ئەوە دەرفەتە لەدەست نادەن کە بگەڕێنەوە ناو وڵاتەکەیان، سەربەخۆ، نەتەوەیی و هاوڕەگەز کە زەوی‌و زارەکانی بە شێوەیەکی دیکە زۆر بە پیتترن لەوەی لای دیکەی تۆرۆس.

دوای هەرسهێنانی ترسناکی ڕووسیا، ئەڵمانیا هێندەی نەبرد بەشێکی لێ چنیەوە و هاوسەنگی ئاسیای بە قازانجی خۆی شێواند.

بۆ بەزوویی خۆ وەدوورگرتن لەم ڕەوشە، بڵێی لە بەرژەوەندی سەرەکی بریتانیای فەخیمەدا نەبێ بۆ ئەوەی هەر لە ئێستەوە بۆ ڕاگرتنی تەرازووی ئەم لاسەنگییە چەند کۆمەڵەیەکی هاویەك دروست بکات و لە هەمان کاتیشدا بۆ ڕێگەگرتن لە پەتای ترسناکی بیری یۆتۆپیانەی بۆلشەویکەکان.

ئەڵمانیا بەردەوامە لەوەی لە ڕووسیا چەند ئەمری واقیعێك دروست بکات بۆ ئەوەی لە کۆنفرانسی ئاشتی دا خۆیان بخەنە ڕوو و لەگەڵ پێشتر بڕیارەوەرگرتنی ئەوەی بەگوێرەی ئامانجە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی قەبووڵ بکرێن. کەوایە وریایی بۆ ئینگلستان ئەوەیە کە بە زوویی هەنگاوی هاوچەشنە بنێ بۆ بەرەوڕووبوونەوەی بانگاشەکانی ئەڵمانیا و چاکتر سەقامگیرکردنی هاوسەنگیی لە ئاسیادا. هەمیشە چالاك بە ئارەزوویێکی بەتین بۆ خزمەتکردنی پرسی دادپەروەری جیهانی، دوو دڵ نەبووم لەوەی بە ژێنێراڵ سێر پێرسی کۆکس ڕابگەیەنم کە من ئەو پێشکەشکردنی خزمەتەی وا لە نامەی ٢٣ی نۆڤەمبەری ١٩١٤*دا ئاڕاستەی حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانیم کردووە، دەپارێزم.

---

* زۆر بەداخەوە ئەم نامە گرینگە کە –ڕەنگە– یەکەمین نامەی دیپلۆماسی کوردیی شەریف پاشا بووبێت، تا ئێستە لەبەردەست نییە و ئێمە نەمانتوانی ئەم نامەیە بدۆزینەوە، بەو هیوایەی نامەکە نەفەوتابێ و ڕۆژێك بدۆزرێتەوە. وەرگێڕ.

-٢-

پێم وایە دەبێ ئەوە زێدە بکەم کە لە گفتوگۆیەکەمدا لەگەڵ سێر پێرسی کۆکس، پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکێك بۆ کوردستانی سەربەخۆ لایەنی هەرە ئاڵۆز بوو بەهۆی ئەو ناکۆکییە کەونارایەوەی وا لەنێوان هۆزە هەچەشنەکاندا هەیە کە نەتەوەی کورد پێك دەهێنن. ئەگەر هەڵبژاردنی سەرۆکی ئیشارەت بۆکراو بۆ بڕیاردانی گەل لێ بگەڕێین، ئەوا بەشوێن ئەو فرە کاندیداتانەی کە لەلایەن هەموو ئەو هۆزانەوە پێشکەش دەکرێن کە ئەمڕۆ هەن، پشێوی زۆری لێوە پەیدا دەبێ، کە ئەمە دواجار دەرفەتی ئەوە خۆش دەکات دووبەرەکی لەنێوان هۆزەکاندا زیاد بکات، بێ ئەوەی ئەنجامێکی خواستراوی لێوە بەردەست کەوێت.

هەر هۆزێك سەرۆکی خۆی بالاتر لەوانی دیکە دەبینێ و لە ئەنجامدا هۆزەکە نایەوێ بچێتە ژێر باری دەسەلاتی سەرۆکێکی دیکە کە ڕکێفی لە دەستی هۆزێکی دیکەدا بێت.

بۆ خۆوەدوورگرتن لەم کۆسپە، وریایی ئەوەیە ڕاستەوخۆ سەرۆکێك کە سەر بە نەتەوەی کورد بێت و ڕابوردوویەکی سیاسیی هەبێت و لە ئیمپراتۆریای [عوسمانیدا] پۆستێکی بەرزی هەبووبێ و بە تایبەتی لە دەرەوەی ناکۆکی و دەسیسە ناوخۆییەکان بووبێ. بێلایەنییەکەی متمانە بە گەل دەبەخشێ بۆ بێ تەرەفیی بەڕێوەبەرایەتییەکەی و ڕێزگرتن لە دەسەلاتەکەی، ئاگادار لەوەی کە لەژێر دەسەلات، بەرزی حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانی هاتووە و بەهرە لە متمانەی تەواو و هێزی هەیبەتی حکوومەتی خاوەندشکۆ وەردەگرێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەوەی هێندە بێ بایەخ نییە، ئەوەیە کەوا ئەرکی سەرۆك زۆر سەخت دەبێت، بە تایبەت لە سەرەتادا، دەبێ خاوەنی شارەزایی سیاسی، بەڕێوەبەری، هەتا شارەزاییەکی سەربازیی تەواویشی هەبێت، بۆ ئەوەی حکوومەتەکەی بە دوا مەنزڵ بگەیەنێ و بەوەی سیاسەتی حکوومەتەکەی لەگەڵ سیاسەتی بریتانیای فەخیمەدا هاوجووت بێت.

لە ناو جۆش و خرۆشێکی بەتیندا بۆ ئەوەی نەتەوەکەم لە مەترسیی پاشاگەردانی بپارێزم، مەترسییەك کە دەیخاتە ناو وێرانبوونێکی تەواو، من بە خۆشنوودییەوە خۆم تەرخان دەکەم بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتێکی قورسی ئەرکێکی

ئاوەها لە ئەستۆ بگرم، ئەگەر حکوومەتی خاوەند شکۆی بریتانی بیەوێ ئەوە شەرەفەم پێببەخشێ متمانەی تەواوەتیم پێبەخشێ کە من پێم وایە بە تەواوی بە هۆی پابەندبوونی توندم بە سیاسەتی ترادسیۆنانە و کۆنینەی حکوومەتی خاوەندشکۆوە، شایستە بم.

بە لوتفەوە ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی دەربڕینی لەڕادەبەدەری خۆم پێشکەش بە جەنابی سینۆرتان بکەم.

(ئیمزا)

شەریف

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی سێیەم**

**پاریس، ١٥ ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨**
20, Avenue de Messine, VIII$^{e}$

**(کۆپی)**
**بۆ جەنابی بەڕێز لۆرد دەربی*، باڵوێزی خاوەندشکۆی بریتانی لە پاریس**

**باڵوێزی بەڕێز،**

**بێ کۆتایی منەتباری ئێوە دەبم ئەگەر بفەرموون ئەم ڕاگەیەندراوەم کە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا ناردووە، لەبەر بە پەلەیی ئەو بابەتەی کە تێیدا باسم کردووە بە کابلۆگرام** بیگەننە دەست سێر پێرسی کۆکس.**

**من تەواو خۆشنوود بووم بەو پێشوازییەی کە سەروەری بەڕێزتان ئەو ڕۆژە لێتان کردم و بەو هیوایەی کە سەروەرتان لە یەکێك لەم ڕۆژانەدا بە دووروودرێژی چاوپێکەوتنمان بکات، بۆ ئەوەی لەسەر بابەت گەلێگ قسە بکەم کە بەشێوەیەکی تایبەتی جێگەی بایەخی حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانی دەبێ و بە لوتفەوە ئەم هەلە دەقۆزمەوە تا دەربڕینی زۆر بەرزی ڕێزلێنانی خۆمتان پێشکەش بکەم.**

**(ئیمزا)**
**شەریف**

---

Lord Derby *
** **کابلۆگرام** cablogramme: **برووسکە، تەلگراف، وەرگێڕ.**

**نامەی چوارەم**

(کۆپی)

**پاریس، ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨**

20, Avenue de Messine

**بۆ سێر پێرسی کۆکس لە میزۆپۆتامیا**

**لەوەتی دوا چاوپێککەوتنمانەوە لە مارسیلیا، چەندین ڕووداوی نوێ سەریانهەڵداوە و ئێستە ئێمە لەدوای تاوانەکانی سەرکردە گەنجە–تورکەکان کەوتووینەتە ناو قۆناغێکی نوێی ستراتیژیك و سیاسی.**

**ئەو ڕق و کینەیەی کە ئەرمەنییەکان و کوردەکان لە یەك جیا دەکاتەوە، لە دەورانی ڕژێمی حەمیدییە و هەروەها لە دەورانی کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەققیدا، لە سۆنگەی دەسیسەی تەواو سیاسییەوە سەرچاوە دەگرن و بە هیچ کلۆجێ سۆنگەی ئایینی و نەتەوەییان نییە.**

**ئەمڕۆ هەردوو نەتەوە کە بەزۆر ناچار کراون لە تاقە یەك ناوچەدا بژین، وا پێویست دەکات ئاشت بکرێنەوە، موسڵمانەکان کە زۆرینەی ڕەها پێك دەهێنن و ئەرمەنییەکان ئەوانەی کە ماف هاویەکیان هەیە، کەمینەیەکی بەرچاون. بۆ پێداگرتنم لە سەر هەقی هاونیشتمانییەکانم و بە هەمان شێوە لەسەر ماف ئەرمەنییەکان، چ لەلایەن چ نوێنەرەکانی ئەوان و چ حکوومەتەکانی بریتانیا و فرانساوە، من باوەش بۆ وەدیهێنانی بناغەکانی ئاشتبوونەوە و ڕێککەوتن دەکەمەوە لە ستاتووی نەتەوەیی دواڕۆژیاندا. بۆ ئەوەی هەوڵدانەکەم بە چاکی بە ئەنجام بگەیەنم، پێویستە دەستەوجێ کۆمیتەیەك لە پاریس و لەندەن پێکەوە بنرێ.**

**جا ئەگەر ئێوە لە سۆنگەی بێ کاتی نەتانتوانی بە پەلە چەند ئالیکارێکم بۆ ڕەوانە بکەن، من تا ئەو کات ئۆفیسەکانی خۆم لە لەندەن و پاریس تەرخان دەکەم بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییە زۆر گرینگ و ڕەوایەکانی هاونیشتمانیان و هاوئایینەکانم. کۆمیتەی ناوەندی کە دەبێ دەستەوجێ لەژێر چاودێریی حکوومەتی**

خاوەندشكۆی بریتانی سەرەتا لە میزۆپۆتامیا و دواتر لە كوردستان پێك بێ، دەتوانێ لەمبارەیەوە لە ڕێنوێنیەكانی و دەسەڵاتی تەواوی خۆی خەبەردارم بكاتەوە.

(ئیمزا)
شەریف

بنكەی ژین
www.zheen.org

## نامەی پێنجەم

**پاریس، ٧ ی نۆڤەمبەری ١٩١٨**
20, Avenue de Messine

**بۆ جەنابی بەڕێز لۆرد ڕۆبێرت سێسیل*—لەندەن**

**لۆردەکەم،**

**شەرەفی ئەوەم هەیە بۆ ئاگاداری سێنۆرتان چەند لێکدانەوەیەکی وا بە مێشکمدا هاتووە، بۆ تاوتێکردن پێتان ڕابگەیەنم کە جەنابتان حوکم لەسەر ئەوە دەدەن کەوا لە بەرژەوەندی هەردوو وڵاتماندا بکرێن. بەگوێرەی من بە هەمان شێوە لە بەرژەوەندی ڕۆژهەڵات و مرۆڤایەتی و ئاشتیی دواڕۆژیشدا دەبێت.**

**گەنجە تورکەکان خۆیان وا بینیوەتەوە کە ناچار بن پەنا ببەنە بەر تەڵەکەیەکی نوێ بۆ سەرلەنوێ فریودانی ڕاوێژکار (سەرۆك کۆمارەکانی) هاوپەیمانەکان بەوەی بڕوایان پێ بیەنن کە ئەوەی لە کۆنستانتینۆپل ڕوویدا، گۆڕینکارییێکی سیاسی بوو. دوای هەرەسهێنانی بولگارستان، تەڵعەت پاشا، وای دەبینی نۆرەی هەرەسهێنانی تورکیاش هاتووە و باوەڕیشی وابوو وریایی لەوەدایە خۆی لە شانۆی ڕووداوەکان بکێشێتەوە، بۆ ئەوەی جڵەوی حکوومەتی نهێنی بەدەستەوە بگرێ، بەوەی بە ڕەسمیی ژێنێرال عیزەت پاشای ئەڵمانخوازی ناسراو جێگەی بگرێتەوە کە سەر بەدووەم ڕیزبەندی جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەققییە، وەك ئالیکارە سەرسەخت و وەحشیەکانی ئیتتیحادییەکانی وەك فەتحی بەگ، فەخری بەگ، جەواد بەگ و ڕەئووف بەگ ... هتد.**

**ئەوە تەواو جێگەی داخە کەوا هاوپەیمانەکان هەل و مەرجەکانی ئاگربەسیان لەگەڵ سەرەڕۆ تاوانکارەکان کە حکوومەتی ڕەسمیی تورکیا پێك دەهێنن، مۆر کرد. لە پەنای ئەم حکوومەتەوە سەرۆك گەلێکی شاراوە هەن، کە بۆ حسابی حکوومەت کار دەکەن.**

---

* Lord Robert CECIL

به دەست کردن بە وتووێژ لەگەڵ ئەم کۆمەڵە جینایەتکارە کە لەوەتای دەساڵ دەبێ هەر سەروت و سامان دخەنە سەر یەك، ئێوە پێتان وا نییە کەوا هاوپەیمانەکان بیچمێکی خراپ نیشان دەدەن لەبەرامبەر هەموو عوسمانییەکان بە بێ جیاوازی ڕەگەز کە ئەوان ئەوەندە تالآوی ئەو حکوومەتە نەفرەتلێکراوەیان چەشتووە؟

بۆ هێنانە کایەی عەدالەت و پرەنسیپەکانی یاسا، دەبێ سەرەتا دەست بکرێ بە جیاکردنەوەی بەرپرسیاریەتییەکان لەوانەی کە ڕێزیان لە یاسا نەگرتووە؟ تاوانەکانی ئەڵمانیا، بوڵگارستان و کوژرانی چەند سەد سەربازێکی فرانسی لە شەقامەکانی ئەسینا دەخەنە پاڵ بنەماڵەی هۆهێنزۆلێرن*، پاشا فیردیناد** و پاشا کۆنستانتین***، لە کاتێکدا ئەوانەی لە کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەققیدا ناسراو بوون، لە بەرامبەر نەتەوەی عوسمانییدا کەمتر تاوانبارتر نەبوون. ئەم کۆمەڵە شوومەیە [ئیتتیحاد و تەرەققی، وەرگێڕ] بەردەوام بوو لەوەی تاوانی هەرە قێزەون بەرامبەر بە عوسمانییە لیبرالەکان، لایەنگیرانی ئینگلستان و فرانسا لە دژی درووزەکان، ئەلبانییەکان، عەرەبەکان و ئەرمەنییەکان بکات. یەکێك لەو تاوانانەی کە کەمتر تۆقێنەرتر نین، ئایا ئەوە نییە کە بە فێل و تەڵەکە تورکیایان خستە ناو جەنگێك لەگەڵ ئیمپراتۆریا ناوەندەکان، بەوە ترسناکترین ئاستەنگیان بۆ هاوپەیمانەکان دروست کرد، هەر بۆ ئەوەی تینوێتیی خۆیان لە دەسەڵاتگیری و لە ژێری ئەڵمان تێر بکەن؟

ئەوەی مایەی تووڕەبوونە، ئەوەیە کە لەوە نەگەیشتین بۆچی لە ماددەی چوارەمی ئاگربەسدا لەگەڵ تورکیا، ئەو عوسمانیانەی وا لەسەر پرسی ئینگلستان و فرانسا ملهوڕانە زیندانی کرابوون و شەرمهێنەرانە ئەشکەنجە دراون، کەچی هەر داوای ئازادکردنیشیان نەکراوە.

پێم وایە دەبێ بە دەنگی بەرز ئەوە ڕابگەیەنرێ کەوا تورکیا ئارامی و ئاسایش بەخۆیەوە نابینێ، تاوەکوو کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەققی بمێنێ و تاوەکوو مۆنتالیتەی شوومی لە وڵات قەڵاچۆ نەکرێ، واتە کردەی هێز دژ بە بێهێزەکان لە

---

* Hohenzollern

** Ferdinand

*** Constantin

بەرامبەر بە گەل بە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی و دادپەروەری و پرەنسیپەکانی بەڕێز سەرۆك ویلسن، کەوایە هاوپەیمانەکان لە ڕووی ئەخلاقییەوە بەرپرسیارن وەك چۆن کاتی خۆی گەنجە-تورکەکانیان دنە دەدا، وێڕای ئەوەی کە من نۆ ساڵ دەبێ ڕووی ڕاستەقینەیانم پناساندوون.

بۆ ئەوەی ئاشتی باڵ بەسەر تورکیادا بکێشێ، دابەشکردنێکی عادیلانەی خاکەکەی دەبێ بە گوێرەی زۆرینەی ئەو نەتەوانەی وا، لە تورکیادان دابەش بکرێ، ئەمەش تەواو بە ڕێزگرتن لە مافە یەکسانەکانی کەمینە نەتەوەییەکان. ئاشتەوایکردنەوەی گشتی دەبێ لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی وڵاتدا بکرێ و دەبێ متمانەی ڕەها لەسەر بنەمای یەکسانی لەنێوان هەمواندا لەسەر بنچینەی ماف و ئەرکەکان بچەسپێ.

بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە ساغڵەمە، دەبێ پێش هەموو شتێك بە شێوەیەکی زۆر توند بەرپرسانی کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەققی، تاقە بەرپرسیاری وێرانبوونی ئیمپراتۆریای عوسمانی و هەموو ئەو تاوانە هەمەچەشنانەی کە لە دەورانی ئەواندا لە تورکیا کراون، سزا بدرێن. بەم شێوەیە گەلی عوسمانی بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و ئایین هەناسەی متمانە و ئاسایش دەدات. بەم شێوەیە سوڵتان چیتر کۆیلەی باندێکی سەرەڕۆی تاوانکار نابێت و دەتوانێ بە ئازادی پیاوانی دەوڵەت هەڵبژێرێ. هۆشیار بەرامبەر بەو مەترسییەی کە لەژێر دەسەڵاتی شاراوەی ئەم بەرپرسانەی ئێستەیدا هەمیشە یاخی دەبێ بۆ ڕیفۆم، بۆ ئازادی و بۆ دادپەروەری کە هەموو خەڵك تینوویەتی. بەم شێوەیە سوڵتان گەرەنتی دەورانێکی نوێ و بووژاندنەوەی وڵات دەکات.

لۆردەکەم، تکایە ڕێزلێنانی زۆر بەرزم قەبووڵ بفەرموون.

(ئیمزا)

ژێنێرال شەریف پاشا

www.zheen.org

## نامەی شەشەم

پاریس، ٣٠ ی نۆڤەمبەری ١٩١٨
20, Avenue de Messine, VIIIe
Wagram 93-21

هاوڕێ بەڕێزەکەم،

بە خۆشی و شادییەکی مژدەبەخشەوە بە تێبینیکردنی مۆری ئێوە بەسەر برووسکەنامەی ژمارە 44-188-866W وە، بە بوونی ئێوەم زانی لە وەزارەتی دەرەوە*.

من هێندە زیاتر دڵشاد بووم بەو ڕێککەوتەی کە ئێوەمانان خۆتان ئیشارەتتان بەوە داوە بۆ پشتگیریکردنی ئەو هەوڵەی کە من لەلایەن حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانیاوە بە دەستپێشخەری میهرەبانانەی لۆرد دەربی** داومە. داوایەکەم زۆر سادەیە و تەنها ئەوەیە دان بە هەستی ئینگلیزخواییم و خۆبەستنەوەی توند و تۆڵم بە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتیانەی حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانی دابنێن بەوەی باوەڕم پێبدەن و پشتگیریی تەواو مەعنەوییم لێ بکەن لە حاڵێکدا ئەگەر خاوەند شکۆی سوڵتان خۆی فەرمووی بانگەواز بۆ نیشتمانپەروەریم بکات بۆ هاریکاریکردن لە هەستانەوەی نیشتمانە کڵۆلەکەم و ڕزگاربوون لەو کارەساتەی کە ماوەی دەساڵان کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەققی دڵڕەقانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون و ڕیشەکێشکردنی ئەو مۆنتالیتە شوومەی کە چاندوویەتی.

من تەواو قەناعەتم بەوەیە کە بۆ ئەنجامدانی گەیاندنی ئەگەری ئەو هەوڵەی کە بە من دەسپێردرێ، پێویستیم بە هاوپشتی مەعنەوی حکوومەتی ئێوە دەبێت و وەك چۆن لەگەڵ خۆم بڕیارم داوە کەمترین خەرجی قەبووڵ نەکەم، بە جۆرێك کە من لە پێشدا قەناعەتم لا پەیدا بووە بۆ وڵاتەکەم سوودمەند دەبم، ئەوە هەر لەبەر ئەوەیە کە من داوکاری گەرەنتی میهرەبانانەی نوێنەرەکەتم لە پاریس، هەتا ئەگەر بە قسەش

* Foreign Office
** Derby

بێت، هەروەها داواکارم ڕێگەم بدەن لەسەر حسابی خۆم بچمە کۆنستانتینۆپل، سکرتێری تایبەتییم مێجەر غالیب بەگ، بە سایەی ئەوەوەیە کە پێوەندیی ڕاستەوخۆم دەبێت لەگەڵ بندەستەکانم و لە هەموو شتێك ئاگادار دەبم کە لەوێدا ڕوودەدات و لە کاتی پێویستیشدا حکوومەتی بریتانی ئاگادار دەکەمەوە. ئێوە دەزانن لە هەموو شوێنێکدا و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات، ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن خەڵکی وڵاتەکە کۆ دەکرێنەوە، ڕاستتر و ووردترن و ئێوە پێتان وانییە بەشوێنداچوونی ئەم زانیاریانە لە بەرژەوەندی هاوبەشماندا بێت.

جا ئەگەر لە لەندەن پێویستیان بە لێکدانەوەی زیاتر بوو لە بارەی پێشهاتەکانەوە، ئەوا من بە تەواوی لە خزمەتتاندام و بە هەمان شێوە دەرفەتیشم بۆ دەرەخسیٚ تا دوای ئەو چەندین ساڵانە بتانبینمەوە.

ئێوە دەزانن کە من ئینگلیزخواییم نە بۆ بەرژەوەندییە و نە تازەشە، ئێوە لە کاتی کارکردندا منتان لە کونستانتینۆپل بینی. لە لایەکی دیکەوە، من ئەم هەستی ئینگلیزخواییەم لە باوکی خوالێخۆشبوومەوە سەعید پاشا بۆ ماوەتەوە کە ئەو هێندە جێگەی ستایشی ئێوە بوو. وەختایەك لە ڕۆما چاوم بە لۆرد کوری* کەوت، هاوڕێی بەڕێزمان پێی گوتم خۆشحاڵە بە دوورکەوتنەوەم لە کۆنستانتینۆپل، چونکە بوونی من بۆ ئەو هەمیشە سەرچاوەی نیگەرانی بوو. ئەو چەند جارێك ئەوەشی دووپات کردەوە کەوا زیاد لە چەند جارێك لە شەودا بە ڕاچڵەکینەوە خەبەری بۆتەوە و پێی وابووە لە باڵوێزخانە هەڵاتووم، یاوەکوو لەلایەن چەتە نهێنییەکانی عەبدولحەمیدەوە لە سۆنگەی هەست و نەستی ئینگلیزخوایی و لیبراڵانەم ڕاونراوم.

هاوڕیٚ بەڕێزەکەم، هەست و نەستی لە هەمووان پاکتری ڕێز لێگرتوانەم قەبووڵ بفەرموون.

(ئیمزا) شەریف

---

* Currie

**نامەی حەوتەم**

**پاریس، ٦ی شوباتی ١٩١٩**

**یادداشتنامە لەبارەی داخوازینامەکانی کوردەوە**

**کێشەکانی ئەرمەن دەبێ بەمزوانە لە بەردەم کۆنفرەنسی ئاشتیدا تاوتوێ بکرێن و بەرژەوەندییەکانی کوردیش لە پاریس هیچ بەرگریکارێکی لێهاتووی نییە جگە لە من نەبێ کە من لە باوکمەوە، خوالێخۆشبوو، سەعید پاشای سلێمانی و دایکم کە کچی ڕەحمەتی ماریشال شەریف پاشایە ئەویش کوردە،. کوردم. من پێم وایە ئەوە ئەرکی منە کە داخوازینامە نەتەوەییەکانی نەتەوەکەم بخەمە بەردەم ئەنجومەنی بالای هاوبەشیی هاوپەیمانەکان. کوردەکان نەك هەر تەنیا زۆرینەیەکی گەورە پێك دەهێنن لەو دەر و ناوچانەی وا ئەرمەنیەکانی تێدا دەژین، بەلکوو هێشتا هەژموونی (کورد) مافی ئەوە بە کورد دەدات کە لەم بارەیەوە داوای بەشوێنداچوونێکی هەرە ورد بکات. لەو لای دیکەوە لە ناوەندە بەنفوزە کوردییەکاندا چ لە کۆنستانتینۆپل و چ لە وڵات و ناو زینیدانیانی جەنگ کە لە هیندستانی ناوەڕاستدا دەژین، هەموو لایەك چاوەڕوانی ئەوە لە من دەکەن کەوا داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەم* بکەم و من لە بەرامبەر ئارەزووی ئەوانەدا نەمتوانی تەنها مل کەچ بکەم بۆ ئەوەی ئەوەندەی بۆم بکرێ شێلگیرانە داکۆکی لە کێشەکەیان بکەم، ئەمەیش لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتیش دایە.**

**ئەگەر سەربەخۆییێکی سیاسی لە کاتی کۆنفرەنسی ئاشتی بەخشرایە ئەرمەنەکان و عەرەبەکانی تورکیا، ئەوا بێگومان هەق وایە کەوا هاوپەیمانەکان بە جیدی ڕەچاوی ئەو گرۆ پێکەوە هاوبەندە بکەن کە توخمی کورد پێك دەهێنێ و ناسیۆنالیتەکەی حاشاهەڵنەگرە.**

---

* هەرچەندە شەریف پاشا لێرەدا وشەی race کە بە واتەی (ڕەگەز) دێ بەکارهێناوە، بەڵام ئەم وشەیە لەو سەردەمانەدا زیاتر بە مانای نەتەوە، گەل یاوەکوو زیاتر بە مانای ئیتنی ئەمڕۆ بەکاردەهات، بۆیە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم ڕاستییە ڕادەکێشین، وەرگێڕ.

ئەو پرەنسیپەی نەتەوەکان کە لەناو هەستێکی دادپەروەری داوای دەکەین نیشانەیەکی دووربینیی سیاسیی دووری بەڕێز سەرۆك ویلسنە، ئەو هیوایەی بە کوردەکان بەخشی کە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان پارێزراو دەبێت بەناوی هەمان پرەنسیپی دادپەروەری و ئاشتییی دواڕۆژ. کەوایە ناشیٚ گومان لەوە بکریٚ کە لە کاتی کۆنفرەنسی ئاشتی، سەربەخۆییێکی سیاسیی هەر هیچ نەبێت بە قەد ئەوەی ئەرمینیا و عەرەبستان بە کوردستانیش نەبەخشریٚ.

ئەگەر دەیانەویٚ پرەنسیپەکانی نەتەوەکان بەشێوەیەکی سوود بەخش بە قازانجی ئەرمەنەکان پیادە بکریٚ، ئەوا بەسودە ڕەوشی زیندووی داخوازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەرجەستە بکریٚ کە دەبێتە هاوسێیەکی سروشتی. لێرەدا یەك لەبەرچاوگرتنی پێشدەست خۆی دەهێنێتە پێشەوە. دەوڵەمەندیی نەتەوەیی لای کورد بە ڕوویێکی تایبەت مەردارییە کە لە سۆنگەی ئاووهەواوە پێویستی بە لەوەڕگایەکی هاوینانە و لەوەڕگایەکی زستانانە هەیە. ئەگەر یەکێك لەم لەوەرگایانە لەو دیو سنوورەکانی دواڕۆژەوە دیاری بکرێت و بمێنێتەوە، گەلەکەی لە ماوەیەکی کەمدا تووشی کلۆڵی دەبن.

بۆ ئەم هۆ بنەڕەتییە، دەبیٚ ئەم پێداویستییە ڕەهایە وەکوو لەبەرچاوگرتنە ئیتنیکییەکان یا مێژووییەکان تەماشا بکریٚ. ئەگەر گەلی کورد لەم سەرچاوانەی دەوڵەمەندی بێبەش کرا، ئەوا هیچ چاری نابیٚ دەبیٚ بەدوای قەرەبووکردنەوەدا بگەڕیٚ لە ناو وڵاتە هاوسنوورەکان بە ملنانە ناو تالان و برۆیی و ئەمەش دەبێتە هۆی ناڕەحەتی بۆ دەوڵەتە هاوسێییەکان.

لە ناو هەموو گەلانی ئاسیا، کورد ئەو گەلەیە کە دەتوانیٚ لە ڕیزی یەکەمدا وڵاتێکی بەربەست (تامپۆن) بیٚ بۆ ڕێگەبەستن لە تەشەنەکردنی بۆڵشەویکی، چونکە ئەوەی شایانی سەرنجدانە ئەوەیە کە ئەرمەنەکان تەواو ئالوودەی ئەم بیروڕا ترسناکە بوون کە لە سۆنگەی ناکۆکی لەنێوان پارتە سیاسییەکان و دوژمنکارییەکانی کۆمیتە شۆڕشگێرەکانیانەوە، هەرگیز نابنە ڕەوشێك کە هەمان گەرەنتی بە هاوسێییەکانیان بدەن. ئەم بیروڕا بۆڵشەویکیانە بە شێوەیەکی ترسناك بەتاو خۆیان خزاندۆتە ناو ئەرمەنەکان و هیچ بەربەستێك نییە بتوانیٚ بەری ئەم پەتا ترسناکە بگریٚ.

بۆ ئەوەی کوردستان بتوانیّ بژی و خۆی بۆ گەشەپێدانی ئابووری خۆی تەرخان بکات، شارستانیەتێکی مۆدێرن پەیڕەو بکات و واز لە ژیانی کۆچەری بهێنیّ، دەبیّ لە ویلایەتەکانی دیاربەکر، خارپووت، بدلیس، مووسڵ و سەنجاقی ئورفە پێك بێت.

تۆ بڵێ هیچ سنوورێکی سروشتی هێندەی ڕووبارێك، یا هەتا جۆبارێك و چەند چیاییێك هەبیّ. دەبیّ لە خراپترین باردا، هێڵێکی کێشراوی سنووری تەواو دیاریکراو بۆ کوردستان بکێشریّ، کە هەموو ئەو چیایانە بگرێتەوە کە کورد لەوەڕگەی هاوینانەی تێدا هەن و هێڵێکی سنوور لە بیست کیلۆمەترێك لە کۆشلیکان، کەلیّ-کۆران لەسەر ڕووباری زەی، باشقەلا، ڤۆستان، کیندرانت، ئەخلات و لە کۆپەوە بگاتەوە موراد سوو و لەوێشەوە بە شوێن فوراتی ڕۆژهەلات، موراد چای و فورات بە مانای تەواوی وشەکە دا بچیّ بۆ کوردستان، کەناری چەپی ئەم ڕووبارانە تاوەکوو هانا و لە هێڵی ڕاستەوە دەگاتەوە تکریت، ئەو شارەی کە سەلاحەددینی شکۆمەندی کوردستانی تێدا لە دایك بووە و لە باشووری سنووری ئێران پیّ بەپێی جەبەل حەمرین و دیالە بە نێوان کفری و خانەقی دا دەڕوات.

بەلام مەبەست لەوە ئەوەیە کەوا کوردستانێکی ناتەواو دروست بکریّ لەژێر فشاری هەلومەرجی تەواو لاگر بۆ ئەرمەنییەکان کە هاوسۆزیی ڕۆژئاوایان لە پشتە، چونکە ئەگەر بویستریّ بە عەدالەتەوە پرەنسیپەکانی ماف نەتەوەکان جێبەجیّ بکریّ، ئەوا ئەو دەرو وڵاتانەی کە کورد تێیاندا زۆرینەیە بێگومان زۆر دوور لە باشوور-ڕۆژهەلات و باکووری- ڕۆژئاوا درێژتر دەبێتەوە و بەشێکی چاکی ویلایەتی ئەرزڕۆم و کوردستانی ئێرانیش دەگرێتەوە. دەرهەق بەو بەشەی کوردستانیش کە دەکەوێتە ناو ویلایەتی ئەرزڕۆم، دەتوانین بگەڕێینەوە سەر بەڵگەنامەکانی گەورە جوگرافیناس ئیلیزیّ ڕیکلۆس کە لە کتێبەکەی خۆیدا سنوورە گشتییەکانی ئەو هەرێمە ئاسیایانەی دەستنیشان کردووە کە بەگوێرەی ئەو بە سنوور و زۆرینەی دانیشتوانەکەیەوە کوردستانێکی شەرعی پێك دەهێنن. ئێمە ناتوانین خۆمان لە دەست ئەو چاکەیەی ناونانی ئەم گەورە جوگرافیناسە بدزینەوە بۆ بونیاتسازی هەموو ئەوانەی پەیامی پیرۆزیان بەخشی بۆ پیادەکردنی نەتەوەکان لە دووبارە دابەشکردنەوەی نەخشەی جیهاندا.

www.zheen.org

((لەناو ئەو دوڵ و شیوانەی کە لەسەر شێوەی هۆزگەلی هاوڕەگەز و بەتایبەتیش لە دەوروبەری زێی گەورەدا گرد بوونەتەوە، ئەوانە نەتەوەیەکی تا ڕادەیەك بەهێز پێك دەهێنن بۆ ئەوە لە بەرامبەر تورك، فارسەکان، خواستی دروستکردنی دەوڵەتێکی جیاوازیان هەیە)).

ئەوەیان ئەوە بوو کە ساڵی ١٨٨٤ یەکێك لە گەورە جوگرافیناسەکان نووسیوویە. بە شێوەیەکی سروشتی دەشێ چەند زانیارییی بەرفراوانی دیکە کە هەن، لە کاتی کۆنفرەنسی ئاشتیدا وەدیار بکەون. هەڵبەت ئێمە بەو هیوایەین ڕێگەمان پێبدرێ ئەم سەرنجانەی خوارەوە دەرببڕین: ئەگەر لەو دەوڵەتە ئەرمەنییەی وا لەسەر ڕێگەی دروستبوونە، ئەو ناوەندانە فەرامۆش بکرێن کە کوردەکان تێیدا زۆرینەن، وەك چۆن ئەم دانیشتوانانە جەنگاوەر و دڵبەستەی سەربەخۆیی نیشتمانەکەیانن، ئەوا هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەم ئەرمەنستانەی دواڕۆژ، بە بەردەوامی پشێوی باڵی بەسەر دەکێشێ، تەنیا مەگەر هاوپەیمانەکان بۆ هەمیشە بەهێزێکی گەورەوە بێنە ناویەوە کە ئەو هێزەش بۆ خۆی لەوانەیە بکەوێتە بەر ڕووبەڕووبوونەوەی پەلاماری جەنگی پارتیزانی.

سەرباری ئەمە، دەبێ کۆمسیۆنێکی نێودەوڵەتی بەگوێرەی بنچینەی ماف نەتەوەکان ئەرکی هێڵکێشانی سنووری پێبسپێردرێ بۆ ئەوەی کوردستان هەموو ئەو دەرو ناوچانە کە کورد تێیاندا زۆرینەیە بگرێتەوەخۆ.

بۆ ئەم مەبەستە دەتوانرێ بە چاودێریی ئەم کۆمسیۆنە لە ڕێگەی ڕیفراندۆمێکەوە دەست پێبکرێ. بەڵێ ئێمە دڵنیاین بە هەمان ئەو ئەنجامە دەگات کە وەزیری کاروباری دەرەوەی فرانسا لەناو هۆڵی پەرلەمان ٣ی نۆڤەمبەری ١٨٩٦ وتی[٣٠]: ((هەرێمە تورکییەکان، ئەوانەی کە ئێمە لەبارەیەوە قسە دەکەین، بەگوێرەی ئەو ئامارانەی کە لەبەردەستی ئێمەدان، بێگومان دانیشتوانی ئەرمەن لە ڕێژەیەکی لە سێزدە لە سەدی*دانیشتوان زیاتر تێپەڕ ناکەن. لە سەرێکی دیکەشەوە، لە ویلایەتەکانی ئاسیا، دابەشبوونیان زۆر ناجۆرە، لە چەند شوێنێك زۆر بە چڕی و لە چەند شوێنێکی دیکە زۆر پەرش و بڵاون. بە یەك تاقە وشە، لەو هەرێمانەدا،

---

30 *Journal officiel de la République Française*, 4 novembre 1896, pages: 1397-1398

* ئەم هێڵ لەژێرکێشانە لە ئێمەوە نییە، وەرگێڕ.

ناتوانین یەك تاقە شوێن دەستنیشان بکەین کە ئەم دانیشتوانە بەدبەختانە بەڕاستی زۆرینە بن و بتوانن ناوەندێك پێك بهێنن لەوێوە بتوانرێ چەشنە سەربەخۆییەکیان بۆ پێکەوە بنرێ)).

ئەم گەواهیدانە ڕەسمییە بە قەد بنچینەی مافی نەتەوەکان هیوای ئەوەمان پێدەبەخشێ کەوا داخوازینامە شەرعییەکانی گەلی کورد بەڕاستی و بێلایەنانە تاووتوێ دەکرێ و لەمبارەیەوە چارەسەرێکی عادیلانەی بۆ دەدۆزرێتەوە.

ژێنێرال شەریف پاشا
پاریس، ٦ی شوباتی ١٩١٩

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی هەشتەم**

**کۆماری فرانسا**
**پاریس، ۲۸ ی ئاداری ۱۹۱۹**
**ئۆفیسی نێووەزارەتی**
**ژمارە ۳۸۵۰**

**سەرۆکی ئەنجومەن، وەزیری جەنگ**
**بۆ بەڕێز وەزیری کاروباری هەندەران**

**شەرەف ئەوم هەیە ئەگەر ئەمە کەڵکی هەبێ کۆپی نامەیەکی ژێنێرال شەریف پاشا تان بۆ ڕەوانە بکەم، کە خۆی وادەناسێنێ وەك ئەوەی بۆ سەرۆکی وەفدی کورد بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی هەڵبژێردرابێ، خۆی وا دادەنێ بەتایبەتی خۆی بۆ کاروباری کوردستان تەرخان کردبێ.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**لە بریتی بەڕێوەبەری**
**ئۆفیسی نێووەزارەتی**
**لاڤێرن**

**نامەی نۆیەم**

**(کۆپی)**
20, Avenue de Messine, VIIIe
Tel. Wagrame 93-21
**پاریس، ٢٤ی ئاداری ١٩١٩**

**بۆ جەنابی بەرێز کلیمۆنسۆ، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، هتد...هتد**
**پاریس**
**بەرێز جەنابی سەرۆك،**

**بەوپێیەی وەك سەرۆکی وەفدی کوردی بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی هەڵبژێردراوم، هەر ئێستەکە منداتەکەم* (بە نوێنەریکردن) تەواو بوو، کە لەلایەن کۆنگرەی تورکە ئازادیخوازەکانی دانیشتوانی سوێسرە، میسر، دورگەی قوبرس، هەروا بێتەوە لەلایەن سەرۆکی کۆماری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و سەرۆك وەزیرانی فرانسا، ئینگلستان و ئیتاڵیاوە بەدەست گەیشتووە، کە ڕاستەوخۆ منیان ئاگادار کردۆتەوە.**

**لە داهاتوودا، بە گوێرەی خواستی گەلی کورد، کە من تاکێکی ئەم نەتەوەیەم، خۆم تەنها بۆ کاروباری کوردستان تەرخان دەکەم. ئەم ئەرکە بۆ من تەنانەت هێندە نایابە، کە هاوخەباتکارەکانم لە میزۆپۆتامیا کەمترین دژایەتییان بەرامبەر بە سوپای بریتانی، هاوپێیانی فرانسا، نیشان نەداوە، کە من تا ئەو ڕادەیە خۆشم دەوێ. ئێستەکە حەز دەکەم خۆم بخەمە خزمەت کۆنفرەنس بۆ کارپێکردنی خواستە ڕەوایەکانمان و هەموو ڕوونکردنەوەییێکی پێویست لەبارەی کوردستانەوە بەردەست بخرێ.**

**بەڕێز سەرۆك، بفەرموون دەربڕینی گەورەترین ڕێزلێنانم لێ قەبوول بکەن.**
**ئیمزا: شەریف**

---

* Mandat

**نامەی دەیەم**

Quai d'Orsay
**پاریس، ١٩ی نیسانی ١٩١٩**

**کۆنفرەنسی ئاشتی**
**سکرتاریەتی گشتی**

**بۆ بەڕێز کلۆتس***، **وەزیری دارایی**

**سکرتاریەتی گشتیی کۆنفرەنسی ئاشتی شەرەفی ئەوەی هەیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا بۆ بەڕێز کلۆتس، وەزیری دارایی، دانەیەکی یادداشتنامەیەك لەبارەی داخوازینامەکانی گەلی کوردەوە ڕەوانە بکات، کە لە لایەن ژێنێرال شەریف پاشاوە بۆ سکرتاریەتی گشتیی کۆنفرەنسی ئاشتی ڕەوانە کراوە.**

www.zheen.org

* Klotz

(هاوپێچی نامەی دەیەم)

## یادداشتنامە

## لەبارەی داخوازینامەکانی گەلی کوردەوە[٣١]

داخوازینامە ئەرمەنییەکان، زیاد لەپێویست هەژموونگەرانەن و ئەمڕۆ بە شێوەیەکی ڕەسمی ناسراون، بۆیە پێم وابێ منیش بتوانم زۆر ڕوونتر لەبەردەم کۆنفرەنسی ئاشتی خواستە شەرعیەکانی نەتەوەی کورد دەست نیشان بکەم.

سنوورەکانی کوردستانی تورکیا لە ڕوانگەی ئیتنۆگرافییەوە بەمجۆرە دەست پێدەکات: لە باکوور، لە زیوین، لەسەر سنووری قەوقاز و لە ڕۆژئاوا وە بە ئەرزڕۆم، ئەرزنجان، کێمالی، عەرەبگیر، بێهیسنی، دیڤیجك دا دەڕوات.، لە باشوور، لە حەڕان، گردۆلکەکانی سنجار، تەل ئەسفەر، ئەربیل، کەرکووك، سلێمانی، ئەککەلمان*، سنە، لە ڕۆژهەلاتیشەوە، بە ڕواندوز، باش قەلا، وەزیر قەلا، واتە بە سنووری ئێران تا چیای ئارارات دا دەڕوات.

کورد لە ماوەی دەورانی هەرە تاریکی مێژووەوە ئەم دەرو ناوچانەیان بە ناوی جیاجیاوە و ١٣٠٠ سالێش دەبێ بەناوی کوردەکانەوە تێیدا ژیاون.

تاوەکوو ملکەچبوونی ئازادانەی خۆی بۆ سولتان سەلیم، کوردستان لە ٤٦ میرنشینی سەربەخۆ پێك هاتبوو. دیاربەکر، دینەوەر، چاریسوول*، لوڕ، ئەردەلان، هەکاری، ئامێدی، گەورکێل، فینك، حەسەن کێف، تەهموش، گوزەك، میرداسی، ئەگیل، ساسۆن، حەڕان، کلس، شێروان، دێرسیم، ئەردەگان، حاق، بەرکل، سیدی، سلێمانی، شەهران، تەرکوور، قەلا، داود، پلنگان، بدلیس، کارزان و بۆهتان. ئەم میرنشینانە لەژێر دەسەلاتی سەربەخۆی کوردەکاندا بوون.

---

[31] ئەمە دووەمین یاددشتنامەی ژێنێرال شەریف پاشایە و یەکەم یادداشتنامەیە وەکو سەرۆکی وەفدی کوردی نیسانی ١٩١٩ پێشکەش بە سکرتاریەتی کۆنفرەنسی ئاشتی کردووە، وەرگێڕ.

* Akk-el-man : من پێم وایە مەبەستی لەوە دەبێ هەورامان بووبێت، وەرگێڕ.

* Charrysoul

مۆمسێن* لە مێژووە ڕۆمانییەکەی خۆیدا ئەرمێنیا لە نێو سەرچاوەکانی ڕووباری فورات و دەجلە و ڕووباری کور دادەنێ.

ئەنسیکلۆپیدیای نیوتالسی** ئینگلیزی زۆر ئاشکراترە و وا دەقاودەق ئەم چەند وشانە ڕادەگوێزینەوە: ((*ئەرمێنیا وڵاتێکە لە ڕۆژئاوای ئاسیا، لە ڕۆژئاوای زەریای قەزوین، لە باکووری چیایەکانی کوردستان، لە نێوان ڕووسیا، تورکیا و ئێراندا دابەش کراوە و بانێک دەگرێتەوە کە شێوە بەپیت و فەڕەکانی دووکەرتی دەکات کە لەسەر چیای ئارارات دەگاتە ئەوپەڕەکەی*)). ئەمە بە ڕوونی ئەوە بۆ ئەرمەنییەکان دەستنیشان دەکات کە دەبێ داخوازنامەکانیان ئاڕاستەی کێ بکەن وەك دەستبەسەرداگری زەوی‌وزارەکانیان، نەوەکا بێن چاوی تەماع ببڕنە وڵاتی کوردان.

هەرچی تایبەتە بەو بەشەی کوردستانیش کە دەکەوێتە ناو ویلایەتی ئەرزڕۆم، دەتوانین بگەڕێینەوە سەر بەڵگەی گەورە جوگرافیناس ئیلیزێ ڕیکلۆس کە لە کتێبەکەی خۆیدا سنوورە گشتییەکانی ئەو هەرێمە ئاسیایانەی دەستنیشان کردووە کە بە گوێرەی ئەو، بە سنوور و زۆرینەی دانیشتوانەکەیەوە کوردستانێکی شەرعی پێك دەهێنن. ئێمە ناتوانین خۆمان لە دەست ئەو چاکەیەی ناونانی ئەم گەورە جوگرافیناسە بدزینەوە بۆ بونیاتسازیی هەموو ئەوانەی پەیامی مرۆڤایەتییان بەخشی بۆ پیادەکردنی پرەنسیپەکانی ماڤی نەتەوەکان لە دووبارە دابەشدانەوەی نەخشەی جیهاندا.

((لەناو ئەو دوڵ و شیوانەی کە لەسەر شێوەی هۆزگەلی هاوڕەگەز و بەتایبەتیش لە دەوروبەری زێی گەورەدا گرد بوونەتەوە، ئەوانە نەتەوەیەکی تا ڕادەیەك بەهێز پێك دەهێنن بۆ ئەوە لە بەرامبەر تورك، فارسەکان، خواستی دروستکردنی دەوڵەتێکی جیاوازیان هەیە)).

ئەوەیان ئەوە بوو کە ساڵی ١٨٨٤ یەکێك لە گەورە جوگرافیناسەکان نووسیویە.

بە شێوەیەکی سروشتی دەشێ چەند زانیاریی بەرفراوانی دیکە کە هەن، کاتی کۆنفرەنسی ئاشتی وەدیار بکەون. هەڵبەت ئێمە بەو هیوایەین کەوا ڕێگەمان

---

* Momsen

** Nuttals

پێبدرێ ئەم سەرنجانەی خوارەوە دەربڕین: ئەگەر لەو دەوڵەتە ئەرمەنییەی کە لەسەر ڕێگەی دروستبوونە، ئەو ناوەندانە فەراموش بکرێن کە کوردەکانی تێدا زۆرینەن، وەك چۆن ئەم دانیشتوانانە جەنگاوەر و دڵبەستەی سەربەخۆیی نیشتمانەکەیانن، ئەوا هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەم ئەرمەنستانەی دواڕۆژ، بە بەردەوامی پشێوی باڵی بەسەردا دەکێشێ، تەنیا مەگەر هاوپەیمانەکان بۆ هەمیشە بەهێزێکی گەورەوە بێنە ناویەوە، ئەو هێزەش بۆ خۆی دەکەوێتە بەر ڕووبەڕووبوونەوەی پەلاماری جەنگی پارتیزانی.

ئەرمەنییەکان باسی ماڤ گەورەترین ئەرمەنستان دەکەن، چونکە سەردەمی تیگران، ٥٠ ساڵ پێش زایین، شانشینێکی ئەرمەنستان هەبوە، بەڵام ئەوان ئەوەیان لەبیر چووە ئەوە زێدە بکەن کە ئەو زەویوزارانەی وا لە بنەواندا سەر بە ئیمپراتۆریای ڕۆمانی بووە و هەمووی لە لایەن پۆمپی[**] یەوە هەر لە دەورانی ژیانی تیگران خۆیدا دووبارە داگیر کراونەتەوە.

ئەم سەرنجانە لەوەدا نییە کە ڕێگەیان پێبدات ئەرمەنستانی گەورە وەك بێشکەی ئیتنیکی ڕەگەزی خۆیان تەماشا بکەن.

ئەرمەنییەکان، بەهەمان شێوە داکۆکیکارەکانیان هەوڵدەدەن عەدالەتی داخوازییەکانیان بسەلمێنن، بەو هۆیەی کە چەند هەزار ئەرمەنییێك لە کوردستان دەژین. لە وەڵامی ئەم بانگەشەنەدا، ئێمە تەنها جارێکی دیکە پەنا بۆ گەواهیدانەکانی نیوتالس Nuttals دەبەینەوە کە نووسیویە ((*لەوەتای دەورانی گەلێك کۆنەوە، ئەرمەنەکان هەمیشە پەڕیوەی وڵاتانی هاوسێیان بوون و لەوێدا وەك جوولەکەکان هەر تەنها خەریکی کاروباری بازرگانی بوون و زۆربەشیان صەرافن.* کوردەکان هەرگیز بەشوێن ئەوەدا نەگەڕاون کە ڕێگری لەوە بکەن ئەم کەمینە نەتەوەیەی ئێستەی ئەرمەنییەکان کە لە کوردستاندا دەژین و بە دوای بازرگانی خۆیانەوە وێڵن و بوارێکی بەرفراوان بۆ قازانجی خۆیان لەم دەر و ناوچانە بدۆزنەوە کە بە نیازی تەواو دادۆشینی کوردەکان وایان بە باش زانیوە بە کۆچکردنێکی ئارەزوومەندانە ڕووبکەنە کوردستان)).

---

[**] Pompée

هەر ئەمە بە تەواوی لەژێر کاریگەری هەمان خولیادا هەمیشە وایان پێ باش بووە لەناو شارەکاندا بژین و بە تەواوەتی بواری کشتوکاڵیان وەلا ناوە.

وەك پاڵپشت بۆ بەڵگەهێنانەوە لە بارەی ئەم کەمینە نەتەوایەتییەوە، دەتوانین ئیشارەت بۆ گەواهیدانە ڕەسمییە هەرە تازەکان بکەین لە نێوان تورکیا و هێزە ئەوروپاییەکان دا. دوای پەیماننامەی بەرلین کۆمسیۆنێك کە پێك هاتبوو لە خوالێخۆشبوو ژێنێرال بەکر پاشا، سەعید پاشا، سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتی عوسمانی و میناس ئەفەندی، یەکێك لە بەگزادەکانی ئەرمەن، نێردران بۆ کوردستان بۆ سەرژمێریی دانیشتوان.

ئێمە تەنها ئەنجامی سەرژمێریی دیاربەکر بە نموونە دەهێنینەوە: دانیشتوانەکەی ٨٤٠٠٠٠ کەسە: ٦٠٠٠٠٠ موسڵمان، ٢٤٠٠٠٠ مەسیحی یا جوولەکە.

لە ساڵی ١٨٩٥، شازادە لوبانۆڤ، وەزیری کاروباری هەندەرانی ڕووسیا کە بە هیچ شێوەیەکیش ناکرێ وەزیری ناوبراو بە تاوانی کورددۆستی* تاوانبار بکرێ، بە ڕەسمی دووپاتی کەمینە نەتەوەیی بوونی ئەرمەنییەکان دەکاتەوە لەناو هەموو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا.

کاتی گفتوگۆ لەناو پەرلەمانی فرانسادا لە ٣ی نۆڤەمبەری ١٨٩٦[32]دا لەبارەی پرسی ئەرمەنەوە کە لەدایکبووی هەمان سەردەم بوو، وەزیری کاروباری هەندەران ئەم ڕاگەیاندنەی دا: ((لە هەرێمە تورکییەکان، ئەوانەی کە ئێمە لەبارەیەوە قسە دەکەین، بەگوێرەی ئەو ئامارانەی کە لەبەردەستی ئێمەدان، بێگومان بە دڵنیاییەوە دانیشتوانی ئەرمەن لە ڕێژەی 13%ی دانیشتوان زیاتر تێپەڕ ناکەن. لە لایەکی دیکەوە، لە ویلایەتە ئاسیەوییەکاندا دابەشبوونیان زۆر ناجۆرە، لە چەند شوێنێك زۆر بە چڕی و لە چەند شوێنێکی دیکە زۆر پەرش و بڵاون. بە یەك تاقە وشە، لەو هەرێمانەدا، ناتوانین یەك تاقە شوێن دەستنیشان بکەین کە ئەم دانیشتوانە بەدبەختانە بەڕاستی زۆرینە بن و بتوانن تێیدا ناوەندێك پێك بهێنن کە لەوێوە بتوانرێ چەشنە سەربەخۆییەکیان بۆ پێکەوە بنرێ)).

---

* Kurdophilie واتە کورددۆستی

[32] *Journal officiel de la République Française*, 4 novembre 1896, pages: 13٥7-13٥8.

دواجار بۆ ئەوەی بە چاکی پرسی کورد بەدیار بخەین، چەند بەشێکی خوارەوە لە نامیلکەیەك دەهێنمەوە کە لە لایەن سەرۆك ئەرکانی جەنگیی سوپای ڕووسەوە نووسراوە و تەنها بە نهێنی بەسەر چەند کەسایەتیەکدا دابەش کراوە، بۆیە تێبینییەکانی جێگەی گومان نین و تەنها بۆ بەرژەوەندی سوپا و سیاسەتی ڕووسی نووسراوە. هەر لەم سۆنگەیەشەوە، ئەم نامیلکەیە تایبەتمەندێتییەکی تەواو بێلایەنانەی هەیە لە بەرامبەر کورد و ئەرمەنەکاندا و ئامانجی نووسینەوەکەی تەنها بەدەستەوەدانی چەند زانیارییێکە کە دەبێ بە تەواوی بە نهێنی بمێننەوە. لە بارەی ویلایەتەکانی وان و بدلیس، ئەو دوو هەرێمەی کە بەگوێرەی بانگەشەی ئەرمەنییەکان ((تەواو ویلایەتی ئەرمەنین)) نووسەر دەقاودەق دەڵێ: ((لەم دوو ویلایەتانەی ئاسیای– عوسمانی: کوردەکان لە ئەرمەنییەکان زۆرترن. لە وان ڕێژەی ٤٦% کورد بەرامبەر بە ٢٥% ئەرمەنی و لە بدلیس ٥٥% کورد بەرامبەر بە ٣٩% ئەرمەن. لەم دوو ویلایەتە، تورکەکان کە لەگەڵ کوردەکان هاوئایینن، حسێب نەکراون. تەنها لە هەرێمی وان و مووش، کورد و ئەرمەن بە نزیکەیی لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە وەك یەکن. لە هەرێمی بدلیس ٥٠%ی کورد و ٤٠ %ی ئەرمەن بوون. کوردەکان لە هەکاری ٥٦%، لە سێرت ٦٠%، لە گەنج ٧٩%ی دانیشتوانن. لەم هەرێمانەی دوایی زۆرینەی کورد هێندە بەرچاوە، کە ئەو ئەرمەنیانەی لەوێدا دەژین، ناتوانن جگە لە زمانی کوردی بە هیچ زمانێکی دیکە قسە بکەن. هەتا لە ویلایەتەکانی وان و بدلیسیش چەند ناوچەیەك هەن زمانی ئەرمەنی تێیاندا تەنها لای قەشەکان بەکار دەهێنرێ. هەرچی سەبارەت بە دابەشبوونی ئایینییە لەناو ئەم دوو ویلایەتەدا، ئەنجامەکە بەمشێوەیەی خوارەیەوە: لە هەرێمی وان ٥٤%ی موسڵمان، ٤٣%ی مەسیحی و ٣% ئاینەکانی دیکە. لە هەرێمی هەکاری، ٥٦%ی موسڵمان، ٤٣%ی مەسیحی و١% ئاینەکانی دیکە. لە ویلایەتی بدلیس و لە هەرێمی بدلیس خۆی ٦٠% موسڵمان، ٤٣%ی مەسیحی. لە مووش ٥١%ی موسڵمان، ٤٨% ی مەسیحی و ١%ی ئاینەکانی دیکە بووە. لە سێرت ٦٥%ی موسڵمان و ٣٤% مەسیحی و ١%ی ئاینەکانی دیکە بووە. لە گەنج* ٦٩%ی موسڵمان، ٢٠%ی مەسیحی و ١%ی ئاینەکانی دیکە بووە.

* ئەم ڕێژەیە دەبێ 79% بێ وادیارە دەبێ ئەمە هەڵە چاپ بوو بێت، وەرگێڕ.

به کورتی، لەو ٣٢ قەزایەی کە ویلایەتەکانی وان و بدلیس پێك دەهێنن، تەنها هەشتیان لەوانە زۆرینەی مەسیحین. هەرچی لە قەزایەکانی دیکەیە ئەوا موسڵمانەکان زۆرینەن))[٣٣].

هەموو ئەم ڕاگەیندراوە ڕەسمیانە لە سەردەمانێکدا دراون کە ڕووداوە تراژیدییەکان هاوسۆزی ئەورووپای بە قازانجی ئەرمەنییەکان وەرگێڕابوو. ئەم ڕاگەیەندراوانە بە ڕوونی ئەوە دەسەلمێنن کە ئەرمەنییەکان بەهیچ کلۆجێ لە هیچ لایەکی خاکی ئیمپراتۆریای عوسمانی زۆرینە نەبوون و هەر بۆ هەمان هۆ، بێگومان ناتوانن لە کوردستانیش کە بەشێکی جیانەکراوەیە لە ئیمپراتۆریا ببنە زۆرینە. لە سەرێکی دیکەوە، وەك دواین بەڵگەی زۆرینەی بێئەملاوئەولای کوردەکان لەم هەرێمانەدا، دەبێ بڵێم تەنها لەم ویلایەتانەدا هێشتا سوارەی حەمیدییەکانی لێیە کە پێیان دەڵێن حەمیدییە، لە هۆزگەلی حەیدەرانلوو (سەرۆکەکەی محەمەد صدیق بەگ)، شاولی (جەعفەر بەگ)، شەمیسکی (صادق بەگ)، شکاك (شەریف بەگ)، ئەدۆمانلی (سولێمان بەگ)، حەسەنلی (فەتحوڵڵا بەگ)، جوبرانلی (ئیبراهیم بەگ)، تەکووری (حوسێن بەگ)، ئەرتوش (حەسەن بەگ)، ئەدەمانلی (ئۆشان بەگ)، پەنیان ( لوتفوڵڵا بەگ)، شەیداننلی (عومەر بەگ) ئەلاشە و حویدەرانلی (حاجی دەمیر پاشا). هۆزی حەیدەرانلی کە شەش فەوجی سوارە پێك دەهێنن، دەکەونە نێوان ڕۆژهەڵاتی گۆڵی وان و ڕۆژئاوای زنجیرە چیای ئەلادار.

هۆزێکی دیکە هەیە بە ناوی حەیدەرانلی کە پێیان دەوترێ ئەحازە حەیدەرانلی کە لە ناوچەکانی دوداك، مەلازگرد، حەرجیشە دەژین، بە پلەی دووەم ئەوە هۆزی حەسەنلییە کە ژمارەیان زۆرترە. ئەم هۆزەیان دەکەونە کەناری مەلازگرد، بۆلانیك، خنس و پێنج فەوج پێك دەهێنن کە سێیان لە ویلایەتی بدلیس دان. لە پلە بەندی سێیەمدا ئەوە هۆزی حەیدەرمانلیلارە کە دەکەونە سەر ڕووباری زیلان. هۆزی جوبرانلی دوو فەوج پێك دەهێنن و لە قەزای وارتۆ دەژین. هۆزەکانی دیکە بە بەراورد ژمارەیان کەمترە و هەریەکەیان تەنها یەك فەوج پێك دەهێنن، بریتین لە هۆزی

[33] *Statstique de Van et de Bitlis*, traduit de russe par Mehmed Sadik bey, comandant de cavalerie, attaché au bureau de renseignments de l'état-Major général, Imprimerie mililtare, Constantinople, 1330 (1914).

www.zheen.org

شانلی کە لەسەر کەناری ڕۆژھەڵاتی گۆلی واندا دەژین. ھۆزی تەکووری لە شاری سێرت و لە قەزای مەحموودییە کە دەکەوێتە سەر سنووری ئێران، دەژین.

ھۆزی میلانی ھەمیشە ھەر لەسەر ھەمان سنوور دەژین، بەڵام کەمێك زیاتر بەرەو ڕۆژئاوا. ھۆزی موکوری [موکری؟ وەرگێڕ] ئەویش ھەر لە ھەمان دەر وناوچەدا دەژی. ھۆزی چەمشیکی کە دەکەونە قەزایەکانی مەحموودییە و حەمیدییە. ھۆزی شکاك لە قەزای ئەلپاك دەژین کە دەکەوێتە بەشی سەرووی ڕووباری زاب. ھۆزی شەیدانلی دەکەوێتە قەزایەکانی حەمیدییە و نورشان و ھۆزی ئەلاگی لە مەلازگرد و ئەرجیش.

بەدەر لەم ھۆزە بنچینەییانە، هێشتا ھۆزگەلی دیکە ھەن کە لە ڕووی گرینگییەوە لە پلەی دووەم و چەند فەوجێکیان لەو ناوچانە پێکەوە ناوە. ھەموو ئەم ھۆزانە، وێڕای سیستمێکی تا دوا ڕادە چاوپۆشیکار کە بەرامبەریان پیادە دەکرێ، کەچی نەیانتوانیوە سەرۆکەکانیان وا لێ بکەن بەرامبەر حکوومەتدا داوای بەخشینی سەربەخۆیی خۆیان بکەن، ئەم ھۆزانە ھەر بە سروشتی خۆیان کەمێك وشك و دڵبەندی سەرسەختی ترادسیۆنی نیشتمانی و سەربەخۆیی خۆیانن. ھەتا ئەگەر لەژێر ڕکێفی ھێزێکی ئەوروپیشدا بێ، کەمێك بێھوودە دەبێت ئەم کەمینە نەتەوەییە ئەرمەنیانە بانگەشەی ئەوە بکەن بتوانن دەست بەسەر ئەم ڕەگەزە جەنگاوەر و زۆرینەیەدا بگرن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

***

وەختایەك مسیۆنێرەکان بە تاوی جۆشوخرۆش و لەخۆبووردنەوە بۆ یەکەمجار دەخزێنە ناو کوردستان، ھەوڵ دەدەن لەناو کوردەکاندا کار بکەن، بەڵام کاتێك تێدەگەن ھەر ئەستەمە ئەوانە لە ئایین وەربگێڕن، کۆششی خۆیان بەرەو بوارێکی دیکەی کردارەکانیان دەگۆڕن و ھەموو ھەوڵێکی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ بەشارستانیکردنی مەسیحییەکانی کوردستان. لەناو ئەمانەدا ئەرمەنییە ئارتۆدۆکسەکان، وەکو مانەوییەکان، لە ھەموان ئاسانتر بوو وەریان بگێڕن و ھەر زوو قوتابخانەی مسیۆنێرەکان پڕبوون لە قوتابیی ئەرمەنی. ھەڵبەت مسیۆنێرەکان ھەر زوو تێگەیشتن و ڕایان لەبارەی ئەرمەنییەکانەوەدا و ھیواخواز بوون ھەستی نیشتمانی لە ھەموان بەرزتریان لە لا وریا بکەنەوە، باسی مێژووی کۆنی تیگران و داگیرکردنەکان و شانشینی کۆنی ئەرمەنیان بۆ دەکردن کە لە کۆندا ھەیانبووە. بە

یەك وشە مسیۆنێرەکان هەوڵیان دەدا هەستی سەربەخۆییان لەلا زیندوو بکەنەوە بێ ئەوەی لە ڕاستیدا گوێ بەوە بدەن ئەنجامەکەی چی دەبێ.

هەر لەبارەی مسیۆنێرەکانەوە، جارێکی دیکە پەنا دەبەمە بەر نامیلکەکەی سەر ئەرکانی جەنگیی ڕووس و ئەم چەند دێرەی لێ ڕادەگوێزمەوە:

((لە ویلایەتەکانی وان سی ساڵ دەبێ مسیۆنێرە کاتۆلیك و پرۆتستانتەکان خۆیان لە ناوەندە هەرە گرینگەکان و ناو شارەکانی وان و بدلیس دا جێگیر کردووە. لەناو ئەو مسیۆنێرانەدا، بە ڕوویێکی تایبەتیی ئەمریکاییەکان پرۆپاگەندەی ئایینی دەکەن و بە هانای هەژارەکانەوە دێن بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و ئایین و قوتابخانەکانیان لە هەموان باشتر ڕێکخراوە. لەناو مسیۆنێرەکانی وان و بدلیس دا، چەند پەلێکی پیشەسازی هەیە کە چەندی پیشەی جیاجیای تێدا دەخوێندرێ. شایانی باسە، تێبینی ئەوە بکرێ کە قوتابخانە ئەمریکییەکانی وا قوتابییە ئەرمەنەکان هامشۆی دەکەن، زیاتر ئەو شۆڕشگێڕانە ئامادە دەکەن کە سەرسەخترینیانن و زیاتر شایستەترن بۆ ئەوەی لە جیهاندا ببنە پروپاگەندەچی. وێڕای ئەوەی کە ئەمریکاییەکان بە هەموو دەست بڵاوییێك بەرانبەر بە ئەرمەنییەکان دەستیان کراوە بوو، کەچی ئەرمەنییەکان هەر خۆشیان نەدەویستن)).

بنکەی ژین
www.zheen.org

*
**

ئەرمەنییەکان کە لە سیفەتی سووخۆریی خۆیان وا ڕاهاتبوون زیاتر لەوە وەربگرن کە هەقیانە، هەروەها ئێستەش ئارەزووی ئەوەیانە زیاتر لەوەی کە دادوەری ڕێگەیان پێنادات، بەردەستی بخەن. کۆنە شانشینی ئەرمەنی واپێدەچوو زۆر بچووك بێ، هەر بۆیە حەزیان دەکرد بەشێکی بەرفراوانی کوردستان یان ببێ کە بە ئاسیای بچووکەوە لکێنراوە، ئەمەش بە خۆبەستنەوەیان بە یادی داگیرکردنێکی سەرپێیی کە تێگرانی بەناوبانگیان ڕۆژێك لە مێژووی نیشتمانیی خۆیاندا داگیری کردووە.

حکوومەتی عوسمانی لە دەورانی حەمیدیەدا کە یەکبینە لەژێر فشاری دەستێوەردانی ئەوروپادا بوو، پێی وابوو پێویستە ڕێگە بە ئەرمەنییە ناڕازییەکان بدا وڵاتی (عوسمانی) بەجێبهێڵن و واز لە وڵاتنامەی عوسمانی بهێنن. ئەوکاتە بە

هەزاران ئەرمەنی دەستیان کرد بەوەی بەرەو زەوی و زاری کۆنە ئیمپراتۆریای خۆیان کۆچ بکەن کە لە کۆنگرەی بەرلین دا بە ئیمپراتۆریای تسارەوە لکێنرابوون؛ لەسەر ئەوە کۆك بوون کە زۆربەی کۆچبارەکان زەوییەکانیان بە کوردەکان بفرۆشن، هەندێکیشیان لەوانە هەر ئاوها سووك و سانا زەوی‌وزارەکانیان بەجێ‌هێشت. بە گوێرەی یاسای عوسمانی، زەویی نەکێڵراو لەلایەن خاوەنەکەیەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ، دەشێ لەلایەن حکوومەتەوە دەستی بەسەردا بگیرێ و بفرۆشرێتەوە. ئەوە بەم شێوەیە بوو کە ئەو زەوی‌وزارانەی وا ئەرمەنییەکان بەجێیان هێشتبوون، فرۆشرانە کوردەکان.

دوای جاڕدانی مەشرووتە، ئەرمەنییە کۆچکردووەکان بینیان کەوا ڕژێمی ڕووسیای تسار هێشتا زۆر لەوەی تورکیا ڕەقتر و توندترە، بۆیە دەرفەتی لێبوردنی گشتییان قۆستەوە بۆ ئەوەی بە هەڵەداوان خۆیان لەناو وڵاتی دایکدا جێگیر بکەنەوە و داوایان لە حکوومەت کرد زەوی‌وزارەکانیان کە بە زەرەر درابووە موڵکدارە نوێیە کوردەکان، بداتەوە.

حکوومەت کە یەکبینە لەژێر فشاری زیادەی خواستی دیپلۆماتە ئەورووپاییەکاندا بوو، ناچار ملی دا، بەڵام کوردەکان کە بە دەست ئەم حاڵەتە نیگەرانکارەوە تووڕە بوون، بە هەموو هێزی خۆیانەوە دژی ئەم شێوە ڕەفتارکردنە وەستانەوە. وەختایەك جەنگی جیهانی هەڵگیرسا، چەند کۆمیسیرێکی تایبەتی ئەورووپی لە ئاسیای بچووك و کوردستان دەست بەکار بوون بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

هەموو ئەمانە بە ڕوونی ئەوە دەسەلمێنن کەوا زۆربەی ئەرمەنییە نیشتجێبووەکانی کوردستان بە ئارەزووی خۆیان ئەم دەر و ناوچانانەیان بەجێ‌هێشتووە، کەوایە لە ڕووی یاساییەوە چیتر مافی ئەوەیان نییە داوای ئەم دەر و ناوچانە بکەنەوە.

جا ئەگەر زۆرینەیەکی ڕەها بێ‌توانا بووبێ لەوەی کەمینە نەتەوەیەك بەو شێوەیەی پێی ڕازی بێ بەڕێوە ببات، بڵێی هومێدی ئەوە هەبێ کەمینە نەتەوەی ئەرمەن بتوانێ بەڕێوەبردنی ڕەگەزێکی بە ژمارە سەرووتری وەك کورد بەڕێوە ببات کە ئەوەندە پابەندی سەربەخۆیی خۆیانن؟

لـه سـەرێکی دیکـەوە، دەبێ کۆمـسیۆنێکی تێکـەڵی ئـەورووپی لـە پرسـی گێڕانـەوەی سـەروەت و سامانی ئـەملاکی ئەرمەنییـەکان بکۆڵێتـەوە، کـە بـە گـوێرەی یاسا بۆ ئـەو ئەرمەنیانـەی وا لەسـەر خـاکی کـورد دەژیـن بسەلمێندرێ. ئەگـەر ئـەو ئەرمەنیانـە حـەز بکـەن کـۆچ بکەنـەوە بـۆ ئـەرمێنیا، هەڵبـەت بـەو مەرجـەی کـە هـەمان ئاسانکاریی بۆ هـەمان کۆمسیۆن بۆ کوردەکانیش بکرێ و لەلایـەن کوردەکانیشەوە قەبووڵ بکرێ.

*
**

بـــەگوێرەی پرەنـــسیپەکانی ویلـــسن، هـــەموو شـــتێك لەڕێگـــەی قـــازانجی کوردەکاندایـە بـۆ دروسـتکردنی دەوڵـەتێکی کـوردیی تـەواو ئـازاد و سـەربەخۆ. بـەگوێرەی چـوارده خاڵەکـەی بـەڕێز ویلـسن کـە سـەرلەبەریان لەلایـەن حکوومـەتی عوسمانییـەوە قـەبووڵ کـراون، کوردەکـان پێیـان وایـە تـەواو شایـسەی مـافی سەربەخۆیی خۆیانن بەبێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك هیچ لە وەفادارییان بەرامبەر بە ئیمپراتۆریای (عوسمانی) کەم ببێتەوە، ئەو حوکمڕانییەی کە ماوەی چەندین سەدە لەژێر دەسەڵاتیدا ژیاون و داب و نەریت و ترادسیۆنی خۆیان تێدا پاراستووە. بەم شێوەیە بۆ کورتکردنـەوەی ئـەم داخوازینامانـە کـە لـە جارنامـەکانی پێشوومانەوە سەرچاوە دەگرن:

ئێمـە شێلگیرانە دژی هـەموو بڕوبیـانوو هێنانەوەیـەکین لەسـەر کوردسـتان کـە هێڵەکانی سنوور بەم شێوەیە نەبێ کەوا ئێمـە لـەو نەخشەیەی وا کراوەتـە هاوپێچ دیاریمان کردووە، کە دەبێ ئەم ناوچانە هەر بۆ کوردەکان بمێننەوە.

سامانی نەتـەوەیی لای کـورد، ئـەمڕۆ بـە ڕوویێکـی سـەرەکی ئاژەڵداریی مـەڕو ماڵاتـە، کـە بـە هـۆی هەلومـەرجی ئاووهـەواوە پێویـستی بـە لـەوەڕەگای هاوینـە و زستانە هەیە، جا بۆ ئەوەی ئەم گەلە لە کلۆڵیی ئابووری بپارێزرێ، ئێمە داوا دەکەین دەمودەست ئەم لەوڕگایانە نەکەونە ئەودیوی ئەو هێڵانەی سنوور کە بۆ کوردستان دیاری دەکرێن.

دواجار ئەو سەربەخۆییەی کە ئێمـە داوای دەکـەین، هـەقێکی خۆمانـە و هـەر تەنها ئەو سەربەخۆییەش ڕێگەمان پێدەدا لەسەر ڕێگەی پێشکەوتن و شارستانیەت

www.zheen.org

تێبکۆشین و دەوڵەمەندیی وڵاتەکەمان بقۆزینەوە و بە ئاشتی لەگەڵ هاوسێیەکانماندا بژین.

سەرباری ئەوە، ئێمە لە کۆنفرەنسی ئاشتی دەپاڕێینەوە کە کۆمسیۆنێکی نێودەوڵەتیی دابنێ کە ئەرکی دیاریکردنی هێڵکێشانی سنوورەکان بەگوێرەی پرەنسیپی نەتەوەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەجۆرێك کە کوردستان هەموو ئەو دەر و ناوچانە بگرێتەوە وا کوردەکان تێیدا زۆرینەن و بێگومان لە حاڵێکدا ئەگەر لەوناوچانەی کە سەر بە کوردستان دەبن، گرۆیێکی بەرچاوی نەتەوەیی دیکە هەبوون، ئەوا بە گوێرەی ترادسیۆنی نەتەوایەتییان ستاتووی تایبەتیان پێ دەبەخشرێ.

ئێمە تەواو هیوامان لەسەر عەدالەتی ئەم کۆنگرەیە هەڵچنیوە، ئێمە ژیان و پاشەڕۆژی گەلێکی زۆر کۆنمان بەم کۆنگرەیە ئەسپاردووە، کە ئەگەر ڕێگەی پێبدەن دەزانێ چۆن خۆی گەنج بکاتەوە.

پاریس

٢٢ی ئاداری ١٩١٩

بنکەی ژین
www.zheen.org

ژێنێرال شەریف پاشا

سەرۆکی وەفدی کورد

لە کۆنفرەنسی ئاشتی

20, avenue de Messine, Paris

**نامەی یانزەم**

Quai d'Orsay

**پاریس، ١٩ی نیسانی ١٩١٩**

**کۆنفرەنسی ئاشتی**

**سکرتاریەتی گشتی**

**بۆ بەڕێز بەڕێوەبەری کاروباری سیاسی و بازرگانی**

**سکرتاریەتی گشتی کۆنفرەنسی ئاشتی شەرەفی ئەوەی هەیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا کۆپیی نامەیەکی شەریف پاشا بە بەڕێز بەڕێوەبەری کاروباری سیاسی و بازرگانی ڕابگەیەنێ، کە داوای دامەزراندنی حکوومەتێکی کاتی دەکات بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش لە کوردستاندا.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی دوانزەیەم**

**پاریس، ١٥ی نیسانی ١٩١٩**

**بەڕێزان**

**بەڕێز ویلسن، کلیمۆنسۆ، لوید جۆرج و ئۆرلاندۆ... هتد.**

**جەنابی بەڕێز،**

**ڕووداوە تازەکانی میسرو بە شوێنیەوە ڕووداوەکانی ئەدەنە و حەلەب، ئەوەندە کەم مایەی داخ نین بۆ ئەوانەی سیاسەتی کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەققیی دەناسن، ئەو سەرچاوەیەی کە دەبێ بە هەر نرخێك بێ و بە هەموو ڕێگە و شوێنێکی شیاو وشك (کوێر) بکرێتەوە.**

**ئەو ڕقەی وا لەنێوان کورد و ئەرمەنەکاندا دوای دەسیەسەکانی ڕژێمی عەبدولحەمید و گەنجە-تورکەکان دروست بووە، لەوانەیە ببێتە هۆی چەندین پێکداهەڵپرژانی خوێناویی دیکە. بە گوێرەی ئاگربەس، هیچ دەسەڵاتێك لە هەرێمە دوورەدەستەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا نەماوە و ئەو پرۆپاگەندەیەی کە ئەرمەنەکان لە ئاسیای بچووکدا بڵاوی دەکەنەوە، هەستی کوردەکان نیگەران دەکات، کوردەکان لەم هەرێمانەدا گەورەترین زۆرینە پێك دەهێنن، ئەمە دەشێ چەند ڕەشەکوژیی نوێی دیکەی گەورەی لێ بکەوێتەوە، کە زیان بە ئەرمەنیەکان بگەیەنێ و ببێتە پەڵەیەکیش بە نێوچەوانی میللەتەکەمەوە.**

**پێم وایە ئەرکی سەرشانی منە بە پەلە سەرنجتان بۆ ئەوە و بە تایبەتی سەرنجی کۆنفرەنسی ئاشتی بۆ ئەو دەرفەتە ڕابکێشم، کە دەشێ حکوومەتێکی کاتی لە کوردستاندا دابمەزرێ بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و هەموو وریاییەك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوەی ڕەوشەکە بە خۆیەوە دەبینێ.**

**بەو هیوایەی کە پێشنیارەکەم جێگەی ڕەزامەندیی جەنابتان بێت، بە نەوازشەوە ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوە، تا ڕێزلێنانی زۆر بەرزی خۆم پێشکەش بە جەنابتان بکەم.**

**سەرۆکی وەفدی کوردی**

**ئیمزا: شەریف**

www.zheen.org

**نامەی سێزدەیەم**

20, Avenue de Messine, VIII[e]
Tel. Wagrame 93-21
**پاریس، ٣٠ی نیسانی ١٩١٩**

**بۆ جەنابی بەڕێز پیشۆن*، وەزیری کاروباری هەندەران**

**بەڕێز جەنابی وەزیر،**

**بەو پێیەی یانەی کوردی، فەخری بەگ عەبدی خەڵکی خارپووت (کوردستان)، مامۆستا لە پەیمانگەی مامۆستایانی تاران، هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ئالیکاریم بکات، من زۆر منەتباری جەنابی بەڕێزتان دەبم ئەگەر داوا لە کۆمیسێریای باڵای کۆمار بکەن لە کۆنستانتینۆپل بۆ ئەوەی ڕێگەی بدەن بێتە پاریس.**

**جەنابی وەزیر دەربڕینی ڕێزلێنانی زۆر و زەوەندەم قەبووڵ بکەن.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

* Pichon

**نامەی چواردەیەم**

20, Avenue de Messine, VIII^e^
Tel. Wagrame 93-21

**پاریس، ٣٠ی نیسانی ١٩١٩**

**بۆ جەنابی بەڕێز گووت،**

**جێگری بەڕێوەبەری ئاسیا–ئۆقیانووس**

**لە وەزارەتی کاروباری هەندەران،** Quai d'Orsay

**وەزیری زۆر خۆشەویستم،**

**من بێ ئەندازە منەتبارتان دەبم ئەگەر ئەم تێلێگرامەی کە لەگەڵ ئەم نامەیەدا هاتووە، بگەیەننە کۆنستانتینۆپل. هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا بە مەبەستی شارەزایی، کۆپیی نامەیەکتان بۆ دەنێرم من لە کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردەوە کە لە قاهیرە کار دەکات، بەدەستم گەیشتووە. من هاوڕێ لەگەڵ نامەیەکی دووروودرێژ گەیاندمە بەڕێز دوتاستا[*]. هەروەك ئەو جۆری ئێوە دەیبینن، بە ناواخنەکەیدا دیارە هاوخەباتکارەکانم دڵرەقانە و بە زەبروزەنگەوە کاردەکەن، هەتا ئەگەر نیوەی بڕیارنامەکانیشیان جێبەجێبکەن، ئەوا زۆر لەو ئەرمەنییە هەژارانەی کە هەتا ئێستا (لەوێ) ماونەتەوە، لەناودەبردرێن.**

**تکایە ئیجازەم بدە داوا لە هەستی مرۆیانەت دەکەم بەوەی لێتان دەپاڕێمەوە بە سیفەتی کەسیی ئامۆژگاریی ئەرمەنییەکان بکەن بۆ دانایی و تەواوزوع نواندن لە داخوازینامەکانیاندا، کە پێم وایە زۆر زیادەڕۆییان تێدا کردووە. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە پێتان بڵێم، وەزیری خۆشەویستم، من تەواو لە خزمەتی ئێوەدام بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێوە بە دووروودرێژی لەسەر هەموو ئەوانەی وا لەپێشدا وتران.**

**وەزیری خۆشەویستم، تکایە دەربڕینی هەستی ڕێزلێگرتووی ئەوپەڕی دڵسۆزانەم قەبووڵ بفەرموون.**

**ئیمزا : شەریف**

www.zheen.org

---

[*] M. Dutasta : باڵوێزی فرانسا بوو لە Berne و یەکێك لە ئەندامانی وەفدی فرانسا بوو بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی و سکرتێری گشتیی کۆنفرەنسی ئاشتی بوو، وەرگێڕ.

نامەی پازدەیەم

پاریس، ٣٠ی نیسانی ١٩١٩

بەڕێز سکرتێری گشتی،

کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستان کە لە قاهیرە کاردەکات، ئەم نامەیەی ئاڕاستە کردووم، هاوپێچ بە تەرجەمەکراوی لەبەر گرینگی ناوەڕۆکەی کە نابێ لە دەستتان بچێ، بەگەڵ ئەم نامەیە خراوە.

من ئەوەم لەسەربووە تێکستە کە بەبێ دەستکاریکردنی تێرمەکانی کە لە بەکارهێنانی دیپلۆماتیدا بەکار نابرێن، وەکوو خۆیان بۆتانی ڕەوانە بکەم. من پێم وایە دەبێ لەبەر بەرژەوەندی مرۆڤایەتی بەپەلە بەدواداچوونێکی بێلایەنانە بکرێ بۆ گەڕاندنەوەی ئیعتبار بۆ ناوەڕۆکەکەی.

من بە پاڕانەوە لە جەنابی بەڕێزتان بەوەی ئەم بەڵگەنامەیە بخەنە بەردەست کۆنفرەنسی ئاشتی، ئەم دەرفەتە بە لوتفەوە دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی دەربڕینی هەستی بەرزی ڕێزلێگرتوومتان پێشکەش بکەم.

سەرۆکی وەفدی کوردی

(ئیمزا)

شەریف

**نامەی شانزەیەم**

**قاهیرە، ٢٦ی ئاداری ١٩١٩**

## بۆ جەنابی بەڕێز ژێنێراڵ
## شەریف پاشا

جەنابی بەڕێز،

لە ڕێگەی ساڵح بەگ-ەوە بە هەموو فیداکارییەکی ئێوەم زانی بۆ بەرگریکردن لە پرسی پیرۆزی نیشتمان و بە تاسەیەکی زۆرەوە ئەم یادداشتنامەیەم خوێندەوە کە ئێوە ئاراستەی کۆنفرەنسی ئاشتی تان کردبوو. هیوادارم ئێوە بەردەوام بن لەسەر لە بەخششی شایانی ستایشتان، ئێمە زۆر منەتباری ئێوەین.

هەروەك ئەوەی ئێوە توانیتان لە ڕێگەی ئەو خوێندنەوە وردەی جاڕنامە و پرۆگرامەوە کە بەم دواییە لە ڕێگەی ساڵح بەگەوە بۆتان نێردرا، تێبینی بکەن ئێمە لێرەدا لەوەمان کەم نییە شەو و ڕۆژ بە هەموو هێزێکمانەوە کار بکەین بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزە. ئێمە چەندان هەزار نوسخەی فرەنسی و ئینگلیزیی جاڕنامە و نامیلکەکەمان بۆ حکوومەتەکان و پەرلەمانی هەموو وڵاتان ڕەوانە کردووە بۆ بەرپەچدانەوە و چوك پێدادانی داخوازینامە ناڕەوایەکان و بانگەشە گەپجاڕییەکانی ئەرمەنەکان. هەروەها تێلێگرامی ناڕەزایی و سکاڵامان بۆ سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی، سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وەزیرانی دەرەوەی هێزە هاوپەیمانەکان ناردووە. لە لایەکی دیکەوە، داوایەکانی ئێمە، خواستەکانی ئێمە بەوەی کە بنەوانی ستاتستیك، نەخشە و بڕیارنامەی ڕەسمیی قەبووڵکراو و سەلمێنراویان هەیە، لە لایەن هەموو حکوومەتەکانەوە بێنەوبەرە هەڵناگرن.

ئەوە تەواو مەحاڵە کە بستێك خاکی هەر حەوت ویلایەتی ئەرزڕۆم، سیواس، دیاربەکر، وان، بدلیس، خارپووت و مووسڵ کە کوردستان پێك دەهێنن بۆ ئەرمەنییەکان بەجێبهێڵین. چواردە ملیۆن موسڵمانی کورد و تورك، پێکەوبەند سوێندیان لەبەردەم خوادەوەندا خواردووە کە تا دوایین هەناسە، تا دوایین مرۆ بەرگری لەم هەرێمانە بکەن.

www.zheen.org

حکوومەتی کوردستان کە پێشتر پێك هاتووە و کوردستان نابێ نە بە ئێران و نە بە ئەمیری مەککەوە بلکێندرێ و نە بخرێتە ژێر دەستی ئەوانەوە. کوردستان دانیشتوان و هێزەکەی لەسەرووی هێزی ئێران و حیجازەوەیە.

ئێمە سەربەخۆیی خۆمان نە لە هێزە ئەورووپییەکان و نە لە کۆنفرەنسی ئاشتی داوا ناکەین. ئێمە سەربەخۆیی خۆمان پێك هێناوە و لە سایەی هێزی پەروەردگارەوە و بە زەبری شمشێری خۆمان ڕامانگەیاندووە.

ئەوەی وا ئێمە لە هێزە ئەوروپاییەکانی داوای دەکەین، تەنها ئەوەیە شارەکان و هەرێمەکانی موسڵمانەکان کە بە دیاری دەیاندەنە ئەرمەنییەکان، لەکاتێکدا هەزار سێسەد ساڵ دەبێ میراتی پشتاوپشتی ئیسلامە و باوباپیرانی ئێمە بە زەبری شمشێر گرتوویانە، ئەم هێزانە بەبێ هۆ نابنە سۆنگەی لەناوبردن و قەڵاچۆکردنی ئەم ئەرمەنییە نەگبەتانە.

ئامانجی بەشوێن داچووی هێزە ئەوروپاییەکان دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی نییە، بەڵکوو ئامانجیان ئەوەیە لەژێر پەردەی ئەرمینیادا، نۆ هەرێمی ئیمپراتۆریای عوسمانی قۆرخ بکەن. گوێیان لەوە دەبێ کە هەر لە ئێستەکەوە بەبیانووی بەرقەرارکردنی ئاسایشەوە، خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی لەشکری داگیرکار بنێرنە ناو ئەو هەرێمە ناوبراوانەی وا ئەرمەنییەکان ژمارەیان لەناو ئەم نۆ هەرێمە ئیشارەت بۆکراوەدا لە 5%ی دانیشتوان زیاتر نییە و ناتوانن بەسەر موسڵمانەکاندا زاڵ بن، کە لە ڕووی ژمارەوە 95 جار لەوان زیاترن. ئەمە ڕاستییەکە خۆی دەسەپێنێ و پێویستی بەوە نییە بسەلمێندرێ.

ئەگەر هێزە ئەوروپاییەکان بە پشت بەستن بە هێزی سەربازییان دەست دەکەن بە داماڵینی ئەم هەرێمە موسڵمانانە لە ئیمپراتۆریای عوسمانی و بە زەبری هێز دەوڵەتێکی ئەرمەنی دروست بکەن، ئەگەر بیست و چوار سەعاتیش چاودێریی بکەن ئەوا یەك تاقە ئەرمەنی زیندوو لەم هەرێمانەدا نابیننەوە.

چیایەکانی کوردستان کەنداوی ناڤارین* نین و کەشتیە جەنگیەکانیان ناتوانن وەك کەشتیەکەی نووح بە قودرەتی خوداوەند لەسەر چیای ئارارات بنیشنەوە.

---

* Baie de Navarin : کەنداوێکە کەوتۆتە ناو دوورگەی پیلۆسی Pylos لە بەشی خوارووی یۆنان. جەنگێکی گەورە لە ٢٠ ی ئۆکتۆبەری ١٨٢٧ لە چوارچێوەی جەنگی سەربەخۆیی یۆناندا لە نێوان کەشتیگەلی

نەوەی سەلاحەددین ئەیووبی کە بە هەزار سوارەوە هەموو خاچپەرستەکانی شکست پێهێنا، ئێستە چواردە ملیۆن پاڵەوانن کە سەختی لەوەدا نابیننەوە تا پەلاماری خاچپەرستەکانی ئێستە بدەن.

ئەوەی تایبەتە بە ئێمە هیچ باکمان لە هێزە ئەوروپاییەکان نییە. ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی بە کۆمەڵ بۆ بەرگری لە پیرۆزییەکانی نیشتمان بمرین. ئەوە ئەوان و ئەرمەنییە خۆشەویستەکانیانن کە دەیانەوێ لەناو بیرکردنەوەدا بژین.

بە ناردنی ئەم نامەیەمان بۆ هێزە ئەوروپاییەکان هیچ ئامانجێکمان نییە، جگە لەوەی حەقیقەتی ڕەوشەکەیان تێبگەیەنین، تەنها بۆ مرۆڤایەتی و بۆ ئەوەی تکایان لێ بکەین نەبنە سۆنگەی مردنی ملێونان قوربانیی بێ گوناه. ئەگەر گوێش نەگرن، ئەوا بەرپرسیاریەتەکە دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان.

ئێوە ڕێگەتان پێدراوە ئەم ڕاستیانە بەناوی کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستانەوە بە ئاگاداریی کۆنفرەنسی ئاشتی بگەیەنن.

(ئیمزا)

ماردین زادە

محەمەد عارف پاشا

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

فرەنسی، ئینگلیزی و ڕووسی لە لایەك و کەشتیگەلی عوسمانی لە لایەکی دیکە دا ڕوویدا کە لە مێژوو دا بە جەنگی ناڤارین ناسراوە، وەرگێڕ.

**نامەی حەڤدەیەم**

**وەفدی بریتانی**
**پاریس**
**ژمارە ٨٢٠**
(10-565/1/1/10565)

**بەڕێز بەلفۆر ڕێز و سلاوی خۆی بۆ لۆرد کیرزۆن دەنێرێت و هاوپێچ کۆپیی ئەم کاغەزانەی کە لە خوارەوە باس کراون، دەنێرێت لەگەڵ داوای ئەوەدا کە کۆپیەکی بگەیەنرێتە ئۆفیسی هیندستان.**

**وەفدی بریتانی**
**پاریس**
**٢٦ی ئایار ١٩١٩**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ناو و مێژوو: ژێنێرال شەریف پاشا، ٢٦ی ئایار**
**بابەت: دواڕۆژی کوردستان**
**( لەگەڵ هاوپێچ)**

**نامەی هەژدەیەم**

**کۆپی**

20, Avenue de Messine, VIII^e
Wagrame 93-21

**پاریس، ٢٠ی ئایاری** 1919

**بۆ جەنابی بەڕێز سێر لویس مالێ***

**جەنابی بەڕێز،**

**شەرەفی ئەوەم هەیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا، کورتەیەکی گفتوگۆی ئەوێ ڕۆژێی خۆمتان بۆ بنێرم، بۆ ئەوەی بەم ئاڕاستەیەوە بخرێتە بەردەم جەنابی بەڕێز بەلفۆر.**

**جەنابی بەڕێز تکایە گەرمترین سڵاوی سوپاگوزارانەی پێشدەستیانە و گوزارشتی بەرزترین ڕێزلێنانم قەبووڵ بفەرموون.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ئیمزا: شەریف**

---

Sir Louis Mallet *

**نامەی نۆزدەیەم**

(١٠٥٦٤)

(کۆپی)

پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکێك بۆ کوردستان بەهۆی ناکۆکی چەندین ساڵەی نێوان هۆزە هەمەچشنەکانەوە کە گەلی کورد پێك دەهێنن و هێشتا لە ڕەوشێکی فیۆدالی و ژێر دەسەڵاتی چەند سەرۆکێکی نەزاندا دەژین، لە هەموان پڕئاستەنگترە.

خۆ ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە بۆ بڕیاردانی گەل لێ بگەڕێین، ئەوا بەشوێن ئەو فرە کاندیدایانەی وا لەلایەن هەموو ئەو هۆزە زۆر و زەوەندانەوە کە ئەمڕۆ هەن، پێشکەش دەکرێن، پشێویی زۆری لێوە پەیدا دەبێ، ئەمەیش دواجار دەرفەتی ئەوە خۆش دەکات دووبەرەکیی نێوان هۆزەکان زیاد بکات، بێ ئەوەی ئەنجامێکی خواستراوی لێوە دەست کەوێت.

هەر هۆزێك سەرۆکی خۆی باڵاتر لەوانی دیکە دەبینێ و لە ئەنجامدا هۆزەکە نایەوێ بچێتە ژێر باری دەسەڵاتی سەرۆکێکی دیکە کە ڕکێفی لەدەستی هۆزێکی دیکەدا بێت.

زیاد لەوە، دەبێ سەرۆکێکی شارستانیخواز و خاوەن کولتوورێکی ئەورووپایی و سەر بە نەتەوەی کورد بێت، ئەمان و ئاسایشێك بۆ بێلایەنییەکەی دەخاتە سەر بەڕێوەبەرایەتییەکەی بەرامبەر بەو پێکهاتانەی کە بە ناچاری لە ناو کوردستاندا گرددەبنەوە.

ئەگەر لەو دەرو ناوچانەدا کە بەر کوردستان دەکەون، کۆمەڵە خەڵکێکی تەواو غەوارەیان تێدابوو، ئەوا بەگوێرەی ترادسیۆنی نیشتمانییان ستاتووێکی تایبەتیان پێ دەبەخشرێ.

کەوایە وریایی ئەوەیە ڕاستەوخۆ سەرۆکێك کە سەر بە نەتەوەی کورد بێت، سوود لە متمانەی هێزە کۆمەکارەکە وەربگرێ و ڕابوردوویێکی سیاسیی ناسراو و بیروڕای مۆدێرنانەی هەبێت و پۆستێکی بەرزی هەبووبێت، بە تایبەتیش لە دەرەوەی ناکۆکییەکان و دەسیسە ناوخۆییەکاندا بێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەمەیان بەهرە لە متمانە بە گەل وەردەگرێ بۆ بێلایەنیی بەڕێوەبەرایەتیەکەی، ڕێزگرتن لەو دەسەلاتە کە وەکی دیکە لە هێزی بەناوبانگی ئینگلستانەوە بۆی دێت.

ئەوەی هێندە بێ بایەخ نییە، ئەوەیە کە ئەرکی سەرۆك لە سەرەتادا زۆر سەخت دەبێت، سەرۆك دەبێ شارەزایی سیاسی، بەڕێوەبەری، هەتا شارەزاییەکی سەربازیی تەواویشی هەبێت، بۆ ئەوەی حکوومەتەکەی بە دوا مەنزڵ بگەیەنێ و بەوەی سیاسەتەکەی لەگەڵ سیاسەتی بریتانیای فەخیمە هاوجووت بێت.

دانایی لەوەدایە ناو و هەیبەتی سەرۆکە کۆنەکانی بنەماڵە گەورەکانی کورد بپارێزرێن، لەناو ئەنجومەنێکی فیدراڵیان کۆبکرێنەوە، کە لە لایەن میرێکەوە سەرۆکایەتی بکرێن حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانی دیاریی دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە ئەڵقەی پێوەندی لەنێوان دەسەلاتی حکوومەت و ئەواندا. ئەم سەرۆکانە ڕاوێژکاری مەدەنی و سەربازیی ئینگلیزی خۆیان و وەزیری خۆیان بەدەورەوە دەبێت.

ئەنجومەنێکی دیکەی دووەم دەبێ، پێك دێت لە: یەکەم- ئەنجومەنێکی پیران- کە نیوەی ئەندامەکانی لە لایەن میرانی ناو سەرۆکهۆزە نفووزدارەکانەوە هەڵدەبژێردرێ و نیوەکەی دیکەشی لە پلەی دووەمدا هەڵدەبژێردرێن؛ دووەم- ئەنجومەنێکی پەرلەمان- کە ئەندامەکانی لە پلەی دووەمدا هەڵدەبژێردرێن و سێیەمیشیان ئەنجومەنێکی دەوڵەت بۆ ئامادەکردنی یاسایەکان.

لە ناو جۆش‌وخرۆشێکی بەتینیدا بۆ ئەوەی نەتەوەکەی لە مەترسیی پاشاگەردانی بپارێزێ، مەترسییەك کە دەیخاتە ناو وێرانەبوونێکی تەواو، ژێنێرال شەریف پاشا بە خۆشنوودییەوە خۆی تەرخان دەکات بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی پێویست بۆ سازکردنی دەوڵەتی کوردی بەرپرسیاریەتێکی قورسی ئەرکێکی ئاوەها لە ئەستۆ بگرم. ئەگەر حکوومەتی خاوەند شکۆی بریتانی بیەوێ ئەو شەرەفەم پێببەخشێ، متمانەی تەواوەتیم پێبەخشێ، کە من پێم وایە بە تەواوی بە هۆی پابەندبوونی توندمەوە بە سیاسەتی ترادسیۆنانە و کۆنینەییەوە شایستە بم.

لەسەر بانگهێشتی باڵوێزی خاوەندشکۆی بریتانیا، ژێنێرال شەریف پاشا لە حوزەیرانی ١٩١٨ چوو بۆ مارسیلیا بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ سێر پێرسی کۆکس، بۆ ئەوەی لەبارەی کاروباری کوردەکانەوە وتووێژ بکەن.

دواتـر سـێر  سـایکس لەلایـەن لقـی–بەڕێوەبەرایـەتیی ئاسـیای وەزارەتـی کاروباری هەندەرانەوە زەوینەکەی تاقیکردەوە، بۆ ئەوەی بزانێ داخۆ حکوومەتی فرەنـسی بـە چـاوێکی چـاك سـەیری کاندیـداکردنی شـەریف دەکـات وەکـوو مـیری کوردسـتان، وەڵامـی وەزارەت ئـەرێنی بـوو، هـەروەك دواتـر بـەڕێز گـووت بـە ژێنێـرال شەریف پاشای گوتوە.

ئەگەر حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانی بتوانێ سـەرۆکێکی دیکـە بدۆزێتـەوە مەرجـە داواکراوەکـانی تێـدا بێـت، ئـەوا ژێنێـرال شـەریف پاشـا پێـی نـاخۆش نـابێ لەوەی دەست هەڵبگرێ بۆ ئەوەی پابەندبێ بۆ ئەم قوربانییە کە بۆ ئەو گران دەبێ.

ئـەو سـەرەڕۆیی ناکـات ئەگـەر لـە ئێـستەوە هـان نـەدرێ، هـەر هـیچ نـەبێ هـەتا ئەگەر بە زارەکیش بێت.


بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی بیستەم**

**پاریس**

**٢٤ی حوزەیرانی ١٩١٩**

**گراهامی زۆر بەڕێزم:**

**کۆپیی نامەیەکتان بۆ دەنێرم کە شەریف پاشا ئاڕاستەی بەڕێز پیشۆنی کردووە.**

**پاشا کۆپییەکی ئەم نامەیەی بە لۆرد دەربیدا ناردووە ((بۆ ئەوەی بیگەینێتە دەست کەسی مەبەست)).**

**هەمیشە خۆشەویستی**

**جۆرج گراهام**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی بیستویەکەم**

20, Avenue de Messine, VIII^e^
Tel. Wagrame 93-21
**پاریس، ٢٣ی حوزەیرانی ١٩١٩**

**بۆ جەنابی بەڕێز پیشۆن، وەزیری کاروباری هەندەران**

**بەڕێز جەنابی وەزیر،**

**دوای ئەو هێندە بەڵگەنامە لەسەر پابەندبوونی مکوومی من بە فرانسا و خۆشەویستی من بۆ فرانسا پێم وابوو کەوا هەقی ئەوەم هەبوو بەشێوەیەك مامەڵەم لەگەڵدا بکرێت جیا لەوەی لەگەڵ منیان کردووە.**

**ماوەیەکە لەناو سەرساميیەکی بێزارکەردا دەبینم لە لایەن پۆلیسەوە چاوەدێری دەکرێم و بە حەماسەیەکی زیادەوە هەتا بەردەستیی دڵسۆزم ئیسماعیل و سکرتێری تایبەتییم، قوماندان غالیب بەگ لەم چاوەدێریکردنەدا بەدەرنەبوون. نامە و نامەکارییەکانم سانسۆر دەکرێن کە تا رادەیەك دەتوانم لەوە تێبگەم بەڵام ئەوانیش هەروەها دەستیان بەسەرداگیراوە، ئەوەی کە من لە دوای ئەوە ناتوانم قەبووڵی بکەم. هەموو ئەوانە لەگەڵ عیززەتی نەفسی من و بەرژوەندی یەك لەدوای یەکی هەر دوو وڵاتماندا کەم دەگونجێن.**

**بێگومان من بۆ خۆم خەملاندنی ئەوەم لەدەست داوە تا بزانم من لە فرانسا کێم: من لە فرانسا خۆم بە بێگانە نازانم چونکە سێ چارەگی ژیانی خۆم لە فرانسا بەسەر بردووە و زۆرترین، کۆنترین و هاوڕێیەتییە توندوتۆڵەکانم لە فرانسان. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی فرانسا دڵڕەقانە ژیانی سیاسیم دەخنکێنێ، بەوەی هەر لە دوای مۆرکردنی ئاگربەسەوە ڕێگەی ئەوەی لێ گرتم سەری کۆنستانتینۆپل بدەم و خۆم بخەمە خزمەتی وڵاتەکەمەوە. سەرۆك وەزیران داماد فەرید پاشا دەتوانێ پێتان بڵێ چەندە بە تاسەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بووم کە ئەو ڕایەی پێشوەختدا بووم پاشگەزبوونەوەی بۆ نەبوو. من باوەڕ ناکەم و پێم وایە ئەمە زیاتر هەر کردەیەکی غافڵگیری دیپلۆماسیی فرانسییە.**

ئێوە تەنها بڕوا بە هاوڕێیەتیی ئەوانە دەکەن کە ئێوە پارەیان پێدەدەن، کە دەیانکڕن. ئەوانەی کە وەکوو من وەفادارانە بۆ پرسی ئێوە پێوەچوون لای ئێوە هیچ جێگەیان نابێ، ئەوە نەبێ کە ڕووبەڕووی دڵساردی ببنەوە، لەکاتێکدا ئێوە بە هەموو مانایەکی وشە باوەڕی خۆتان بە چەتەکان داوە، چونکە ئێوە ڕووی دەرەوەی وەفادارانەتان کڕیوە. ئیشارە بە ئەسعەد پاشا دەکەم بە نموونە.

هەموو ئەوانەی کە لە ڕۆژهەڵات ژیاون، پێشینەکانی ئەم پیاوە دەزانن. برایەکەی، غەنی بەگ، جەلاد و سەرکاری سوڵتان عەبدولحەمید بوو. ئێوە وەکوو من دەزانن لەناو ژمارەیەك لەو تاوانانەدا کە غەنی کردوونی، دەتوانین بیانژمێرین، ئاماژە بەوەی ژنێکی ئەخلاق سووك و دایکی دەکەین کە بە دەستی خۆی لەناو جەرگەی پێریا دا کوشتوونی، هەتا لە سەگەکەشی داوە بۆ ئەوەی لێ نەگەڕێ بوەڕێ. ئەمە بە فەرمانی سەروو کراوە، چونکە یەکێك لە کچەکانی سوڵتانی لە سەر عەرش لابراو ویستوویەتی بگەڕێتەوە لای ماڵی مێردەکەی، کە بۆ خۆی دۆستی ئەم ژنە بووە.

غەنی ئەم ڕێگرە، بەو باوەڕەی کە سوڵتان عەبدولحەمید پێیدابوو، بۆ خۆی سەرداری ڕەهای پایتەخت بوو. ئەوە هەر بەتین و تاوی غەنی دا بوو کە ئەسعەد پۆستی کۆلۆنێلی ژاندارمەری لە ئەلبانیا پێدرا، کە تێوەگلایە ناو قێزەونترین کاری تالان و بڕۆ، لەوە نەدەترسا سوود لە دەستڕۆیشتوویی هیچوپووچانەی خۆی وەربگرێ و بە ئاشکرا سەرووی خۆی ماریشاڵ تارتار عوسمان پاشا، حاکمی گشتی و قوماندانی گشتی ژەنینیا[٣٤]، لەبەر چاوی خەڵك و خوایەکەدا دڕاندانە ڕەفتاری لەگەڵدا بکات. ئەم کردەوە قێزەونە نافەرمانییەی هەر بەبێ سزادان مایەوە. کچە پیانیستێکی ئیتاڵیایی لە کۆشکی سوڵتان وانەی دەگوتەوە، یەکێك لە کوڕەکانی سوڵتان دەستدرێژی دەکاتە سەری و سکی پڕ دەبێ. لە ئەنجامدا بۆ خۆڕزگارکردن لەو کچە و لە منداڵەکە کە لە سکیدا بوو، کارەکە بە غەنی سپێردرا؛ ڕۆژێکیان لە پێریا، لە ماڵی کچەکە، لەسەر مێزدا بە ئامادەبوونی باوك و دایکی کچەکە، غەنی خەنجەرێك لە دڵی کچەکە دەچەقێنێ. بۆ بەدوا داچوونی ڕووداوەکانی کۆنستانتینۆپل ساڵی ١٨٩٦، پۆلیس برێك ئەرمەنییان گرتبوو، غەنی چووە ناو پارێزگەی پێریا، دوان لە ناویاندا هەڵدەبژاردەبژێرێ و دەیانکوژێ، بۆ ئەوەی دەستی خۆییان پێ سپی بکاتەوە.

---

[34] ژەنینا: یەکێك لە شارە گرینگەکانی ئیپرە لە باکووری– ڕۆژئاوای یۆنان، وەرگێر.



www.zheen.org

لە دەورانێکی پێشووتردا، ساڵی ١٨٨٥، بولگاریا بە ڕۆمیلیای ڕۆژهەڵاتیەوە لکێنرا، یۆنان دەرفەتی ئەم بەرفراوانبوونەی هاوسێیەکەی وەرگرت بۆ داواکردنی ڕاستکردنەوەی سنوورەکان. غەنی و ئەسعەد خۆیان خستە خزمەت یۆنان و بڕە پارەیەکی زۆریان درابوویێ بۆ نانەوەی ئاژاوەچێتی لە ئەلبانیا.

جارێکی دیکە، یەکێك لە فیرقە سەربازییەکانی نەمساوی دەستنیشان کرابوو بە ڕەزامەندیی دەوڵەتە گەورەکان بچێتە ناو سووتاری، بۆ ڕێگەگرتن لەوەی مۆنتینیگرۆ دەست بەسەر ئەم شارەدا نەگرێ کە لە کۆنفرەنسی لەندەندا بەر ئەلبانیا کەوتبوو، هەروەها بۆ داواکردنی ماف داگیرکردنی. حکوومەتی مۆنتینیگرۆ پێوەندیی بە ئەسعەدەوە دەکات کە کاراکتەری کڕین و فرۆشتنی ئەسعەد دەزانێ، بۆ ئەوەی دەستەوجێ ئەم شوێنە بەهێزە بەردەست بخاتەوە.

هەقدەستی خیانەتەکەی پێنجسەد هەزار فرەنك بوو کە لە تریست لە لای بانکەوانی پاشای مۆنتینیگرۆ وەریگرت.

ساڵی ١٩١٤، لە دەورانی شازادە وییێد، یۆنان لەژێر پەردەی حکوومەتی ئیپرەدا دانیشتوانی موسڵمانی ئەلبانیای جنووبیی قەڵاچۆ کرد. ئەسعەد، وەزیری جەنگی دەوڵەتی ئەلبانیا ڕاسپێردرابوو لەپاڵ دەسەڵاتی ڕێگەپێدانی لە لایەن دەوڵەتە گەورەکانەوە، ئەم ناوچەیە داگیر بکات. بەڵام بڕە پارەیەکی زۆر کە پزیشکی چاوی ئۆرتۆدۆکسی ئەلبانی، دوکتۆر ڤۆییلا بەخشیبووی بە ئەسعەد. پاشان ئەمەیان لە ماوەی زیاتر لە یەك مانگ دا خۆئامادەکردنی سازدا بۆ داگیرکردنی ئەو کارەی کە کاتی پێویستی بە یۆنان بەخشی بۆ ناچارکردنی زۆرینەی دانیشتوانە موسڵمانەکان بەوەی کۆچ بکەن بۆ هەرێمی ڤالونا. ئەم زۆرینەیە لە پێناوی کەمینەیەکی ئۆرتۆدۆکس ڕاگوێزرانەوە.

ئەلبانیەکان هەرگیز ئەوەیان لەبیر ناچێتەوە کە ئەمە بە پارەی سێربەکان کراوە، ئەسعەد لە پشتەوەڕا پەلاماری داون و پاییزی ١٩١٤ بە ١٢٠٠٠ ئەلبانی کە بە فێڵ و تەڵەکە لەو ناوچە چیاییانە کۆیکردبوونەوە کە دوای کۆنفرەنسی لەندەنی ساڵی ١٩١٣، بە سربیاوە لکێنرابوون. ئەسعەد ئەم سەربازگیرییەی ئەلبانیاییەکانی بە بیانووی ئەوەوە کردبوو شازادە بورهانەددینی کوڕی سوڵتان عەبدولحەمید کە ئەڵبانییەکان پیرۆزیان دەکرد، بگەیەنێتە سەر عەرشی ئەلبانیا. بەڵام کاتێك ئەلبانییەکان بینییان ئەسعەد هەر تەنها کارمەندێکی بەکرێگرتەی سربیەکانە،

سوپاکەی پەرت و بڵاوبۆوە و پاشای خۆفرۆش لە دوورازۆ لە لایەن ئەلبانییەکانی ئەم ناوچەیەوە دەورەی گیرا، تەنها بە سایەی کەشتیی جەنگیی ئیتالیاییەوە کە بۆ بەرگریکردن لەو شارە دژ بە پەلاماری یاخیبوون نێردرابوو، ڕزگاری بوو. لەسەرێکی دیکەوە ئیتاڵیاوە بۆ کۆمەگی ئەسعەد، نەك هەر تەنها هێزی پشتیوان، بەڵکوو پارەیەکی زۆریشی دا لەنێوان پاشای خۆفرۆش و کارمەندی هاوپەیمانەکاندا، کە ئەم حاڵەتە ئیتالیایەکانیشی دەگرتەوە، دابەش کرا.

هەرچۆنێك بێت، پیشە تەڵەکەبازییەکەی سەرمایەیێکی چاکی بۆ ئەسعەد کۆکردەوە، زیاد لەوە ئەو بڕە پارە بێشوومارەش کە لە حکوومەتی فرانسا و ئیتاڵیای دەقاچاندەوە، ئێستە لە حکوومەتی سربیا و یۆنانیشی دەقاچێنێتەوە. لە کۆلۆنێکی سادەی ژاندەرمەری، پلەیەك کە هاوتای هیچ پلەیەکی سەربازی نییە لە تورکیا، ئەسعەد بوو بە ژێنێراڵی فیرقەی عەسکەری: هەمیشەش بە هەمان دەستڕۆیشتوویی. جەمعیەتیی ئیتتیحاد و تەرەققی لەو پلەیاندا هێشتەوە، تەنها بۆ ئەوەی وەکوو جێبەجێکاری تاوانەکانیان خزمەتیان بکات.

جگە لەوە ئەسعەد بۆسەی بۆ ناودارترین ژێنێراڵی سوپای عوسمانی، ژێنێراڵ حەسەن ڕەزا پاشا، ڕێك دەخات کە لە گەرمەی جەنگی باڵقان دا دژی مۆنتینیگرۆ سەرکردایەتی بەرەی سووتاری* ئەلبانیی دەکرد.

ئەسعەد، ژێنێراڵ داوەتی خوانی ئێوارە دەکات و ئێوارە خوانەکە تاوەکوو نیوەی شەو درێژ دەکاتەوە، وەختایەکیش میوانەکە لای ئەسعەد دەڕوا، هاوکارەکانی ئەم ڕێگرە، براکەی ئەم چەتەیە، لە گۆشەیەکی کۆڵانەکە چاوەڕوانی ژێنێراڵ دەکەن و دەیکوژن.

بە ڕاگەیاندنی هەواڵەکە لە جەمعیەتی ئیتتیحاد و تەرەققی کە بەدبەختی مردوو دوژمنیان بوو، ئەسعەد ڕایگەیاند کە ئەو سەرکردایەتیی ئەم سوپایەش بە ئەستۆ دەگرێ کە دواتر لە لایەن مۆنتینیگرۆیەکانەوە شکستی هێنا و لەم شوێنە گرینگەیان دەرپەڕاند.

ئەمڕۆ ئەسعەد هیچ ناوو شۆرەتێکی لە ئەلبانیا نییە: هەتا یادەوەریی ئەو کەسەی لە سایەی نفووزی برا چەپەڵەکەیەوە، بۆ هەتا هەتایە ون نەبوە. من لەوە

---

* Soutari

دڵنیام کە نامە و نامەکارییەکانی ئەم چەتەیە نە دەستیان بەسەردا دەگیرێ و هەتا سانسۆریش ناکرێ و خۆیشی بۆ خۆی لەلایەن پۆلیسەوە چاودێری ناکرێ. من هێشتا ئەم ئیهانەیەم پێباشترە وەك لەوەی لەم پیاوە سپڵەیە بچم.

من بەداخەوە تێبینی دەکەم لە دەورانی ئەم جەنگی جیهانییەوە لای هاوپەیمانەکان ( بەدەر لە ئینگلیزەکان)، هەمیشە کارمەندی ناشەریفیان دۆزیوەتەوە، کە ئامادەبوون دەست وەربدەنە ناو هەموو دەست تێکەڵکردنێکی گومانلێکراوانە.

ئەوانەی کە دەیانەویست بەشیان لەم پێشبرکێیەدا هەبێ، بە پەرجوو بوونەتە پیاوگەلی هەڵکەوتوو و وەختایەکیش پرۆژەیەك سەر ناکەوێ، ئەوا یەکێکی دیکە لەو بەرێوەبەریەتیانە کە جێگەی دەگرنەوە، دەسخەرۆ دەکەن، تەواو وەك دەورانی قەرزە ئەفسانەییەکانی جەواد بەگ کە قوربانیی لە هەموان بەرچاوتر فرانسا بوو.

ئەوەی وا من لەناو ئەمانەدا لە هەموان زیاتر خەمبارترم دەکات ئەوەیە کە من لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی بەڕێز کلیمۆنسۆ دا گومانلێکراو بم، جەنابی بەڕێزیشتان دەزانن کلیمۆنسۆ بۆ من جێگەی سۆز و ڕێزێکی تایبەتە.

بەڕێز جەنابی وەزیر دەربڕینی پێزانینی زۆر بەرزم قەبووڵ بفەرموون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(ئیمزا) شەریف

**نامەی بیستودووەم**
**وەفدی بریتانی**
**پاریس**
**ژمارە ١٤٩٧**
(10-365/1/1/16585)

**بەڕێز بەلفۆر ڕێز و سلاوی خۆی بۆ لۆرد کیرزۆن دەنێرێت و هاوپێچ کۆپیی ئەم کاغەزەی کە لەخوارەوە نووسراوە، دەنێرێت بۆ سەرنجدانێکی ئاوەها کە ئەم بەڕێزە پێشکەشی بکات.**

**وەفدی بریتانی**
**پاریس**
**١ی ئابی ١٩١٩**

**ناو و شوێن: ژێنێراڵ شەریف پاشا، ٢٩ی تەمووز**
**بابەت: دواڕۆژی کوردستان**

www.zheen.org

**نامەی بیست‌وسێیەم**

١٦٥٨٥

20, Avenue de Messine, VIII[e]

**پاریس، ٢٩ی تەممووزی ١٩١٩**

**بۆ بەڕێز ڕۆبێرت ڤانیستارت*، سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانە،**
**ئۆتێلی ئاستۆریا، پاریس**

**جەنابی بەڕێز،**

**وەك پاشماوەی وتووێژی ئەوێ ڕۆژێ، بە پەلەم لەوەی وا لەگەڵ ئەم نامەیەمدا هاوپێچ، یادداشتانامەی خۆمتان بۆ دەنێرم، ئێوە ئەوپەڕی لوتفتان هەیە بیدەنە دەست جەنابی بەڕێز بەلفۆر و زۆر منەتبارتان دەبم ئەگەر هەرچی زووترە، وەڵامی ئەو بڕیاردانەم لێ بگێڕنەوە کە پێی خۆشە لەو بارەیە بیدات، چونکە من دەبێ بگەڕێمەوە بەردەوام بم لە چارەسەری حەسانەوەم، چارەسەر بە ئاوی کانزایی کە ناچار بووم بەهۆی گەیشتنی وەفدی کوردییەوە دابیڕێم، بۆ ئەوەی بەبێ کات بەفیڕۆدان، بکەومە پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانیدا.**

**باشتر وایە واز لە چارەسەرییەکەم بهێنم، بۆ ئەوەی سەرقاڵی کاروباری کوردستان ببم لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە بەڕێز بەلفۆر دەستنیشانیان دەکات، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕەسمی لە هەموو ئەو پرسانە بکۆڵێتەوە کە من بەشێوەیەکی لاوەکی لە یادداشتامەکەمدا گێڕاومەتەوە. بێگومان هێشتا زۆر شتی دیکە هەیە کە لەو کەمتر گرینگتر نین، ئێمە بیروڕایان لەسەر بگۆڕینەوە.**

**بە هەر حاڵ ئەو ئاژاوەیەی کە وڵات تێی کەوتووە زۆر زیانبەخشە بۆ ژیانی ئابووری و بە هەمان شێوە بۆ ئینگلستانیش. کارێکی بە پەلە هەیە کە من بە تایبەتی سەرنجی ئێوەی بۆ ڕادەکێشم.**

---

* Robert Vansittart

بە تکاکردن لەوەی ڕێزلێنانم پێشکەش بە بەڕێز بەلفۆر بکەن، بە پەلە ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوە ڕێزداری خۆشەویست، گەرمترین سڵاوی دڵسۆزانەم قەبووڵ بفەرموون.

(ئیمزا) شەریف

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی بیست‌وچوارەم**

16585

**پاریس، ٢٩ی تەمووزی ١٩١٩**

**کارێکی مەحاڵ نییە کوردستان بە زەبری چەك هێمن بکرێتەوە، بەڵام پرۆژەکە کەم ئاسانتر دەبێت وەك لە سەدان وڵاتی دیکە. بێجگە لەوە، قوربانیدانی مرۆیی و دارایی جیاوازییەکی گەورەی دەبێ لەگەڵ چەند ئەنجامێکی کەمدا کە لەم شێوازە کارەدا بەردەست دەکەوێ.**

**هێورکردنەوەی کوردستان بە زەبری چەك لە بیست ساڵێك کەمتری پێ ناوێ و لە هەردوو لاشەوە، ژیانی ژمارەیەکی زۆر ئینسان دەبنە قوربانی، ئاسۆبینینێك کە لەگەڵ ئەم سەردەمەی وا ئێمە تێیدا دەژین، ناگونجێ.**

**داب و نەریتی جەنگاوەری، هەڵکەوتەی تۆپۆگرافیی کوردستان لەوەی داغستان دەچێ. ڕووسیا، گەورە ئیمپراتۆریای هاوسنووری ئەم وڵاتە چکۆلەیە، نەیتوانی تەنها دوای بیست ساڵێك لە جەنگ دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەم وڵاتەدا بسەپێنێ و هێشتاش ئەفسەر و ژەندرمەکانی ڕووسی ناتوانن بچنە ناوییەوە تەنها چەند کارمەندێکی مەدەنیی تێدا قەبووڵ کراون. ئەم نموونە مێژووییە واپێدەچێ بەڵگەهێنانەوەکەی من دووپات بکاتەوە.**

**ئەگەر ئەنگلستان شێوازێکی چەوساندنەوە دژ بە کوردستان پیادە بکات، ئەوا هێشتا بە هۆی دوورەدەستیی لە ناوەندی ئۆپیراسیۆنەکانەوە، خۆی لەبەردەم گەورەترین ئاستەنگدا دەبینێتەوە.**

**کوردستان لەژێر هەژموونی سەرۆکهۆز و شێخەکاندا دەژی: ئەمانە دژی ئینگلستان یەکدەگرن، هەمیشەش لە بەرامبەر دوژمنی بێگانەی هاوبەشدا ئالیکاریی یەکتر دەکەن. هەتا لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکانیشدا، کە وەك ئەوان موسڵمان بوون، یەکگرتوو بوون بەرامبەر بە بەرپەچدانەوەی دەستێوەردانی ئیدارەی تورکی کە چوار سەدەیە، نەیتوانیوە بە تەواوی، جگە لە شارە گەورەکان، دەسەڵاتی خۆی لە کوردستاندا بسەپێنێ.**

تا ئەوکاتەی ئاستی ڕووناکبیریی وڵات بەرز دەبێتەوە، دەبێ پشت بە سەرۆکە بەگزادە یا سەرۆکە ڕۆحییەکانی هۆزە کوردییەکان ببەسترێ و ڕازی بکرێن، ئەگەر مەبەست بێ هاوسۆزیی ئەوان ببردرێتەوە.

پەلە سەرەکیەکانی ئەمانە و هەموو بەگزادە کوردەکانی کۆنستانتینۆبل دەستبەرداری بانگەشەی تایبەتی خۆیان بوون و بە زۆرینەی دەنگ منیان وەکوو سەرۆك هەڵبژاردووە. ئەم هەڵبژاردنە بۆ کەسێك لە ڕەگەزی خۆیان، تەواو نامۆیە لەگەڵ ململانێی ناوخۆیاندا، ئەمە لە شوێنی خۆیەوە ئاماژە بە چەند دووربینییەکی سیاسی دەکات.

هەڵبژاردنی من لەکاتی خۆیدا لە ڕێگەی یەکەم درۆگمانەوە بە کۆمیسێری باڵای بریتانی لە کۆنستانتینۆپل ڕاگەیاندرا. ئەم هەڵبژاردنە لە هەمان کاتیشدا ددانپیانێکی زمنییە بە بوونی بریتانیا لە کوردستاندا، چونکە من لای هاوخەباتەکانم بەو مەرجە ئەم هەڵبژاردنەم قەبووڵ کردووە کە ددان بە ئەنگلستان دا بنێن، تاقە وڵات کە بتوانێ ئالیکاریی پێشکەوتنی نەتەوەکەم بکات.

ئەم تەجرەبە جێی داخەی کە بەمدواییە لە سلێمانی لەگەڵ شێخ مەحموود دا ڕووی دا، دەبێ ئەوە بۆ حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانی بسەلمێنێ کە تا چەند بۆی سەختە لە ڕێگەی دەستپێشخەریی ڕاستەوخۆی خۆیەوە لەناو وڵاتدا ڕەوشێکی سەقامگیر جێبەجێبکات. بردنەوەی وەفاداری، زۆربەی جار سەرۆکێکی کوردی خاوەن مەسەلە لەگەڵ ئەو یارمەتییەدا کە بە هیوان سەرۆکەکانی دیکە ملکەچ بکەن، سیاسەتێکە دەتوانرێ لەناو وڵاتێکی دیکەدا پەیڕەو بکرێ کە دانیشتوانێکی بێوەی تێیدا بژین، بەڵام ئەمە شانسی سەرکەوتنی کەمە لەوەی لە کوردستاندا سەر بکەوێ کە ئەم سیاسەتە دەبێتە سۆنگەی مەترسییێکی ترسناك بەهۆی ئەو ڕقابەرایەتییە کۆنینەیەوە کە لەنێوان سەرۆکهۆزەکاندا هەیە.

مەترسیەکی گەورەی دیکە لە چوونە ناوەوەدایە: ئەویش ئەوەیە کە ناتوانین دانیشتوانێك کە زۆرینەیان ئاییینپەروەرن، بویسترێ لە خەلافەت جیا بکرێنەوە و بخرێنە ژێردەسەڵاتی وڵاتێك کە هاو ئایین نەبن.

وریایی ئەوەیە کە ددان بە سەربەخۆیی کوردستان دا بنرێ و حکوومەتێکی ناوەندیی تێدا بەرقەرار بکرێ، کە لە شوێنی خۆیەوە ددان بە مافی چەندین ساڵەی

هەموو سەرۆکە کوردەکاندا لە هەرێمی خۆیاندا بنێ، میتۆدێك کە وەڵامدەرەوەی ئەو سیاسەتە ترادسیۆنانەیە کە حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانی هەموو کاتێك پەیڕەویی کردووە و لە ئێستەشەوە دەتوانێ لەوە دڵنیابێ کە دەتوانێ لە وڵاتدا دەسەڵاتێکی سەرەکی بخاتە سەر دووبارە ڕێکخستنەوەی ئیداری، ئابووری و سەربازی و هەموو ئەمانەش بەشێوەیەکی زۆر وریایانە و بە ڕەفتارکردنێکی ژیرانە و دووربینیی ئاسایی دەسەڵاتکارانی بریتانی بکات، بەبێ وروژاندنی حەساسیەتی نەتەوەیی کورد کە ئەوەدە بە سەربەخۆیی نەتەوەییانەوە پابەندن.

لە ڕوانگەی ئینسانییەوە، هەتا لە بەرژەوەندی سیاسیی کوردستان و ئینگلستان دایە، ئەوا دەبێ هەر لە ئێستەوە ئاسانکاریمان بۆ بکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەگوێرەی ویستی نەتەوەیی و بەگوێرەی خواستی هەموو سەرۆکە کوردەکان کە هیوادارن لە لایەن حکوومەتێکی ناوەندییەوە لە هەرێمە فیۆدالەکانی خۆیاندا مافی چەندین سەد ساڵەیان پارێزاو بێ و ڕێگەی هەموو شەڕە ناوەخۆییەکانیان لێ بگرێ. ئەو سەرۆکانە بەمشێوەیە پابەندی حکوومەت دەبن و ئالیکاریشی دەکەن بەو هیوایەی کەوا ئالیکاری و پارێزگاری لەو حکوومەتەدا ببیننەوە و لە سایەی هەستی وەفادارانەی نموونەیی ئەو سەرۆکانە سوپایەکی ناوازەی وەفادار پێکەوە دەنێن.

هەر ئێستە فەخری عادیل بەگ سەردانی کردم و پێی ڕاگەیاندم: نەتەوەی کورد منی کردۆتە وەفد، هاتووە ئەوەم بۆ دووپات بکاتەوە لە هەموو ئەو بڕیارانەدا کە لەلایەن گەلی کوردەوە سەبارەت بە من و ئینگستان دەیدات. ئەم پیاوە پیاوێکی زانایە، گەنجینەیەك زانیاریی مێژوویی و ئیتنیکی لەبارەی سەرجەم پرسەکانی کوردەوە لەگەڵ خۆیدا بۆ هێناوم. من بەختیار دەبم بە حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانی ڕابگەیەنم، بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە دیراسەی ئەوە بکەین کە دەبێ ئێستەکە بەخێرایی بکرێ و بەو ئامانجەی کە بە پەلە ڕەوشی ئێستەکە و چارەنووسی دواڕۆژی وڵات یەکلا بکرێتەوە. بەڵام پێش هەموو شتێك پێویستە کوردستان لەو ئاژاوەگێڕییە ڕزگار بکرێ کە لە ڕووخانی تورکیاوە و لە ئەنجامی کێبەرکێی سەرۆکە کوردەکانەوە هاتۆتە ئاراوە، تێی کەوتووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەلایەکی دیکەوە، ڕووداوە هەمەچەشنەکانی ناوەوە و ئەو ڕووداوەی ئامێدی هێندە کەم مایەی خەفەت نەبوون، هەموو تێگەیشتنەکانی من لەم ڕووەوە دووپات دەکەنەوە.

بێجگە لەوە بۆ ئاشتکردنەوەی سەرۆکەکان، لە جێی خۆیەتی لەسەر ئەو شێوەیەی کە بۆ عەرەبەکان کرا، کۆمەگی دارایی نەك تەنها ببەخشرێ بەو سەرۆکە کوردانەی کە لەناو وڵاتدا دەژین ، بەڵکوو بەوانەش کە لە کۆنستانتینۆپل لە هەلومەرجێکی هێشتا زۆر دژواردا دەژین، بەو پێیەی لەکاتی جەنگدا سەروەت و سامانیان لەناو براوە. ئەم بەگزادانە لە سۆنگەی داخوازینامە نەتەوەییەکانەوە لە کۆنستانتینۆپل بە چاوێکی زۆر خراپ سەیر دەکرێن.

سێر لویس مالێ لە یەکێك لە نامەکانیدا، داوای لێکردووم سکرتێری تایبەتیم، مێجەر غالیب عەلی بەگ، لەو سەفەرەی کە ئەوەندە بەخشندانەیە لەلایەن حکوومەتی خاوەند شکۆی بریتانییەوە ڕێگەی پێدرا، بچێ چ لە کۆنستانتینۆپل و چ لەناو وڵات، ئامۆژگاریی گونجاو بە چەند سەرۆکێکی کورد بدات. فەخری عادیل بەگی وەفد چەند زانیاری ڕازیکار و متمانەکراوی پێداوم لەسەر وەفاداریی چەند سەرۆکێکی کورد، کە واپێدەچێ جێگەی گومان بێ لای ئینگلستان لەوانە: عەبدوالقادر ئەفەندی و ئەمین عالی بەگی بەدرخان.

چاکتر وایە کۆمسیۆنێکی تێکەڵ و پێك بێ لە مێجەر غالیب عەلی بەگ، فەخری عادیل بەگ و دوو وەفدی بریتانی، بچنە شوێنەکە، بۆ ئەوەی نەك تەنها ڕەوشی ئابووری و سیاسی، بەڵکوو زیاد لەوە لە داخوازینامە نەتەوەییەکانی نێوان کورد و ئەرمەنەکان بکۆڵنەوە.

سەبارەت بە ئەرمەنەکان، کردەیەکی زۆر چاوەڕواننەکراویان کرد. کۆمیتەی ئەرمەنەکان بە ئامانجی دروستکردنی زۆرینەیەکی خەیاڵی، دەستیان کرد بەوەی ئەو ئەرمەنیانەی کە لە هەرێمە زۆر دوورە دەستەکانی ڕووسیا و تورکیا هەڵقەنرابوون، بێننەوە ناو کوردستان. جێگەی مەترسییە کە ئەم کۆچ پێکردنە بە ئەنقەستە خوێن ڕژانێکی دیکەی نوێی لێ بکەوێتەوە.

من زۆر منەتباری حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانی دەبم، ئەگەر بیەوێ هەرچی زووترە بمانخاتە پێوەندی گرتن لەگەڵ یەك یان دوو کەسایەتی بەتوانای

مەدەنی یا عەسکەری، تا بتوانین پێکەوە لە هەموو ئەو پرسانە بکۆڵینەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش لە وڵات. بە نهێنی ئامادەکردنی دەوڵەتێکی کوردی بە گوێرەی خواستە نەتەوەییەکانی، پێش ئەوەی بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕەسمی داوای کۆمەگی حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانی بکات.

**(ئیمزا) ژێنێرال شەریف پاشا**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی بیستوپێنجەم**

**وەفدی بریتانی**

**پاریس**

**ژمارە :١٥٢٣**
(365/1/1/16963)
**٥ی ئابی ١٩١٩**

**بۆ فەخامەتی پایەبەرز ئایرەل کیرزون کۆدلیستۆن**

**لۆردەکەم،**

**بە گەڕانەوە بۆ برووسکەنامەی ژمارە (١٤٩٧)-م لە ١ی ئابدا، وا لە خوارەوە کۆپیی نامەیەکی دیکە لەگەڵ هاوپێچێکی ئەسڵی[٣٥] کە لە لایەن شەریف پاشا-وە ئاڕاستەی بەڕێز ڤانیستارت کراون، بۆ بەڕێزتان ڕەوانە دەکەم.**

**من پێشنیار دەکەم نامەکە بۆ زانیاری ڕەوانەی کۆنستانتینۆپل بکرێ و لێ بگەڕێن کۆمیسێری باڵا بەگوێرەی لێکدانەوەی خۆی بڕیار بدات، ئەگەر پێویستی کرد نامەکە بداتە دەست عەبدولقادر.**

**چەند بەشێکی ئەم نامەیە کە لەلایەن شەریف پاشاوە نێردراوە، بە تایبەت لە خوارووی لاپەڕە (٤) دا دەتوانین بڵێین بۆ کۆمینیکاسیۆن دەست نادەن.**

**شەرەفی ئەوم هەیە لۆردەکەم، کڕنووشبەری گوێڕایەڵی بەڕێزتان بم**

**ئیمزا**
**(لە بریتی بەڕێز بەلفۆر)**

---

[35] بەداخەوە ئەم هاوپێچە ئەسڵیە کە وا پێدەچێ نامەی شەریف پاشا بووبێت بۆ سەیید عەبدولقادری سەرۆکی ( جەمعییەتی تەعالیی کوردستان)، ون بووبێ یان تا ئێستە نەخرابێتە ڕوو، ئێمە لەناو دۆسیەکەدا نەماندۆزییەوە و چارەنووسیشی نازانین، وەرگێڕ.

## نامەی بیست‌وشەشەم

16963

(٢ی ئاب، ١٩ی پاشنیوەڕۆ)

20, Avenue de Messine, VIII[e]
Tel. Wagrame 93-21

**پاریس، ١ ی ئابی ١٩١٩**

**جەنابی بەڕێز،**

لە چاوەڕوانیدا دەبێ خوشنوود بم بەوەی بەمزوانە وەڵامی دوایین یاددشتنامە کە لە ڕێگەی دۆستانەی ئێوەوە خستمە بەردەست حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانی، بە دەستم بگات. من زۆر منەتبارتان دەبم ئەگەر ئەم نامەیەی کە هاوپێچە لەگەڵ ئەم نامەیەمدا، بە جانتای دیپلۆماتی بگەیەننە جێگەی خۆی لە کۆنستانتینۆپل.

ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی پێتان بڵێم دوای چوونی کەسانی شایستە بۆ پشوو وەرگرتن، ئەگەر پێویست بێ لەگەڵ فەخری عەبدی بەگ بچم بۆ لەندەن، من ئامادەم ئەم سەفەرە بکەم. گرینگ ئەوەیە لەم کاتانەدا دەستەوستان نەمێننمەوە لە پاریس و دەبێ بە شوێن چارەسەریەکەمدا بۆ ساڤوا* بچم. کات نەماوە و زیاد لەوەش هەموو دانیشتوانە کوردەکان کە لە تورکیا بە زەبری هێزی کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەققی ڕاگوێزراوە نەتەوە، کلۆڵترین ژیان دەگوزەرێنن و ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە هەرچی زووترە بیانخەینەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان.

ئێوە دەبینن بەدەر لە پرسی سیاسی، مەسەلەیەکی ئینسانی لەئارادایە کە دەبێ سەرقاڵی ببین، بۆ ئەوەی هاوسۆزی و دانپیانانی دانیشتوانی کورد لە ئاست بریتانیا ببەینەوە.

جەنابی بەڕێز، هەستی ڕێزگرتوانەی لە هەموان دڵسۆزانەترم قبووڵ بفەرموون.

(ئیمزا) شەریف

---

* Savoie ناوچەیەکی چیاییە لە فرانسا، وەرگێڕ.

**نامەی بیست‌وحەوتەم**

**وەفدی بریتانیا**

**پاریس**

**ژمارە: ١٥٥١**

(365/1/3/17188)

**بەڕێز بەلفۆر ڕێز و سلاوی خۆی پێشکەش بە ئایرەل کیرزۆن کۆلدیستۆن دەکات و بەگەڕانەوە بۆ برووسکەنامەکەی ژمارە ١٤٩٧ لە یەکی ئابدا بۆ بەڕێزتان، شەرەفی ئەوەی هەیە کۆپیی نامەیەکی دیکەی شەریف پاشا-تان لە بارەی ڕەوشی کوردستانەوە بۆ ڕەوانە بکات.**

**بەڕێز بەلفۆر بەختەوەر دەبێ بزانێ داخۆ کەسایەتیی شەریف پاشا یان وێنەی شەریف پاشا لە هەردووکیاندا هیچ کۆڵەگەیەکی لەناو کلۆڵیی کورددا هەیە.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

## نامەی بیست‌وهەشتەم

(١٧١٨٨)

پاریس، ٣ی ئابی ١٩١٩

بە دەرفەت وەرگرتن لە خۆکێشانەوەی هێزەکانی عوسمانی بەرامبەر بە سوپای ئینگلیز و ڕووس، حکوومەتی جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەققی بە ئامانجی بەتورککردنی وڵات، دەست لەو کۆچکردنە زۆرەملێیەی کوردەکانیش نەپاریزی کە لەگەڵ ئەرمەنییەکان و یۆنانییەکاندا کردی. زیاتر لە ٩٠٠٠٠٠ کوردی لە نێوان کۆنستانتینۆپل، قۆنیە، ئەنگۆرا، ئەدەنە و سمیرنادا بڵاو کردنەوە، نزیکەی نیوەیان لەناو کولەمەرگییێکی زۆر تاڵدا لەناو چوون، لەکاتێکدا نیوەکەی دیکەش خەریکە لەناو هەمان ڕەوشدا لەناو بچن.

ئیجازەم بدە بانگەوازی هەستی مرۆپەروەریی تەواو ناسراوی حکوومەتی خاوەندشکۆی بریتانی بکەم، داوا لە کۆمیسێری بەرزی بریتانی لە کۆنستانتینۆپل بکات هەنگاوی هەرە شێلگیرانە بنێ لای حکوومەتی عوسمانی، بۆ ئەوەی ئەو ٤٠٠٠٠٠ کوردەی کە بە گوێرەی لیستی کۆمسیۆنی کۆچ پێکردنی تورکی کە هێشتا لە ژیاندا ماون بگەڕێندرێنەوە ناو وڵات. ئەم کۆمسیۆنە لەژێر فشاری کوردەکانی کۆنستانتینۆپل پرەنسیپی ئەم گەڕانەوەیەیان قەبووڵ کردووە، بەڵام وەسیلەگەلی پێویستی نییە بۆ ئەم ئەرکە. ئەم دائیرەیە تەنها کۆمەگییەك بە نزیکەی 0,30 فرەنك بۆ هەر سەرێك دەدات، کۆمەگییەك کە بەشی ئەوە ناکات تەنانەت نیوکیلۆ نانیشی پێ بکردرێ.

یۆنانییەکان ڤێنیزێلۆسی[٣٦] خۆیان هەیە و ئەرمەنیەکانیش هەموو شتێکی پێویستیان بە زۆرەوە لە ئەمریکاوە بۆ دێ، لە خواردەمەنی، پۆشاك و داو ودەرمان، لەکاتێکدا کوردەکان دواڕۆژی وڵاتەکەیان خستۆتە بەردەستی ئینگلیز.

---

[36] مەبەست لەوە Eleftherios Venizélos سەرکردە و پیاوی سیاسیی یۆنانییە کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی وەکوو نوێنەری حکوومەتی یۆنان بەشداری لە کۆنفرەنسی ئاشتی دا لە پاریس و لە مۆرکردنی هەردوو پەیماننامەی Neuily (٢٧ی نۆڤەمبەری ١٩١٩) و پەیماننامەی سێڤەر (١٠ی ئابی ١٩٢٠)دا دەکات، وەرگێر.

من ئەرکێك بەجێدەگەینم بەوەی لە هەستی مرۆپەروەرانەی ئینگلستان بپارێمەوە لە ڕووی دیپلۆماتی و مەتریالەوە کۆمەگ بۆ پێویستیەکانی هاوخەباتەکانم دابین بکات. کوردەکان چارەوەکانیان لە لایەن تورکەکانەوە دەستی بەسەر داگیراوە، تەواوی کوردستان پێویستی بە چارەو و گوێ درێژ و داو و دەزگەی کشتوکاڵییە، بۆ ئەوەی بتوانن کار بکەن و خۆیان لە پێدوایستییە مەتریالەکان بپارێزن.

کێشەکە ئەوەیە هیچ دەسەلاتێك لە کوردستاندا نییە و هەموو لەناو پاشاگەردانییەکی تەواودا دەژین. حکوومەتی تورکیا تەنها ئەو تورکانە ڕەوانە دەکات کە نە داب و نەریت و نە زمانی وڵاتەکە نازانن و هەژموونی هەر بە تەواوی لە دوای ئاگربەسەوە لە کوردستاندا نەماوە.

بۆیە لەبەر ئەم هەموو هۆیانە، ڕەوانەکردنی کۆمسیۆنێکی تێکەڵی ئینگلیز و کورد، هەروەها لە ڕووی مرۆیشییەوە، خۆی دەچەسپێنێ.

ڕێزداری خۆشەویست، دەربڕینی ڕێزلێنانی زۆر بەرزم قەبووڵ بفەرموو.

(ئیمزا) شەریف

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی بیست‌ونۆیەم**

**پاریس، ٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩**

**بۆ جەنابی جۆرج کلیمۆنسۆ*، سەرۆکی کۆنفرانسی ئاشتی،**

**سەرۆکی بەڕێز،**

**شەرەفی ئەوەم هەیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا دوو نامەی مۆرکراوی[٣٧] سەیید عەبدولقادر ئەفەندی، سیناتۆر و کۆنە سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت بە سیفەتی سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کوردەکان، بگەیەنمە دەستی جەنابتان، بۆ ئەوەی بخرێنە بەردەم بڕیاردانی بەرزی ئەنجومەنی بالای کۆنفرەنسی ئاشتی.**

**من ڕێگە بەخۆم دەدەم ئەوە زێدە بکەم کە بە گەیشتنی کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەققی** بۆ دەسەڵات، چارەنووسی هەموو ئەوانەی وا بە هیوای سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆیان بوون لە تورکیا، بە چەوساندنەوەیەکی دڵڕەقانە تاوانبار دەکرێن و ئەوە ئەرکی ئینسانیانەی ئەنجومەنی بالای ئێوەیە ڕێگە لە خوێن ڕشتن بگرێ. وەسیلەیەکی دیکە بۆ سەقامگیرکردنی ئارامی لە کوردستان، ئەوەیە کە واز لە پرۆژەی دابەشکردنی ئەم وڵاتە بۆ دوو بەش و هەروەها خستنە بەردەستی دوو منداتی جیاواز بهێنن.**

**نە لە ڕوانگەی ئیتنیکی و نە لە ڕوانگەی جوگرافییەوە، ناکرێ کوردستان پارچە پارچە بکرێ. بەڵام ئەگەر تەنها یەك وڵاتی لێ دروست بکرێ سەر بە منداتی یەك زلهێز بێ، خەمی ئەوەی بێ کوردستان دووبارە ڕێك بخاتەوە ئەوا کوردستان**

---

* George Clemenceau

[37] بۆ دەقی وەرگێڕاوی کوردی هەردوو نامەکەی سەیید عەبدوالقادر و ئۆریژینالە فرەنسییەکەیان بڕوانە: نەجاتی عەبدوڵلا، *کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان ١٩١٨–١٩٢٣ لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و فرانسادا، بەرگی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، بەڵگەنامە کوردییەکان، لا: ٦٧–٦٩ .، فاکسمیلی بەڵگەنامە فرەنسییەکان لا: ٢١٨–٢١٩.*

** Comité Union et Progrès

دەبێتە فاکتەرێکی بەهێزی ئاشتی و ئارامی. هەروەها ڕۆڵی وڵاتێکی ئامپۆن لە سیستمی نوێی ئاسیای بچووکدا دەبینێ.

زۆر جێگەی داخە کەوا کۆمسیۆنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە کوردستان بە شێوەیکی سیستماتیک کوردەکان دوور دەخاتەوە، بۆ ئەوەی تەنها گوێ لە دەسەڵاتکارانی تورك بگرێ کە بە هەڵە لەبارەی خواستەکانی کوردەوە دنەیان داون.

سەرۆکی بەڕێز ڕێزلێنانی زۆر بێپایانم قەبووڵ بفەرموون.

ئیمزا

شەریف

سەرۆکی وەفدی کوردی

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی سییەم**

**پاریس، ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩**

**(کۆپی)**

20, Avenue de Messin VIII[e]
T: Wigram 93-21

**بۆ بەڕێز جەنابی ستیفێن پیشۆن، وەزیری کاروباری دەرەوە**

**وەزیری بەڕێز،**

**شەرەفی ئەوەم بەر کەوت ئەو نامەیەم وەرگرت کە ئێوە لە ١٠ی ئەم مانگەدا بۆتان نووسیبوم و نامەکەی سەیید ئەحمەد، وەفدی شێخ مەحموود ئەفەندیی سلێمانی تان بۆ ڕەوانە کردم[٣٨]. من سوپاسگوزاری جەنابتانم بۆ ئەم بەخشندەییەی نامە ئاڵوگۆڕکێیە. ڕێگە بە خۆم دەدەم لێتان بپاڕێمەوە لە ڕێگەی کۆمیسێری بەرزی کۆمارییەوە لە سووریا، وەڵامەکەی منیش بگەیەننە دەستی خاوەنەکەی.**

**وەزیری بەڕێز لەگەڵ سوپاسی گەرمی پێشدەستیانەم، ڕێزلێنانی زۆر بێ پایانم قەبووڵ بفەرموون.**

www.zheen.org

**ئیمزا**

**شەریف**

---

[38] بەداخەوە ئەم نامەیە هیچ شوێنەوارێکی دیار نییە و بۆمان نەدۆزرایەوە، وەرگێر.

**نامەی سی‌ویەکەم**

**پاریس، ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩١٩**

**لە ژێنێرال شەریف پاشا و بۆغۆس نۆبار بۆ بەڕێز کلیمۆنسۆ/ پاریس**

**بەڕێز جەنابی سەرۆک،**

**بە خۆشحاڵییەوە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا کۆپیی نامەیەکتان بۆ دەنێرین کە لە لایەن ئێمەوە، نوێنەرانی وەفدی سەرتاسەری ئەرمەن و وەفدی کوردی، بۆ کۆنفرانسی ئاشتی مۆرکراوە و ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی کراوە، بۆ جەنابتان بنێرین. جەنابتان دەبینن بە پێچەوانەی بانگەشەی دوژمنانمانەوە کە وایان دانابوو ئەرمەنییەکان و کوردەکان قەت ناتوانن بەیەکەوە بژین، ئێمە بە هیوای وەدیهێنانی داخوازینامە نەتەوەییەکانمان ڕێککەوتنمان مۆر کردووە.**

**بفەرموون بەڕێز هەستی ڕێزگرتوانەی لە هەموان دڵسۆزانەترمان قەبووڵ بفەرموون.**

**سەرۆکی وەفدی کورد بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی، شەریف**

**سەرۆکی وەفدی نەتەوەیی ئەرمەنی، بۆغۆس نۆبار**

**( ئەم نامەیە ئاراستەی سەرۆک وەفدەکانی ئینگلیز، ئەمریکا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، کراوە لای کۆنفرەنسی ئاشتی)**

**نامەی سی‌ودووەم**

Quai d'Orsay

**پاریس، ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩١٩**

**کۆنفرەنسی ئاشتی**

**سکرتاریەتی گشتی**

**بۆ بەڕێز کامێر**

**سکرتاریەتی گشتیی کۆنفرەنسی ئاشتی شەرەفی ئەوەی هەیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا بۆ بەڕێز کامێر، کۆپیی نامەیەکی ڕۆژی ٢٠ی نۆڤەمبەر کە لەلایەن نوێنەرانی نەتەوەکانی کورد و ئەرمەنەوە ئاڕاستەی بەڕێز سەرۆکی کۆنفراسی ئاشتی کراوە و داخوازینامەکانیان دەخاتە ڕوو، بنێرێ.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ئەم ڕاگەیەندراوە دراوە**

**بە ٤ وەفدەکە**

**بەڕێوەبەرایەتیی سیاسی و بازرگانی**

**بەڕێز گوو**

**نامەی سی‌وسێیەم**

**پاریس، ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩١٩**

**بۆ جەنابی بەڕێز کلیمۆنسۆ،**
**سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی-پاریس**

**جەنابی سەرۆک،**

**ئێمە ئیمزاکارانی ئەم نامەیە، نوێنەرانی نەتەوەکانی ئەرمەن و کورد، شەرەفی ئەوەمان هەیە ئەوە بە کۆنفرەنسی ئاشتی ڕابگەیێنین کەوا هەردوو نەتەوەی ئێمە، کە هەردووکیان ئارین، یەک بەرژەوەند و یەک ئامانجیان هەیە. ئەمە واتە ئازادی و سەربەخۆیی‌یان، بە تایبەتی بۆ ئەرمەنییەکان، ڕزگاربوونیان لە دەسەڵاتی ستەمکارانەی حکوومەتی تورك و بە گشتی، هەم بۆ ئەرمەنییەکان و هەم بۆ کوردەکان، ئازادبوونیان لە تەوقی کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەققی، کە حکوومەتە ڕەسمییەکان و شاردراوەکان بۆ هەر یەکەیان هێندە شووم بوون. ئێمە بە تەواوی لەسەر ئەوە ڕازین کە پێکەوە داوا لە کۆنفرەنسی ئاشتی بکەین بە گوێرەی پرەنسیپەکانی نەتەوەکان، ئەرمەنستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆ و کوردستانێکی سەربەخۆ بە کۆمەگی گەورەهێزێك دروست بکرێ دوای گوێ لێگرتنی خواست هەردوو نەتەوەکان یەك لەدوای یەك، بۆ ئەوەی کۆمەگی تەکنیکی و ئابوورییان لەماوەی دووبارە بونیاتنانەوەدا پێشکەش بکات.**

**ئەوەی پێوەندی بە بەخشینی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان هەیە، کە لەناو یاداشتنامەکانی هەریەکەماندا دیاری کراوە و یەك لەدوای یەك پێشکەش بە کۆنفرەنسی ئاشتی کراون و دیاریکردنی هێڵکێشانی دوایین سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی دواڕۆژ هەیە، ئێمە شێلگیرانە ڕایدەگەیەنین کە بە تەواوی دەچینە ژێر باری بڕیارنامەکانی کۆنفرەنسی ئاشتی و لەپێشدا قەناعەتمان بەوە هەیە کە بڕیارەکەی لەسەر بنەوانی دادوەری و ماف دیاری دەکرێ.**

ئێمە جگە لەوە، دووپاتی دەکەینەوە کە تەواو ڕەزامەندین لەسەر ڕێزگرتنی مافی شەرعی کەمینە نەتەوایەتییەکان لەناو هەردوو وڵاتدا.

بفەرموون بەڕێز هەستی ڕێزگرتوانەی لە هەموان دڵسۆزانەترمان قەبووڵ بفەرموون.

بۆ ئەرمەنستان

ئۆهان جیهانیان،

سەرۆکی وەفدی کۆماری ئەرمەن بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی

بۆ نوێنەری کوردستان، شەریف

سەرۆکی وەفدی کورد لە کۆنفرەنسی ئاشتی،

بۆ ئەرمەنستان

بۆغۆس نۆبار

سەرۆکی وەفدی نیشتمانیی ئەرمەنی

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی سی‌وچوارەم**

**پاریس، ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩١٩**

## لە بۆغۆس نۆبار بۆ ژێنێرال شەریف پاشا

بەڕێز سەرۆکی خۆشەویستم،

وەك تەواوکەری ئەم ڕێککەوتننامەیەی وا خۆشبەختانە هەر ئەمڕۆ لەنێوان ئێمەدا پێك هات، وەك نوێنەری تایبەتی نەتەوەکانمان، ئەوەی ئێمە لەسەری ڕێك کەوتووین، ئەوەیە پابەندی بین لە ڕێگەی سێرڤیسی پرۆپاگەندەی خۆمانەوە هیچ نووسراوی یا نامیلکەیەك بڵاو نەکەینەوە کە زیان بە هەردوو نەتەوەکانی خۆمان بگەیەنین. بێگومان ئەمە هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە کە پێشتر لەئارادا بوون و هیچی دیکە بەدوای ئەوەدا نەگەڕێین بچینە ناو بازنەی دژایەتیکردنەوە. ماوەتەوە چاك قەناعەت بێنین بەوەی کە پرسە ئیقلیمییەکانمان خستۆتە بەردەم دادوەریی کۆنفرەنسی ئاشتی کە وا بەم یان بەو شێوەیە هیوایەکی گەورەی ئاشتبونەوە، دۆستایەتی و وەفاداریمان لەسەر هەڵچنیوە.

بەڕێز جەنابی سەرۆك، تکایە دەربڕینی ڕێزلێنانی زۆر بێ‌پایانم قەبووڵ بفەرموون.

سەرۆکی وەفدی نەتەوەیی ئەرمەن

بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی

بۆغۆس نۆبار

www.zheen.org

**نامەی سی و پێنجەم**

Quai d'Orsay
**پاریس، ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩١٩**

**کۆنفرەنسی ئاشتی**
**سکرتاریەتی گشتی**

**بۆ بەڕێز گوو*،**

**سکرتاریەتی گشتی کۆنفرەنسی ئاشتی شەرەفی ئەوەی هەیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەی خوارەوەدا بۆ بەڕێز گوو، کۆپیی نامەیەکی ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر کە لە لایەن ژێنێرال شەریف پاشاوە سەبارەت بە ڕەوشی ڕۆژهەلات ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی کراوە، ڕەوانە بکات.**

**ئەم نامەیە دراوە بە:**
**٤ وەفدەکە**
**ئیدارەی سیاسی و بازرگانی**
**بەڕێز لارۆش**

بنکەی ژین
www.zheen.org

* Jean Gout بەڕێوەبەری بەشی ئاسیەوی بوو لە وەزارەتی دەرەوەی فرانسا، وەرگێڕ.

**نامەی سی‌وشەشەم**

**پاریس، ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩١٩**

**بۆ بەڕێز کلیمۆنسۆ، سەرۆکی**
**کۆنفرەنسی ئاشتی- پاریس**

جەنابی سەرۆکی بەڕێز،

ئەو دواکەوتنەی کە لە دوایین کاری ئاشتیدا لەگەڵ ئیمپراتۆریای عوسمانی هاتە پێشەوە، دەرفەتی شانسێکی چاوەڕواننەکراوی بۆ کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەققی ڕەخساند، بۆ ئەوەی لە نوێوە لە تورکیا دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرنەوە، بەمە گەورەترین کۆسپ و تەگەرەیان لەسەر ڕێگەی چارەسەرکردنی عادیلانەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتدا دروست کرد.

ئەو حکوومەتانەی کە ئاگربەسەوە لە کۆنستانتینۆپل هاتوونەتە سەر کار، بریتی بوون لە پاشماوەی کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەققی و ئۆپۆزسیۆن، سەرکردە سەرەکییەکانی ئەمانە، ئەوانەی کە ڕێگەیان لێ گیرابوو لەکاتی خۆیدا بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، ئەوانە هێشتا ئازاریان زیاتر بە تورکیا گەیاند لەوانەی وا بەو نیمچە هەنگاوانەی کە نایان، تورکیایان خستە بەردەم کەندەڵانێك.

هەموو ئەو نەتەوانەی کە ئیمپراتۆریای عوسمانی پێك دەهێنن، چاوەڕوانی هەمان ئەو مافانە دەکەن وەك هەمان ئەو مامەڵەیەی نەتەوەکانی دیکە کە ئیمپراتۆریای ئۆسترۆ-هەنگاری پێك دەهێنن، لەگەڵیان کرا. لە سەرێکی دیکەوە، جاڕنامەکانی هاوپەیمانەکان بەوەی ئاشتییەکی بە عەدالەت و ماف دروست دەکەن، وایکرد شوێنکاری هیواخوازییان لە ڕۆژهەڵات جێهێشت، هەمان ئەو مافەی کە داخوازییەکانیان داوای بکەن بۆ ئەوە نەتەوانەی وا لەوێ دەژین.

بە ناوی نەتەوەی کوردەوە، شەرەفی ئەوەم هەیە لە ئەنجومەنی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی بپاڕێمەوە لەپاڵ دوایەمین هیوادا کە ئێمە بتوانین بۆ هەقانیەتی داخوازییە نەتەوەییەکانمان، مشووری ئەوە بخۆین کە پرسی کورد بە وردی دیراسە

بکــرێ. مــن دەتــوانم بــەبێ لافوگــەزان ئــەوە بڵــێم کــە ئەمــە بنــەوانی ڕەوشــە سەرەکییەکانی زامنکردنی ئاشتی و ئارامییە لە ئاسیای بچووکدا.

ئەوە هەڵەیەکی لە هەموان گەورەتر دەبێت کە کوردستان وەك زەوەمینەیەکی سەوداگەری دابنرێ و هەوڵ بدرێ بکرێتە دوو ناوچەی هەژموونی سەرمایەگوزاری و بەشێوەیەکی عەسکەری داگیر بکرێ. ئەو خوێنە کە هەر لێی دەچۆڕێ، ئەنجامی کارەستباری تێنەفکرینی نوێی دیپلۆماتی دەبێ.

کوردستان پارچەپارچە ناکرێ و تەنها یەك دەوڵەتی سەربەخۆ پێك دەهێنێ لەو ئۆرگانیزاسیۆنە تەکنیکی و ئابوورییەی وا دەمانەوێ بیخەینە سەر مانداتی زلهێزێك کە بە داناییەوە کۆمەڵەی گەلان بە ڕەزامەندیی نەتەوەی کورد دیاری دەکات.

ئەمە چارەسەرکردنێکی لە هەموان عادیلانەتر و لە هەموان شایانتری سەرکەوتووەکانە کە گەورەترین قوربانییان داوە بۆ ئاشتیی ماف و عەدالەت. لە لایەکی دیکەوە، نەتەوەی کورد هەقی ئەوەی هەیە چاوەڕوانی هەست و نەستی دادپەروەری و دانایی لە ئەنجومەنی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی بکات. لە کوردستاندا کەمینە نەتەوەیەکی ئەرمەنی هەیە. ئەگەر بە عەدالەتەوە قسە بکەین، ئەم پرسە کە هەوڵ نەدراوە باوە ڕبکرێ، دەشێ زۆر بە ئاسانی چارەسەر بکرێ. ئێمەی کورد، نامانەوێ لە هیچ خاڵێکدا دەستدرێژی بکەینە سەر مافی هیچ کەسێك.

ئەرمەنییەکان بە هەمان شێوەی تورکەکان، عەرەبەکان، نەستوورییەکان و ئەوانی دیکە، بەو هۆیەوە کە کەمینەن، ناتوانن گردبوونەوەیەکی بەڕێوەبەرایەتی دروست بکەن. کە لەناو دەوڵەتی کوردیدا دەبینرێن، ئەمە ڕێککەوتنی لە هەموان بێ خەوشترە و مافی هەموو لایەك بە وردی ڕێزی لێ دەگیرێ.

وەسیلەی لە هەموان دڵنیاتر و لە هەموان عادیلانەتر بۆ چارەسەرکردنی داخوازینامەکانی کورد و ئەرمەن، لەوە دایە کە کۆمسیۆنێکی نێودەوڵەتی دروست بکرێ، ئەرکی ئەو هەرێمانەی پێبسپێردرێ کە ئەمڕۆ ئێمەی تێدا دەژین و چەندین سەدەیە زۆرینەی دانیشتوانەکە پێك دەهێنن.

ئێمە سەرلەبەر و تەواو بڕوامان بەو بڕیارەیە کە کۆمسیۆنی نێودەوڵەتیی ناوبراو دەیدات. ئێمە سەرەتا قەناعەتمان وایە کە ئیقرارکرنەکەی لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی نەتەوەکان، عەدالەت و ماف دیاری دەکات.

www.zheen.org
بنکەی ژین

بە هەمان شێوە وا دیار دەکەوێ بۆ ئەو ڕاگەیەندراوە هاوبەشەی کە ئێمە ئاڕاستەی کۆنفرەنسی ئاشتیمان کرد لە ٢٠ی ئەم مانگەوە، خۆشبەختانە ڕێککەوتێکی دۆستانەی تایبەت بە چاودێریی نوماینده تایبەتییەکانیان لە پاریس لە نێوان نەتەوەی ئەرمەن و کورددا وەدی هات.

بۆ ڕاگرتن و مکوومکردنی ئەم هەماهەنگییە، ئێمە هیوادارین کە بە دڵی کۆنفرەنسی ئاشتی بێت چارەسەرێکی وا خێرا بۆ داخوازینامە تایبەتییەکانمان بدۆزێتەوە، تەواو بە گوێرەی خواستە ڕەوایەکان و ماف هەر لایەك بێت.

بەڕێز جەنابی سەرۆك، تکایە دەربڕینی ڕێزلێنانی زۆر بێپایانم قەبووڵ بفەرموون.

سەرۆکی وەفدی کورد
لە کۆنفرەنسی ئاشتی
ژێنێرال شەریف پاشا
20, avenue de Messine, Paris

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی سی‌وحەوتەم**

## یادداشتنامەیەك لە لایەن
## ژێنێرال شەریف پاشا، سەرۆکی وەفدی کوردەوە
## بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی[39]

**بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی**

**بەڕێز سەرۆك،**

**کێشەکانی ئەرمەن کە خراونەتە بەردەم کۆنفرەنسی ئاشتی، نابێ لەو کێشانە جیا بکرێنەوە کە تایبەتن بە کێشەی کورد. ڕاستییەکەی کوردەکان نەك هەر زۆرینەی هەرە زۆرن لەو بەشانەی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا کە ئەرمەنەکانی لێن، بەڵکوو زیاد لەوەش گرۆیەکی پێکەوەبەند و هاورەگەزن.**

**وڵاتی کوردەکان بریتییە لە ویلایەتە عوسمانییەکانی دیاربەکر، خارپووت، بدلیس، وان، مووسڵ، و سنجاقی ئورفە. ئێلیزێ ڕیکلیوس* هەتا وەکوو ویلایەتی ئەرزڕۆم–یش دەخاتە ناو سنوورەکانی کوردستان.**

www.zheen.org

[39] ئەمە دووەمین و دوایەمین یادداشتنامەی شەریف پاشا بوو کە، کە ١ی ئاداری ١٩٢٠، وەکوو سەرۆکی وەفدی کوردی پێشکەش بە سکرتاریەتی کۆنفرەنسی ئاشتیی کردووە و کەمتر لە دوو مانگ دواتر، بەداخەوە بە هۆی دەردە کوردەوە لەکاتێکی زۆر ناسکدا واز لە کاری سەرۆکی وەفدی کوردی دەهێنێ. ئەم نامەیە ئێستە دەقە فرانسییەکەی لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا پارێزارە. هەمان یادداشتنامەی بە ئیمزای ئەمین عالی بەدرخان، ١٧ ڕۆژ دواتر، وەکو جێگری سەرۆکی یانەی ناوەندیی کورد پێشکەش بە بەڕێز ئایرەل کیرزۆن کراوە، بەبێ ئەوەی بچووکترین گۆڕانکاریی تێدا کرابێ، تەنها لە جیاتی ناوی شەریف پاشا لەژێرە ناوی جێگری یانەی کوردی ئەمین عالی بەدرخان زیاد کراوە و لە جیاتی مێژووی ١ی ئاداری ١٩٢٠ کە شەریف پاشا یادداشتنامەکەی پێشکەش بە کۆنفرەنسی ئاشتی کردووە، کراوە بە ١٨ی ئاداری ١٩٢٠. کۆپی نامەکەی ئەمین عالی لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانی پارێزراوە و بۆ کەسێکیش بیەوێ بگەڕێتەوە سەر ئۆریژینالە فەرەنسییەکەی ناو ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و وەرگێڕاوە کوردییەکەی نامەکەی ئەمین عالی، دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ: نەجاتی عەبدوڵڵا، *کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان ١٩١٨–١٩٢٣ لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و فرانسادا، بەرگی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، بەڵگەنامە فرەنسییەکە ل: ٢٦٢–٢٦٩.*

دەرهاویشتە مێژوویی و ئیتنیکییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم ویلایەتانە ناکرێ لە ئیمپراتۆریای عوسمانی دابماڵرێن بۆ ئەوەی جگە لە دەسەڵاتی کوردەکان خۆیان بکەونە ژێر هیچ دەسەڵاتێکی دیکە.

مێژووناسانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەسەر ئەوە کۆکن کە کورد لە گەلانی کۆنی ئێرانین کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕووبارەکانی سەیحوون و جەیحوون و لە ڕۆژئاوا بۆ ڕووبارەکانی سەیحان و جیهان و لەوێشەوە تا زەریای ناوەڕاست، لە باکوورەوە تا زەریای قەزوین و قەوقاز و لە باشووریشەوە تا کەنداوی فارس درێژ دەبێتەوە.

بەگوێرەی مێژوونووسە ئەوروپی و موسڵمانەکان، کورد سەرەتا زوو لە داوێنی چیای جوودی* نیشتەجێبوون و لەوێشەوە گەیشتوونەتە زەریای ڕەش، زەریای ناوەڕاست و زەریای عوممان. ٤٠٠ ساڵ پێش زایین، گەزنەفۆن چاوی بە کاردۆخەکان (کوردەکان) کەوتووە لە دیاربەکر، خارپووت و وان. هەروەها بە هەمان شێوە شوێنکاری کوردەکان لەکاتی لێکۆڵینەوەی شانشینەکانی بابل، ئاشووری و مێدیادا دەبینرێ.

ئەلبێر مالێ* هەتا گوتویە (( کوردەکان ئاشوورییەکانی سەردەمانی ئێستەن)).

کورد دوای جەنگی قادسییە، ئایینی ئیسلام قەبووڵ دەکات. کوردەکان وێڕای هاوسۆزییان لەگەڵ داگیرکارە عەرەبەکاندا، لە هەمان کاتدا لەولای دیکەوە هەمیشە ناسیۆنالیتەی خۆیان پاراستووە. ساڵی ٩٥٠ لە دیاربەکر حکوومەتێکی سەربەخۆی کوردی بەسەرۆکایەتیی عەلی مەروان دادەمەزرێنن. دوای ئەوەی لە سەدەی یانزەهەم لەلایەن سەلجوقییەکانەوە داگیر دەکرێن، دوای ئەوە کوردستان سەرلەنوێ سەربەخۆیی خۆی وەچنگ دەخاتەوە. بەڵام وەك چۆن کەوتبوونە نێو بەرداشی ئێرانییەکان و تورکەکان، کوردەکان لە خەباتێکی بێوچاندا ناچار بوون تاوێك بەولایان و تاوێکی دیکە بەولای دیکەدا بچن. شکستی (شا)ی ئێران، (شا) سمایلی سەفەوی و هەروەها ناسنامەی هاوئایینی لەگەڵ تورکدا، بەوە کۆتایی هات کە کوردەکان بەلای تورکەکاندا شکانەوە. سەرۆکی کورد، ئیدریس بدلیسی لەگەڵ سوڵتان سەلیم کەوتە وتووێژ و کوردستان بەو مەرجە بە ئیمپراتۆریای

---

* Elisée Reclus

Djoudi *

Albert Mallet *

عوسمانییەوە لکێنرا کە کوردەکان ئازادیی خۆبەڕێوەبردنیان بپارێزن و تەنها سوپایەکی ئالیکار بۆ سوپای سوڵتان بنێرن.

وڵاتی کوردان خاکەکەی دەوڵەمەندیی خۆی هەیە، کانەکانی، دارستانەکانی، ڕێگە و بان و زمانی نەتەوەیی خۆی هەیە. نەخشەی کوردستانی عوسمانی لە باکوور لە بەشی باشووری چیای ئاراراتەوە دەست پێدەکات، لەو شوێنەی وا سنوورەکانی تورکی، ڕووسی و ئێرانی پێك دەگەن و پاشان بەرەو باشوور لەگەڵ سنووری تورکی–ئێرانیدا شۆڕ دەبێتەوە. پاشان لەلایەك تا هەرێمەکانی بایەزید، وان، هەکاری، ڕەواندوز، مووسڵ، کەرکووك، خانەقین و لەولای دیکەشەوە تا ئەرزڕۆم، ئەرزنجان، بدلیس، مووش، خارپووت، دیاربەکر، ماردین، ئەلجەزیرە، سیوەرەك، ئورفە، ڕەئسوالعەین و سنجار درێژ دەبێتەوە.

کوردەکان بەبێ ئەوەی کۆچەر بن، کەچی دابەشی سەر هۆزەکان بوون و هەتا بە ویستی خۆیان ملکەچی سوڵتان سەلیم بوون، ٤٦ میرنشینی بەرچاویان پێك هێناوە کە شارەکانی دیاربەکر، دینەوەر، چاریسوول*، لوڕ، ئەردەڵان، هەکاری، ئامێدی، گەورکێل، فینك، حەسەن کێف، چەمشگەزەك، میرداسی، ئەگیل، ساسۆن، حەڕان، کلس، شێروان، دێرسیم، ئەردەگان، حاق، بەرکل، سیدی، سلێمانی، شەهروون بەرگۆن، قەڵای داود، پلنگان، بدلیس، کارزان، بۆلان ... هتد دەگرێتەوە. بە جۆرێك کە مۆمسێن* لە مێژووە ڕۆمانییەکەی خۆیدا ئەرمێنیا و وڵاتی کوردان لە نێو سەرچاوەکانی ڕووباری فورات و دەجلەدا دادەنێ. ئەنسیکلۆپیدیای نیوتالسی** ئینگلیزی زۆر ئاشکراترە و وا دەقاودەق ئەم چەند وشانە رادەگوێزینەوە: ((*ئەرمێنیا وڵاتێکە لە ڕۆژئاوای ئاسیا، لە ڕۆژئاوای زەریای قەزوین، لە باکووری چیایەکانی کوردستان، لەنێوان ڕووسیا، تورکیا و ئێراندا دابەش کراوە و بانێك دەگرێتەوە کە شیوە بەپیت و فەڕەکانی کە لەسەر چیای ئارارات دەگاتە ئەو پەڕەکەی، دووکەرتی دەکات*)). ئەمەیان ئەو بەدەستدراوە مێژووییانەیە لەسەر سنوورە تایبەتییەکانی کوردستان و ئەرمێنیا. جا ئەگەر لەو ئەرمێنیایەی کە خەریکە دروست ببێ، ئەو ناوەندانە بگرێتەوە کە کوردەکان تێیدا زۆرینەن، ئەوا

---

Charrysoul *

Momsen *

Nuttals **

نەك هەر پێشیلکاری هەموو پرەنسیپێکی نەتەوەکان و ماف چارەی خۆنووسینی گەلان بە دەستی خۆیان دەکرێ، بەڵکوو ئەو خەڵکە [خەڵکی کورد ،و.] بەوپێیەی جەنگاوەرن و پابەندن بە سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆیان، هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەم ئەرمێنیایەی دواڕۆژ بە بەردەوامی پشێوی و ئاژاوە باڵی بەسەردا دەکێشێ، مەگەر هاوپەیمانەکان بە بەردەوامی هێزێکی گەورەی تێدا بهێڵنەوە، ئەو هێزەش خۆی دەشێ بەرەو ڕووی پەلاماری جەنگی پارتیزانی ببێتەوە.

ئەرمەنەکان بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەر ئەوەی هەقی پێکەوەنانی ئەرمەنستانی گەورەیان هەیە ئەوە دەوروژێنن کە لە دەورانی تیگران*دا، ٥٠ ساڵ پێش زایین شانشینێکی ئەرمەنی هەبوە، بەڵام ئەوان ئەوەیان لە بیرچووە ئەوە زێدە بکەن کە خاکەکەیان کە لە بنچینەدا سەر بە ئیمپراتۆریای ڕۆمان بووە و هەمووی لەلایەن پۆمپی** یەوە هەر لە دەورانی تیگران خۆیدا داگیر کرانەوە. ئەم ((ئەرمەنستانی گەورەیە)) نابێ لانکەی ئیتنیکی ڕەگەزی ئەرمەن بێت. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە چەند هەزار ئەرمەنییەك بەناو وڵاتی کوردان پەرت و بڵاو بووبنەوە، بەم شێوەیەی کە ئەنسیکلۆپیدیای Nuttals نووسیوویە کە ((لە دەورانی گەلێك کۆنەوە، ئەرمەنەکان هەمیشە پەیڕەوی وڵاتانی هاوسێیان بوون و لەوێ وەك جوولەکەکان هەر تەنها خەریکی کاروباری بازرگانی بوون و زۆربەشیان صەراف)). لەکاتێکدا کوردەکان وەك گرۆیێکی هاوڕەگەز لە ئەرزڕۆم، بەدلیس، موش، وان، دیاربەکر، مەعموورەت ئەلعەزیز، مەلاتییە، ئورفە، مووسڵ، سلێمانی و بەشێکی بەغدادا دەژین. ئەرمەنەکان خۆیان لە هیچ شوێنێکدا زۆرینە نین و هەر تەنها سەرقاڵی بازرگانین و لە شارەکان یان لە ناوچە هاوسێیە نزیکەکانی کوردەکاندا نیشتەجێن. موڵکداری و موڵکدارێتی گوندیی هەموویان سەرلەبەرن لەژێر دەستی کوردەکاندان. بواری چالاکیی ئەرمەنەکان لە شارەکان و دەوروبەری ڕێگەوبانە گەورەکان گیری خواردووە.

لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، ئەرمەنەکان بە هیچ کلۆجێ لە ڕێژەی ٢٥% تێپەڕ ناکەن. ژێنێرالی ڕووس باسیلۆف* لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا لەبارەی ئەم بەشەی ئاسیای بچووکەوە، ئەوەی دەرخستووە کە ڕێژەی ئەرمەن هەر یەك ئەرمەنی

---

* Tigran
** Pompée
* Basiloff

بەرامبەر بە شەش کوردە. لەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ماوەی دروستکردنی سوارەی کوردیی ناسراو بە "حەمیدیە"دا کراون، ئەوە دەرئەنجام دەکرێ کە بەر لە ٢٥ ساڵ، ژمارەی دانیشتوانی کورد بە ٤ تا ٥ ملیۆن کەس خەملێنراوە. سەرژمێرییەکە دوای پەیماننامەی بەرلین، بە چاودێریی کۆمسیۆنێك کراوە کە خوالێخۆشبوو ژێنێرالی ئینگلیز بەکر پاشا و خوالێخۆشبوو سەعید پاشا، سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتی عوسمانی و هەروەها میناس ئەفەندی بەگزادەی ئەرمەنەکان کراوە، بە نموونە بۆ هەرێمی دیاربەکر ژمارەی ٦٠٠٠٠٠ موسڵمان بەرامبەر بە ٢٤٠٠٠٠ مەسیحی بەدەستەوە دەدات.

لەولای دیکە، نامیلکەیەکی نهێنی کە لەلایەن سەرکردەی گشتی ڕووس، کە مەیلی ئەرمەنخوازیشی هەیە، بۆ شاری وان ڕێژەی ٤٥% کورد بەرامبەر بە ٢٥% ئەرمەنی و بۆ بدلیس ٥٥% کورد بەرامبەر بە ٣٩% ئەرمەنی بەدەستەوە دەدات، بە بێ ئەوەی ژمارەی تورکەکانیش حسێب بکرێن.

تەنها لە هەرێمی وان و مووش، کورد و ئەرمەن بە نزیکەیی لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە وەك یەکن. لە هەرێمی بدلیس ٥٠% ی کورد و ٤٠ % ی ئەرمەن بوون. کوردەکان لە هەکاری ٥٦%، لە سیرت ٦٠% ، لە گەنج ٧٩%ی دانیشتوان بوون. لەم هەرێمانەی دوایی، ئەرمەنەکان بە زمانی کوردی قسە دەکەن.

هەرچی سەبارەت بە دابەشبوونی ئایینییە، هەر بەگوێرەی هەمان نامیلکە، لە هەرێمی وان ٥٤% موسڵمان، ٤٣% ی مەسیحی و ١% ی ئاینەکانی دیکە بووە. لە مووش ٥١% ی موسڵمان، ٤٨% ی مەسیحی و ١% ی ئاینەکانی دیکە بووە. لە سیرت ٦٥% ی موسڵمان و ٣٤% مەسیحی و ١% ی ئاینەکانی دیکە بووە. لە گەنج ٧٩% ی موسڵمان، ٢٠% ی مەسیحی و ١% ی ئاینەکانی دیکە بووە.

لەو ٣٢ قەزایەی کە ویلایەتەکانی وان و بدلیس پێك دەهێنن، تەنها هەشتن لەوانە زۆرینەیان مەسیحییە. لە قەزایەکانی دیکە، بەگوێرەی ئامارە ڕەسمییەکانی ڕووس خۆیان، ئەوا موسڵمانەکان زۆرینەن. بێجگە لەوە، ئەو ناوچانەی کە ئەرمەنەکان داوایان دەکەن، وەك بایەزید، ئەلاشگرد، قەرە-کیلیستی، مەلازگرد، بولانیك، خنس، تەکمەن، ئەخلات و مووش لە هەموان دەوڵەمەندتر و بەپیت و فەڕترن، دەتوانین بڵێین کۆگەی دانەوێڵەی کوردستانن. لەدەستدانی ئەم ناوچانە

باقی وڵاتەکە تووشیماڵوێرانکاری دەکات و لە ڕووی ئابوورییەوە دەیانخاتە ژێر دەستی ئەرمێنیا. هەتا لە باکووریش، سنجاقی گەنجە، قەزایەکانی سامسۆن و مۆتکی دارستانی چڕوپڕیان لێیە، هەروەها کانی ئاسن و هی دیکەیان لێیە. کانە ئاسنەکانی ساسۆن بە کانزا و ئاسانی دەرهێنان بەناوبانگن، هەر لە هەمان ناوچەدا، لە قەزای بولانیك چیایەکانی بێلیدجانی لێیە کە بە خەڵووز دەوڵەمەندە.

ئەستەمە کوردەکان دەستبەرداری ئەم ناوچە دەوڵەمەندانە بن، بە تایبەت ئەگەر لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لێ وردببینەوە، تێبینی ئەوە دەکەین کەوا سنجاقی مووش، لە چەند بەشێکی قەزایەکانی بولانیك و ئەخلات، کە هاوسێی گۆڵی وان-ن، ژمارەی ئەرمەنەکان پێش جەنگ یەکسان بوو بە ژمارەی کوردەکان.، لە باقی ناوچەکانی دیکەی ئەم هەرێمانەدا ١٥٪ ئەرمەن بەرامبەر بە ٨٥٪ کوردن. بایەزید، ئەلاشگەرد، تەکمان و دەوروبەری، هەر تەنها کوردی لێیە و زۆر کەم ئەرمەنی لێیە. لە باشووری گۆلی وان، هەروەها قەزایەکانی موکس، خیزان، ڕەوشەکە بە هەمان شێوەیە.

بەمشێوەیە بە ئاشکرا دەردەکەوێ داخوازینامەکانی ئەرمەنەکان بۆ سەر ئەم دەرو ناوچانە پاڵنەری دەوڵەمەندیی خاکەکەیەتی و بەهۆی زۆرینەی وەهمی ژمارەی دانیشتوانەکەیەوە نییە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڵام دابەشکردنی دەوڵەمەندیی خاك لە ناوچە کوردییەکان نابێ بەهیچ شێوەیەك نە ببێتە بیانووی جیاکردنەوەی کوردستان بۆ چەند ناوچەیەکی نفووز و نە بۆ دابەشبوونی. کوردستان بەسەر یەکەوە یەکەیەکە و کاتی داپچڕانی لە ئیمپراتۆریای عوسمانی، ناشێ لە ڕووی ئابوورییەوە پێش بکەوێ، تەنها بە پشت بەستن نەبێ بە کۆمەگی تاکە دەوڵەتێکی منداتێر کە بە ڕەزامەندیی کورد و لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە دەستنیشان بکرێ.

وەفدی ئەرمەن لە کۆنفرەنسی ئاشتی دانی بە بوونی کوردستاندا نا، وەك لە ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەشماندا[40] هاتووە کە لە ٢٠ی ١١ی ١٩١٩دا ئاڕاستەی سەرۆکی ئەم کۆنفراسەمان کردووە، بەجۆرێك کە کوردستان داخوازینامەکانی پشت ئەستوور

---

[40] بۆ دەقی تەواوی ئەم ڕاگەیاندنە هاوبەشە بڕوانە، نامەی ژمارە ( ٣٣ ) ناو ئەم کتێبە، وەرگێڕ.

بوون بەو پرەنسیپە جێگیرانەی پێشکەش بە کۆنفراسەکە کران لە پێناوی سەقامگیرکردنی ئاشتییەکی ڕاستەقینەی جیهانیدا، بەگوێرەی:

١- مافی نەتەوەکان لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان،

٢- مافی زۆرینە،

٣- مافی پێشکەوتنی ئازاد بۆ گەلانی جیاواز بەگوێرەی ویستی نەتەوایەتییان.

بۆ کورتکردنەوەی ئەم داخوازینامانە کە لە جاڕنامەکانی پێشوومانەوە سەرچاوە دەگرن، ئێمە شێلگیرانە دژی هەموو بڕوبیانوو هێناوەیەکین لەسەر کوردستان. دەبێ هێڵەکانی سنوور بەم شێوەیە کە ئێمە لەو نەخشەیەی وا کراوەتە هاوپێچ دیاریمان کردووە، کە دەبێ ئەم ناوچانە هەر بۆ کوردەکان بمێننەوە.

بەروبوومی نەتەوەیی لای کورد ئەمڕۆ بە ڕوویێکی سەرەکی ئاژەڵداریی مەڕو ماڵاتە کە بە هۆی هەلومەرجی ئاووهەواوە پێویستی بە لەوەڕەگای هاوینە و زستانە هەیە. جا بۆ ئەوەی ئەم گەلە لە کلۆڵیی ئابووری بپارێزرێ، ئێمە داوا دەکەین دەمودەست ئەم لەوەڕگایانە نەکەونە ئەودیوی ئەو هێڵانەی سنوورەوە کە بۆ کوردستان دیاری دەکرێن.

ئێمە بە پشت بەستن بە پێشینەی یوگسلاڤیا، پۆلۆنیا و ئەرمێنیا، داوای دەستەبەرکردنی دەروویێکی زەریایی دەکەین لە کوردستان کە لەسەر زەریای ناوەڕاست بکرێتەوە، هەروەها بە ئاراستەی زەریای قەزوین بۆ ڕۆیشتنی نەوت و بەروبوومە کانزایی و دارستانییەکانی دیکە.

دواجار ئێمە لە کۆنفرەنسی ئاشتی دەپاڕێینەوە کۆمسیۆنێکی نێودەوڵەتی دابنێ، ئەرکی دیاریکردنی هێڵکێشانی سنوورەکان بەگوێرەی پرەنسیپی نەتەوەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەجۆرێك کە کوردستان هەموو ئەو دەر و ناوچانە بگرێتەوە کە کوردەکانی تێیدا زۆرینەن. بێگومان لە حاڵێکدا ئەگەر لەوناوچانەی کە سەر بە کوردستان دەبن، گرۆیێکی بەرچاوی نەتەوەیی دیکە هەبوون، ئەوا بە گوێرەی ترادسیۆنی نەتەوایەتییان ستاتووی تایبەتیان پێ دەبەخشرێ.

بێجگە لەوە، ئێمە بڕوای تەواومان بە بڕیاردان و حیکمەتی ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی هەیە، کە نایانەوێ قوربانی بە پرەنسیپەکانی

یەکسانی و دادپەروەری و ئاسایش بدەن لە بەشێکی گەورەی ئاسیای بچووکدا لەسەر بنەمای ئەو ئەفسانانەی کە دواتر هەر بۆ بەرژەوەندی خۆشیان شووم دەبێ.

دەبێ بوون و هەقی ولاتی موسڵمانی کورد لەبیر نەکرێ و بەشێوەیەکی کاتی ڕێگە لەو گەرەنتی شیاوانە بگرێ کە دەیانەوێ بە شێوەیەکی شەرعی بیانبەخشنە ئەو ئەرمەنانەی وا دەمێننەوە.

بەڕێز سەرۆک، تکاتان لێ دەکەم دەربڕینی زۆر گەرموگوڕی ڕێزلێنانم قەبووڵ بفەرموون.

١ی ئاداری ١٩٢٠

سەرۆکی وەفدی کورد
لە کۆنفرەنسی ئاشتی
ژێنێرال شەریف پاشا
20, avenue de Messine, Paris

بنكەی ژین
www.zheen.org

**نامەی سی وهەشتەم**

**( کۆپی )**

**ئەستەموول، ٢٣ی نیسانی ١٩٢٠**

## تێلێگرامێکی شەریف پاشا

**شەریف پاشا لە ئەستەمووڵەوە ئەم تێلگرامەی خوارەوەی بۆ مۆنتیکارلۆ ناردووە:**

**بەوە پێیەی کە لە ناوەوی خۆمدا تەواو پابەندم بە عەرشی پیرۆزی خەلیفە، بۆیە ڕەتم کردەوە لە ڕێگەی بیروباوەری جیاخوازیانەی شوومەوە زیانی پێبگات، وازم لە سەرۆکایەتیی وەفدی کوردی لە لایەن کۆنفرەنسی ئاشتییەوە هێنا.**

**موسڵمانم بەر لە هەموو شتێك، بەبێ ئەوەی لە ژێر کاریگەری هیچ پارتێکی سیاسیدا بم هەموو کۆششەکانم بۆ پاراستنی مافەکانی خەلیفە تەرخان دەکەم.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**شەریف**

**نامەی سی‌ونۆیەم**

**(کۆپی)**

،Villa Keifim
24، Boulvard de l'Ouest،
Monte-Carlo

**٢٧ی نیسانی ١٩٢٠**

**باڵوێزی بەڕێز،**

**شــەرەفی ئــەوەم هەیــە جــەنابتان لــەوە ئاگــادار بکەمــەوە تــا حکوومــەتی خاوەندشکۆی بریتانی لێ ئاگادار بکەنەوە کە لە ئەنجامی ناکۆکییەکی نێوان یانەی کـوردی لـە کۆنـستانتینۆپل و منـەوە لـە بـارەی سـتاتووی دواڕۆژی کوردسـتانەوە، گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە دەبێ واز لە سەرۆکایەتیی وەفدی کوردی بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی بهێنم.**

**ئـەو پرەنـسیپە سیاسـییەی کـە مـن تـا ئێـستە پـەیڕەویم کـردووە لـەبارەی وڵاتەکەمـەوە، ئامـانجی سـەرەکیی وەدیهێنانی ڕێککـەوتنێکی دۆسـتانە و بـەرفراوان بووە لەنێوان ئینگلستان و ئیمپراتۆریای عوسمانیدا. دواجار باوەرم بەوە هێنا کە بە قـەبووڵکردنی سـەرۆکایەتیی بیرۆی ڕاگەیانـدنی ئیـسلامی لـە پـاریس کـە هاوئایینـە هیندییەکانم پێشەکشیان کردبووم، دەتوانم خۆم بخەمە ژێر ئەمبارەوە. بـەوەی لـەم تاقیکردنەوە سیاسییەی دواییشدا نائومێدیەکی نوێم تاقیکردەوە، هـەروا خـۆم لـەم سەرۆکایەتیەش دەکێشمەوە تـا بـە تـەواوی خـۆم بۆ کاروبـاری دارایـی خـۆم تـەرخان بکـەم لەگـەڵ بڕیـارێکی شـێلگیرانەدا بـەوەی چیتر خـۆم بـە کـاری سیاسـییەوە خـەریک نەکـەم، تـا ئـەو ڕۆژەی دەتـوانم ئـەو بـاوەڕە سـەقامگیرەم لا دروسـت ببێـت کـە ئـەو دەسەڵاتەم ببێ ئامانجە سیاسییە بەیەکەوە بەستراوەکەی خۆم وەدی بهێنم بـەوەی ببیـنم ئینگلـستان و تورکیـا چاکترین و پـاکترین پێوەنـدیی دۆسـتانەی ترادسـیۆنیان لەنێواندا هەیە.**

**باڵوێزی بەڕێز، دەربڕینی بەرزترین ڕێزلێنانم قەبووڵ بفەرموو.**

**( مۆر) شەریف**

**نامەی چلەمین**

Quai d'Orsay
**پاریس، ١٨ی ئایاری ١٩٢٠**

**کۆنفرەنسی ئاشتی**
**سکرتاریەتی گشتی**

**بۆ بەڕێز گوو*،**

**سکرتاریەتی گشتیی کۆنفرەنسی ئاشتی شەرەفی ئەوەی هەیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەی خوارەوەدا بۆ ئیدارەی سیاسیی بازرگانی، کۆپیی تێبینینامەیەکی ڕۆژی ٥ی ئایاری سەرۆکی وەفدی کوردی لە کۆنفرەنسی ئاشتی بگەیەنێتە دەستتان کە بڕیارنامە دەست کێشانەوەی خۆی دیاری دەکات.**

**مۆری**
**بەڕێوەبەری سیاسی و بازرگانی**

بنکەی ژین
www.zheen.org

* Gout

**نامەی چلویەکەم**

**پاریس، ٥ی ئایاری ١٩٢٠**

**بۆ جەنابی بەڕێز ئا، میللێراند سەرۆکی ئەنجومەن**

**و وەزیرانی هەندەران- پاریس**

**شەرەفی ئەوەم هەیە جەنابی بەڕێزتان لەوە ئاگادار بکەمەوە کە بەشوێن ناکۆکییەکدا لەبارەی دوارۆژی ستاتووی سیاسیی کوردستانەوە لەنێوان یانەی کوردی لە ئەستەمووڵ و مندا ڕووی دا، من هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کەوا دەبێ دەست لە سەرۆکایەتیی وەفدی کوردی لە لای کۆنفرەنسی ئاشتی هەڵبگرم.**

**بە هەمان شێوە، بڕێک نیشانە پێشبینی ئەوەم بۆ دەکەن کە شیمانەی ئەنجامەکان لەگەڵ پرەنسیپە سیاسییەکانمدا ناگونجێن، هەروەها خۆم لە سەرۆکایەتی کۆمیتەی زانیارییە ئیسلامیەکانی پاریس- یش کە موسڵمانەکانی هیندستان چاودێرییان دەکرد، کێشایەوە.**

**وەزیری بەڕێز، دەربڕینی بەرزترین ڕێزلێنانم قەبووڵ بفەرموون.**

www.zheen.org

**( مۆر)**

**شەریف**

**نامەی چلودووەم**
**٢٧ی تەمموزی ١٩٤٢**
**هۆتێلی پاریس**
**مۆنتی-کارلۆ**

**بۆ جەنابی بەڕێز مۆسۆلینی، سەرۆکی حکوومەتی**
**شاهانانە و ئیمپراتۆری ئیتالیا-ڕۆما**

جەنابی بەڕێز،

لەسەر بانگهێشتی حکوومەتی ئەڵمان، ٢٢ی حوزەیرانی ڕابوردوو سەفەری پاریسم کرد و تا ٢٥ی هەمان مانگ لەوێ مامەوە.

شەرەفی ئەوەم هەیە کۆپیی چەند پرسگەلێکی هەمەچەشنە کە من لەگەڵ دەسەڵاتکارانی لێهاتووی ئاڵماندا باسم کردووە، بخەمە بەر دیدەی بەرزی جەنابی بەڕێزتان.

ئەم پرسانە بریتین لە: کۆپیی نامەیەکی خەلیفە بۆ موفتیی گەورەی قودس.

کۆپیی‌نامەیەک کە خەلیفە بۆ پاپای ڕەوانە کردووە. سەبارەت بە ڕەوانەکردنی ئەم نامەیە، من سەرنجی دیپلۆماتکارە ئەڵمانەکان، ئەوی نامەکەم داوەتە دەست، بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە هەلی ئەوە بڕەخسێنێ دوای ئەوەی لەمبارەیەوە ڕاوێژ بە حکوومەتی ئیتاڵی دەکات، ئەم بەڵگەنامەیە بگەیەنێتە شوێنی بەرزی خۆی.

کۆپیی تێلێگرامێکی خەلیفە بۆ ئەدرەسی ئیمپراتۆریای ژاپۆن، کۆپیی یادداشتنامەکەی خۆم کە داومەتە حکوومەتی ئەڵمانیا و لەسەر ناواخنەکەی ئەو یاددشتنامەیەم نووسی کە ڕۆژی ٢١ی تەمووزی ئەمساڵ بۆ سەرۆک کۆماری تورکیام نووسی.

کۆپیی یاددشاتنامەکەی خۆم کە دەربارەی پرسی عەرەب و کورد نووسیوومە و کۆپیی یادداشتنامەکەی خۆم بۆ سەرۆک کۆماری تورکیا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەفەرەکەم بۆ پاریس بەگوێرەی تێلێگرامێک کە لەو ماوەیەدا بەدەستم گەیشتووە، لە میسر نیگەرانی زۆری ناوەتەوە.

ئاژانسی نهێنی بریتانیا چالاکییەکی خەیاڵ نەکردەنی دەگێڕن، نەک هەر لە فرانسای داگیرکراو، بەڵکوو هەتا لە ناوچە ئازادەکانیشدا. دەسەڵاتکارانی ئەڵمانی بە توندی دژی ئەم چالاکییانەن کە لە فرانسای داگیرکراو دەکرێن. جێگەی داخە کە دەسەڵاتکارانی ئەڵمانی ئەم کارەیان لە ناوچە ئازادکراوەکان پەراوێز خستووە. لەولای دیکەوە، ئەوە ئاشکرایە کە خەفیەکارانی جاسووسی ئەم دەوڵەتانە زانیارییەکان شەوانە بەشێوەیەکی نهێنی لە ڕێگەی ڕادیۆی مۆنیتکارلۆوە دەنێرن.

بەوەفا لەگەڵ ئالیکاریم دژ بە بۆڵشەویزم، داوا لە پایەبەرزتان دەکەم ملکەچی و ڕێزلێنانم قەبووڵ بفەرموون.

ئیمزا

ژێنێرال شەریف پاشا

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی چل‌وسێیەم**

**١٦ی دیسامبەری ١٩٤٢**

**هۆتێلی پاریس**

**مۆنتی-کارلۆ**

**بۆ جەنابی بەڕێز مۆسۆلینی، سەرۆکی حکوومەتی**
**شاهانانە و ئیمپراتۆری ئیتالیا-ڕۆما**

جەنابی بەڕێز،

شەرەف ئەوەم هەیە بەوپەڕی ڕێزەوە سەرنجی بەرزی بەڕێزتان بۆ کردەیەك ڕابکێشم، گەرچی کردەیەکی تەواو کەسییە، بەڵام کەمتر بێبایەخ نییە بۆ حاڵەتێك کە دەبێ تەواو بە تایبەتی سەرنجی بدرێتێ. لەسەر بانگهێشتی تایبەتی دەسەڵاتکارانی ئەڵمان، ٢١ی حوزەیرانی[*] ڕابوردوو سەفەری پاریسم کرد و هەر بە گەیشتنەوەم بۆ مۆنتیکارلۆ لە ٢٦ی ڕابوردوودا، ئەوەم لەدەست نەدا کە ئەو زانیارییە بە دەسەڵاتکارانی ئەڵمان-ئیتاڵیایی ڕابگەیەنم کە چەند ڕۆژێك دوای دەرچوونم، بە تێلێگراف ئەم دەرچوونەم بە قاهیرە گەیەندراوە. ئەمە بووەتە هۆی نانەوەی پشێوی لە ناوەندە سیاسیەکانی بریتانی و زیان گەیاندن بە بەرژەوەندییە کەسییەکانم لە میسر. کاتی دەرچوونم بۆ پاریس ئەو ئەنجامانەم نادیدە نەگرتبوو کە دەبوو لە ئەنجامی ئەم سەفەرەدا پەیدا بن. بەڵام بەشداریکردنم لە پرسی بەرەی تەوەر دژ بە بۆلشەویزم، بۆ یەك چرکەش دوودڵیان نەکردم لەوەی بچم ئەرکی خۆم لەلای دەسەڵاتکارانی ئەڵمانیا لە پاریس بەجێبهێنم. من ئەو دەرفەتەم لە دەست نەدا کە کۆپیی یادداشتنامەکانم بۆ جەنابی بەڕێزیان بنێرم و ئەوە لەسەر ڕێنوێنییەکانی من بوو کە فەوج گەلی موسڵمان زیندانییە جەنگییەکانی موسڵمانانی ڕووسیا پێکەوە نرا. من چەند سەرەداوێکم پێدان بۆ دۆزینەوەی بکەری ئەو زانیاریانەی وا لە بارەی دەرچوونی منەوە بوون. من گەلێك سەرسام بووم لەوەی کە دەسەڵاتکارە بە تواناکان نەیانتوانیوە هێشتا سەرکەوتوو بن کەسە گومانلێکراوەکە بگرن.

---

[*] لە نامەکەی پێشوویدا مێژووی ٢٢ ی مانگی نووسیووە، لە جیاتی ٢٢ ی مانگ، وەرگێڕ.

هەڵبەت، دۆزینەوەی بکەری گومانلێکراو، بایەخێکی گەلێگ گەورەی هەیە لەپێناوی سەلامەتیی سوپای خۆیاندا کە کەناری زەریای سپیی ناوەڕاست داگیر دەکات. من ئەوەشم بەسەردا ڕەت نەبوو سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە مۆنتیکارلۆ بە درێژایی جەنگی دوایی و هەروەها جەنگی ئێستە ناوەندێکی جاسووسکاری بووە، کەوایە بڵێی لە بەرژەوەندی تایبەتی ئیتاڵیادا نەبێ ئەوپەڕی ڕادەی سەلامەتی بۆ سەربازەکانی دابین بکات؟ ئەگەر کار بەم شێوەیە بڕوات، بەبێ ئەوەی پاکسازییەکی تەواو بکرێ لە توخمە زیانبەخشەکانی وڵاتە شەڕکارەکان و جوولەکەکان، لە دەرفەتێکی نزیکدا ئەنجامگەلی زۆر ترسناک لە سۆنگەی ئەم گوێ پێنەدانە دەبینین.

یەکێك لە کەسایەتییە ئەڵمانەکان پێی ڕاگەیاندم یەکێك لەو سەرە داوانەی کە من دەستنیشانم کردبوو، ئەنجامی یەکلاییکەرەوەی هەبوە، بەڵام بە هۆی خەمساردیی لێکۆڵینەوەکانەوە، تەنها تاقە هۆ بووە بۆ دواکەوتنی دەستگیرکردنی کارمەندی گومانلێکراوی سێرڤیسی ئەنتێلگێنسیا.

من لام وایە ئەوە ئەرکی سادە و ساکاری منە و ئالیکاریی بەوەفای جەنگی خاچپەرستانە دژ بە بۆلشەویزم ڕێگەم پێدەدا کردەی لە پێشدا باسکراو بخەمە بەردەم زانیاریی جەنابی بەڕێزتان، بەو هیوایەی کە بەڕێزتان بە وردی فەرمان دەربکەن بۆ چالاککردنی بەدواداگەڕانە پێویستیەکان لەبارەی ئەمانە یان ئەوانەوە کە پێوەندییان لەگەڵ دوژمندا بەستووە بۆ ئەوەی زانیاری لەبارەی دەرچوونەکەمەوە ڕابگەینن. من لە جەنابی بەڕێزتان دەپاڕێمەوە دەربڕینی ڕێزی هەرە بێپایان و ئەمەگی سەقامگرتوانەم بۆ پرسی مرۆڤایەتی کە جەنابتان کۆششی بۆ دەکەن، قەبووڵ بفەرموون.

ئیمزا

شەریف

www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

**بەشی دووەم**

# شەریف پاشا

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی

## هەردوو وەزارەتی دەرەوە و جەنگیی فرانسادا

## ١٩١٥-١٩٢٠

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١**

**یادداشتنامە**

**لەبارەی پێشنیاری کوردەوە**

**( ڕۆژی ١٦ ی نۆڤەمبەری ١٩١٥ گەیشتۆتە بەڕێوەبەرایەتیی سیاسی)**

یەکەم ڕۆژەکانی مانگی دیسامبەری ١٩١٤، بەڕێز یۆنگ سەردانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کردووە و بۆ ئەوەی ئەم پێشنیارەی خوارەوە کە لەلایەن ژێنێرال شەریف پاشاوە هاتووە، بگەیەنێتە وەزیر:

ژێنێرال هاریکاریی دەرو و ناوچە کوردییەکان کە دەتوانێ چەند سەدان هەزار پیاو چەکدار بکات، پێشکەش دەکا. ئەوە زێد و نزیکەکانی ئەون کە سەرۆکی هەر بە نفووزن لە ناو وڵاتدا. کوردەکان بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەرمەنییەکان، ئەو ناوچانە چۆڵ دەکەن کە ئەرمەنەکانی تێدا دەژین.، ئەرمەنییەکان هەمان شت بۆ کوردەکان دەکەن.

کوردستان نایەوێ بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ڕووس. ئەوە قەبووڵ دەکات شازادەیەکی هیندی، هاوئایین، حوکمڕانی بکات. کوردستان دەیەوێ سەربەخۆییەکەی، زمانەکەی، ئایینەکەی، داب و نەریتەکانی بە گەرەنتی بنەبڕی هاوپەیمانەکان، پارێزراو بن. دوای جەنگیش دەخوازێ قوتابخانەی بۆ بکرێتەوە.

کوردەکان تاڵاوی زۆری تورکەکانیان چەشتووە. ئەگەر هاوپەیمانەکان قەبووڵ بکەن، ژێنێراڵ سەری بەسرە دەدات، لەوێ سوارەی کورد لە هەموو پەلەکانی کوردستان چاوەڕوانی دەکەن. ئەم پێشنیارە بە نووسراو ڕۆژی ١٢ی دیسامبەر نووسراو و ڕۆژی ٢٨ی دیسامبەر، بەڕێز یۆنگ، بە فەرمانی وەزارەت دیدارێکی لەگەڵ بەڕێز گرۆنارد، بەڕێوەبەری وەزارەتدا هەبوو.

لەو ماوەیەدا، بەڕێز یۆنگ، بە ڕاسپاردەیەکی ڕاستەوخۆ، چوو بەڕێز لۆرێن لە باڵوێزخانەی ئینگلستان و سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی ڕووسیا ببینێ.

ئێمە تێنەگەیشتین یاخود نامانەوێ تێبگەین. ئەگەر پێشنیارەکە قەبووڵ کرا، ئەوا ئەرمێنیا ڕزگار دەکرێ، قەوقاز دەپارێزرێ، ئێران پەلامار نادات و دواجار، ئێمە ٥ تا ٦٠٠٠٠٠ کەسمان لەگەڵ دەبێ.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢**

**کاروباری هەندەران**
**پاریس، ٢٦ی دیسامبەری ١٩١٨**

**سەردانی شەریف پاشا**

**دەستی کرد بەوەی پرسیار لە خۆی بکات، ئەگەر ئەو لە دواڕۆژ دا نەبێتە میری کوردستان، دەچێت بۆ ژنێڤ و لەوێ سەباحەددین، هاوڕێکەی لوتفی فەخری کە ئەندام پەرلەمانتاری کوردن لە ئەنجومەنی نیشتمانیی عوسمانی، دەبینێ.**

**من بانگهێشتم کرد تا هاوڕێ کوردەکانی کۆبکاتەوە، بە شێوەیەك بە ناوی هاوڕەگەزەکانی خۆیانەوە داوای سەربەخۆیی لەسایەی چاودێریی فرانسادا بکەن.**

J.G*

بنکەی ژین
www.zheen.org

* مەبەست لەوە Jean Goutی بەڕێوەبەری بەشی ئاسیەوی بوو لە وەزارەتی دەرەوەی فرانسا، وەرگێڕ.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣**

**وەزارەتی کاروباری هەندەران**

**شیفرە خوێندنەوە**

**بەسرە، ٣١ی دیسامبەری ١٩١٨ کاتژمێر ٠٧ و ٢٠ دەقیقە**

**٣١ ی مانگ لە کاتژمێر ١٦ و ٢٠ دەقیقە گەیشتووە**

**ژمارە ٣٣٩**

**قوماندان سیکارد ئەو زانیاریانەی بۆ دووپات کردەوە کە من بە تێلێگرامی ژمارە ٣٧٢-م بۆ جەنابی بەڕێزتانم گواستەوە سەبارەت بە کۆڵۆنێل لیچمان لە مووسڵ.**

**لە لایەکی دیکەوە، ئەوەی پێڕاگەیاندم کە شیمانەی ئەوە نییە وەفدێکی کوردی (بڕوانە تێلێگرامی ٣٧٥) (وشەیەکی نەناسراوە) یان هەتا دروستیش بکرێت. بەڵام ئەوەیان بۆیان دووپات کردۆتەوە کە دانیشتوانی ناوچەی سلێمانی داوای شەریف پاشا دەکەن.**

**شارل ڕۆ**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**بەڵگەنامەی ژمارە:٤**

**وەزارەتی کاروباری هەندەران**

**شیفرە خوێندنەوە**

**بەغدا، ١٤ی نیسانی ١٩١٩ کاتژمێر ٧ و ٤٥ دەقیقە**

**( ١٥ی مانگ کاتژمێر ١٧ و ٣٥ دەقیقە گەیشتووە)**

**ژمارە ٢٣٩**

**بە پێداچوونەوەی تێلگرامەکانی ژمارە ٢٣٠ تا ٢٣٤ م.**

**پێم گرینگە بە شێوەیەکی نهێنی ئەو هەڵبژاردنەی ئەو دەکۆمێنتە ڕەسمیانەی کە من توانیمە بیانخەمە بەر دەست سەبارەت بە سیاسەت و ڕەوتی هاوپەیمانەکان لە بارەی کوردستانەوە، بۆ دیپارتومان یان بنێرم.**

**( نهێنی).**

**لە وەڵامی تێلیگرامێکی سکرتێری دەوڵەتا لە لەندەن ڕۆژی ٢٨ی ئۆکتۆبەری ڕابوردووی، کە کاری کۆمیسێر دەکات، پێشنیهادی سەرەتایی شەریف پاشا سەرچاوەی تێلیگرامی ڕۆژی ٤ی دیسامبەری ١٩١٤ یان بوو بۆ حکوومەتی هیندستان. ئەگەری هەڵسەنگاندنێکی بەکارهێنانی شەریف پاشا لە ناو برووسکە نهێنیەکەی ڕۆژی ٢٢ی کانوونی دووەمتان دایە بۆ حکوومەتی هیندستان.**

**ئۆفیسی هەندەران * و سکرتێری حکوومەتی هیندستان بەبێ هیچ دوودڵییەك یادداشتنامەی ڕۆژی ٣ی حوزەیرانی چاوپێکەوتنی سیر پێرسی کۆکس Sir P.Cox و شەریف پاشایان لەبەر دەستە. من کۆپیەکی بە پۆستەدا بۆ سیملا Simla و تاران دەنێرم. وتووێژەکانی پێشووتری شەریف پاشا لەگەڵ سێر پێرسی کۆکس لە بارەی کوردستانی خوارووەوە بوون. من پێم وایە باشتر دەبێت وریایی ئێمە و وریایی ئەو ( شەریف پاشا) لە کاروباری کوردەکان، بۆ کاتێکی سنووردار بێت.**

**پرسی کوردەکانی باکوور و ئەرمەن یەکێك لەو دوو پرسانەیە کە شەریف پاشا لەوانەیە بتوانێ دواتر هاوکاریی تێدا بکات، نەك هەر یەکێکیشیان کە بە بڕوای**

---

* Forgne Office

من، جێگەی گومانە بە گوێرەی پێشنیارەکانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بۆ ئێستەکە، جگە لە پێشنیارەکانی پێشوو، هیچ ڕوانینێك لەسەر ئەم بابەتەوە دەرنەبڕاوە.

ئەوەی تایبەتیشە بە کوردستانی خواروو، ئەگەر ڕەوشی سەربازی ڕێگە بدات و پێشنیارەکانی ناو تێلێگرامی ڕۆژی ٢٧ی ئۆکتۆبەر-م قەبووڵ کران، من دەمووەدەست پێشنیار دەکەم لە هەموو حاڵەتێکدا ئەنجومەنێکی ناوەندیی پێك بهێنن بۆ سەرۆکایەتیکردنی کوردستانی خوواروو بەچاودێریی قەڵەمڕۆی بریتانیەکان کە لەوانەیە لە مووسڵ یا هەولێر دروست ببێ. ئەگەر ویلایەتی مووسڵ بکەوێتە ناوچەی قەڵەمڕۆی ئێمەوە، پێشنیارێکی دیکە ئەوەیە ئەگەر زابی بچووك ببێتە سنووری باشووری نفووزی تایبەتی ئێمە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کاروباری کوردستانی خواروو ئەوەندەی بکرێ لە سلێمانییەوە سێنترالیزە* بکرێ.

( درێژەی هەیە).

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرانسی**

بنکەی ژین
www.zheen.org

* سێنترالیزەکردن: centraliser ( بە ناوەندیکردن).

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥**

**وەزارەتی کاروباری هەندەران**

**شیفرە خوێندنەوە**

**بەغدا، ١٤ی نیسانی ١٩١٩ کاتژمێر٩ و ٣٥ دەقیقە**

**( ١٤ی مانگ، کاتژمێر ١٤ و ٤٥ گەیشتووە)**

**ژمارە ٢٤٠**

**درێژەی ژمارەی پێشوو**

**لەم یان لەو ئەگەرانەدا، من ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کەوا شەریف پاشا بە هەر شێوەیێك بێت بێتە ئێرە، تا پێوەندی لەگەڵ هاونیشتمانیەکانی خۆی کە لەوەتای منداڵییەوە نەیدیون، بگرێ.**

**ئەگەر حەز بکات لێرە بمێنێتەوە و قەناعەتی هێنا، من هەوڵ دەدەم پشتیوانییەکی پراتیکی لێ بکەم تا ئەو کاتەی دەکەوێتە ڕەوشێك بتوانێ دەسەڵات و نفووزی خۆی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێمە و هاونیشتمانییەکانی خۆی پیادە بکات. ئەگەر ئەم ئەگەرانە هیچیان نەبوون، من پێم وانییە وریایی لەوەدا بێت وەکوو دیپلۆماتێکی دابڕاو لە لەندەن, هێشتا کەمتر لە پاریسیشەوە بە ناوی کوردەکانەوە قسە بکات. وەختایەك پێویستیەکانیان جێگەی ڕەزامەندی نابێ لەلایەن نوێنەرایەتییە بریتانیەکانەوە لە ناوچەکەدا، چاکتر وایە بۆ حکوومەتی خاوەندشکۆ بەجێبهێڵدرێ.**

**هیوادارم بتوانرێ لە مێژوویێکی زۆر نزیکی شیاودا لە بڕیاری حکوومەتی خاوەنشکۆ سەبارەت بەو سیاسەتەی کە دەبێ لە ڕووی ناوخۆییەوە لە ویلایەتی مووسڵ پیادەیان بکات، ئاگادار بکرێمەوە.**

---

**ئەوەی کە وەپێش ڕەزامەندیی ژێنێرالی سەرکردایەتیی گشتیی میزۆپۆتامیای دەکەوێتەوە.**

**( درێژەی هەیە).**

**شارل ڕۆ**

*Charles Roux*

**کونسڵی فرانسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦**

**کۆمیسێریای بەرزی**
**کۆماری فرانسا**
**ئیدارەی کاروبارە**
**سیاسی و بازرگانییەکان**
**ئاسیا- ئۆقیانووس**
**ژمارە :١٧٣**

**کۆستانتینۆپل، ٢٩ی نیسانی ١٩١٩**

**لە بەڕێز دوفرانس کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرانسا**
**لە ڕۆژهەلات بۆ بەڕێز جەنابی ستیفێن پیشۆن،**
**وەزیری کاروباری دەرەوە.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**لەبارەی داخوازینامەیێکی**
**کوردەکان و شەریف پاشاوە**

**سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد و کوردستان داوای لێ کردم منەتباری جەنابی بەڕێزتان دەبێ ئەم دەکۆمێنتەی هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیە بگەیەنێتە دەست ژێنێرال شەریف پاشای ((سەرۆکی وەفدی کوردی)).**

**من ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی ئیشارە بە هەڵوێستی ئەمەی دوایی [شەریف پاشا.و] بکەم کە چەند ساڵێکە لە پاریس خۆی کردۆتە پاڵەوانی ئازادیی تورکیا لە ژێردەستەیی ئیتتیحادییەکان و بەرگری لە یەکیەتی ئیمپراتۆریا دەکات، کە وا پێدەچێ تا ڕادەیەك چاوڕواننەکراو بێت. لەولای دیکەوە، قاو وا داکەوتووە ژێنێرال شەریف پاشا تەنها ئەوکاتە بووەتە دوژمنی "ئیتتیحاد و تەرەققی" کە گەنجە-تورکەکان ڕەتیان کردووە ئەو باڵوێزییەی وا داوای کردووە، وەریبگرێ.**

ئاڕاستە نوێیەکانی هەڵوێستەکەی بەو جۆرەیە کە بڕێك متمانە بەو قاوانە دەدەن. بۆ ئەو تەواو بەدیار دەکەوێ کە لە هەموو حالەتێکدا بەدوای بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆیدا دەگەڕێ.

لەلای دیکەوە، ڕێگەی بە خۆی داوە گومانی خۆی دیاری بکات لەسەر دەرفەتی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی، لەسەر بەردەوامیی ژیانی ئەم دەوڵەتە، بە تایبەتیش لەسەر توانایی کوردەکان لەوەدا کە خۆیان حوکمڕانیی خۆیان بکەن و خۆیان بەڕێوە ببەن.

من تەنها ئەوەم بۆ هەیە مشوورخواردنی حوکمدانی ئەوە بۆ جەنابی بەڕێزتان لێ بگەڕێم، ئەگەر وا بەدیار بکەوێ بەسوود بێت ئەم بەڵگەنامەیە بگەیەننە شوێنەکەی. من ئەرکێکی خۆم بەجێ دەگەیەنم، ئەوە زیادە بکەم کە ئەم نامەیە تێکستەکەی دەستکاری کراوە و بە تەواوی ئەو تێکستە نییە کە لە بنەڕەتدا خراوەتە بەردەستی یەکێك لە هاوکارەکانم. لە یەکەم تێکستدا ڕاستیەکەی سەرۆکی" کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد" بەشێوەیەکی ئاوها سادە و ڕاشکاوانە پرۆتێکتۆرای ئینگلستان بۆ سەر وڵاتەکەی ڕادەگەیەنێ. ئەم کەسایەتییە لەسەر تێبینییێکی کە هاوکارەکەم کردوویە، کە داواکردنی پرۆتێکتۆرایەکی ئاوەهای بە میانەگیری کۆنسوڵخانەی فرانسا بە سەیرو سەمەرە بینیوە، سڕاوەتەوە.

ئا. دوفرانس

www.zheen.org

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٧**

**کۆماری فرانسا**
**وەزارەتی کاروباری دەرەوە**
**ئیدارەی کاروبارە**
**سیاسی و بازرگانییەکان**

**ئاسیا- ئۆقیانووس**
**ژمارە ٥٥٥**

**١٣(؟)ی نۆڤەمبەری[٤١] ١٩١٩**

**لە وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ کۆمیسێری**
**بەرزی کۆماری فرانسا لە سووریا**

**شەرەفی ئەوەم هەیە لەگەڵ ئەم نامەیەی خوارەوە، هاوپێچ نامەیەکتان بۆ ڕەوانە بکەم کە لەلایەن شەریف پاشای نوێنەری داخوازییەکانی کوردەوە لە پاریس گەیشتۆتە دەست من و بۆ سەیید ئەحمەد ئەفەندی، وەفدی کوردستان لە دیمەشق ڕەوانە کراوە[٤٢].**

www.zheen.org

**داوا لە بەڕێزتان دەکەم، ئەم نامەیە بە ئەمانەتەوە بگەیەننە دەست خاوەنەکەی، ئەمە ئەگەر ئێوە تەگەرەی فەرمانێکی کەسی یا سیاسیی تێدا نەبیننەوە.**

---

[41] بەداخەوە مێژووی نووسینی ئەم نامەیە هێندە کاڵ بووبۆوە بۆمان نەخوێنرایەوە، ئەم مێژووەش بە حاڵ لەناو مۆری وەزارەتدا کە بەسەر بەڵگەنامەکەوە بوو، وەرمانگرتووە، کە بێگومان دەبێ مێژووی بەڵگەنامەکە هەر چەند ڕۆژێك پێش ئەم مێژووە نووسرابێت، وەرگێر.

[42] بە داخەوە ئەم نامەیەی شەریف پاشا کە دەبوو هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامە بووایە، نە ئەسلی نامەکە و نە وەرگێڕانە فرەنسییەکەشی لەگەڵدا نییە، وەرگێڕ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# دەقی ئەسڵیی

# نامە دیپلۆماتییەکان و

# بەڵگەنامە فرانسییەکان

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەی یەکەم: ١**

146

Villa Keifim,
24 Bd. de l'Ouest,
Monte-Carlo.
le 31 Janvier, 1918.

Monsieur l'Ambassadeur,

D'après un télégramme que j'ai reçu récemment de mes amis politiques le Prince Sabaheddine et Réchid Bey ancien Ministre de l'Intérieur du Cabinet anglophine Kiamil Pacha, Kemal Midhat demeurant actuellement à Genève a imaginé un nouveau subterfuge pour soutirer de l'argent en fondant dans cette ville une ligue intitulée "Paix et Libération".

Je m'empresse de porter sous les hauts auspices de Votre Excellence à la connaissance de qui de droit que nous n'avons aucun rapport ni avec cette ligue imaginaire, ni avec ses initiateurs Kémal Midhat et son acolyte Hakki ancien Directeur de la Monnaie à Constantinople. Les antécédents de ces deux personnes doivent être trop connus par les autorités Britanniques compétentes pour que j'aie besoin de m'étendre davantage sur ce désagréable sujet. Je me bornerai seulement à faire remarquer à Votre Excellence qu'ils mangent à double ratelier. Ils

sont

www.zheen.org

## نامەی یەکەم: ٢



sont à la disposition de ceux qui les paient le plus.

Je profite de cette occasion pour informer le Gouvernement de Sa Majesté Britannique que nous n'avons non plus aucun lien avec deux autres aventuriers Sadik Bey actuellement habitant Le Caire et Ismail Gumul Djinali demeurant à Salonique dont les seules préoccupations comme celles d'Essad Pacha sont d'extorquer de l'argent en présentant de beaux projets patriotiques dont l'exécution reste dans leur imagination. Sadik Bey et Ismaïl Gumul Djinali sont sectaires et sanguinaires et aussi dangereux et nuisibles pour la future Turquie que les plus farouches membres du Comité Union et Progrès.

Je prie Votre Seigneurie de vouloir bien agréer l'expression de ma très haute considération.

(Signed) Chérif.

www.zheen.org

## نامەی دووەم: ١

Monte-Carlo;

le 6 Juin 1918.

Monsieur l'Ambassadeur,

Plongé dans la sollitude de la retraite que je me suis imposé volontairement ici à la suite de mon désespoir de rendre service pendant cette terrible guerre à l'Angleterre et à la France dont j'ai loyalement embrassé la cause, j'ai eu l'honneur de recevoir le gracieux message télégraphique de Votre Seigneurie m'invitant à aller m'entretenir à Marseille avec le Général Sir Percy Cox. Je n'ai pas manqué à m'y rendre.

J'ai été bien aise de causer avec lui sur les affaires d'Orient en général et sur celles qui concernent spécialement ma race et le Kurdistan, berceau de ma famille du côté paternel et maternel.

Je crois devoir résumer à Votre Seigneurie la conversation que j'ai eue avec le chef politique Britannique en Mésopotamie.

www.zheen.org

J'ai été particulièrement heureux de constater au cours de mon entrevue à Marseille que l'admirable politique Britannique reste intacte, comme je l'ai toujours supposée dans les mêmes principes traditionnels consistant à ne pas vouloir annexer les contrées que l'Angleterre occupe, mais son plus grand souci est d'y établir la liberté et la justice dont tous les peuples d'Orient ont ardemment soif.

J'ai été surtout agréablement impressionné en constatant que les Kurdes ne seront pas privés des principes humanitaires de la soiété des nations formellement promis par les Alliés à tous les peuples opprimés pour leur accorder l'indépendance nationale basée sur la justice et la liberté!

En effet l'élément Kurde forme dans les provinces

Ottomanes

Ottomanes habitées par les Arméniens et en Mésopotamie la plus grande majorité. Dans l'intérêt des Arméniens même et pour pouvoir appliquer utilement en leur faveur le principe de nationalité, il est absolument nécessaire de former un foyer national pour les Kurdes.

L'Autonomie de l'Arménie ne pourrait vivre en paix et en sécurité que si les Arméniens y deviennent en majorité. En formant un Kurdistan autonome la plus grande majorité des Kurdes des environs ne manquerait pas d'émigrer dans leur pays devenu indépendant, national et homogène où les terres sont autrement plus fertiles que celles de l'autre côté du Taurus.

Après le foudroyant effondrement de la Russie, l'Allemagne n'a pas tardé à en tirer partie et à troubler l'équilibre de l'Asie à son profit.

Pour parer promptement à cet état de choses n'est-il pas de l'intérêt primordial de la Grande Bretagne de former dès maintenant des blocs équivalents pour balancer ce déséquilibre et empêcher en même temps la dangereuse contagion des idées utopiques des bolchevistes.

L'Allemagne ne cesse de créer en Russie de divers faits accomplis pour se présenter à la conférence de la paix avec préméditation de les faire accepter selon ses visées politiques et économiques. Il serait circonspect pour l'Angleterre qu'elle prenne promptement des mesures analogues pour contrecarrer les prétentions allemandes et ~~moins~~ mieux établir l'équilibre de l'Asie.

Toujours animé du vif désir de servir la cause de la justice universelle, je n'ai pas hésité à déclarer au Général Sir Percy Cox que je maintiens l'offre de service que j'avais adressée au Gouvernement de S.M. Britannique

www.zheen.org

- 2 -

Brtannique par ma lettre du 23 novembre 1914.

Je crois devoir ajouter à ma conversation avec Sir Percy Cox que la question du choix d'un chef pour le Kurdistan autonome serait le côté le plus épineux a cause des rivalités séculaires qui regnent entre les différentes tribus que forment la population Kurde. Si on laissait le choix du chef sus-mentionné à la sanction du peuple, il en résulterait des confusions à la suite de multiples candidatures qui seraient présentées par toutes les tribus actuellement existentes, ce qui occasionnerait finalement l'augmentation de l'antagonisme parmi elles sans obtenir un résultat satisfaisant.

Chaque tribu considère son chef comme supérieur à ceux des autres, et par conséquent elle ne voudrait pas se soumettre sous l'autorité d'un autre chef dont l'influence provient d'une autre tribu.

Pour obvier à cet inconvénient, il serait prudent d'envoyer directement au Kurdistan un chef appartenant à la race Kurde, ayant un passé politique et ayant occupé dans l'Empire une situation préponderante, et surtout étant resté en dehors des rivalités et des intrigues locales. Sa neutralité inspirerait au peuple la confiance pour l'impartialité de son administration et le respect pour son autorité, sachant qu'il vient

dans/

بنکەی ژین
www.zheen.org

نامەی دووەم: ٤

dans le pays sous les hauts auspices du Gouvernement de Sa Majesté Britannique et investi de Sa pleine confiance et la puissance de Son prestige.

Il ne serait pas non sans importance que le chef dont la tâche serait surtout au début fort difficile, ait des connaissances politiques, administratives, voire même militaires suffisantes pour pouvoir la mener à bonne fin, et en conformant sa politique à celle de la Grande Bretagne.

Dans l'ardent désir de préserver ma race du danger de l'Anarchie l'entrainant à sa ruine complète, je me sacrifierais volontiers pour assumer la lourde responsabilité d'une pareille tâche, si le Gouvernment de S.M. Britannique voulait bien m'honorer de Son entière confiance que je crois mériter amplement par mon inébranlable attachement à Sa politique traditionelle et séculaire.

Je saisis avec empressement cette occasion pour offrir à Votre Seigneurie l'expréssion de ma très haute considération.

(Signé) CHERIF.

## نامەی سێیەم

Copy.

20, Avenue de Messine, VIII$^{e}$,

Paris, le 15 octobre 1918

183

Monsieur l'Ambassadeur,

Je vous serais infiniment reconnaissant si vous vouliez bien faire parvenir à Sir Percy COX ma communication ci-jointe en cablogramme à cause de l'urgence du sujet que j'y traite.

Fort charmé du bienveillant accueil que Votre Seigneurie a bien voulu me réserver l'autre jour, et dans l'espoir qu'Elle voudra bien me recevoir un de ces jours longuement, pour que je l'entretienne sur des sujets qui intéressent tout particulièrement le Gouvernement de Sa Majesté Britannique, je saisis avec empressement cette occasion pour Lui offrir l'expression de ma très haute considération.

(Signé) CHERIF.

xcellence
Lord Derby,
adeur de Sa Majesté Britannique
Paris.

**نامەی پێنجەم : ١**

Entr

Paris, le 7 Novembre 1918

20, Avenue de Messine

188366

NOV 15 1918

My Lord,

J'ai l'honneur de porter à la connaissance de Votre Seigneurie quelques réflexions qui me viennent à l'esprit pour l'usage qu'Elle jugera opportun d'en faire dans l'interêt de nos pays respectifs qui sont, d'après moi, les mêmes en Orient, et de celui del'humanité et de la paix future.

Les Jeunes Turcs se sont vus obligés de recourir à une nouvelle supercherie pour duper de nouveau lès chancelleries de l'Entente en faisant croire qu'il s'est produit à Constantinople un revirement politique. Après l'effondrement de la Bulgarie, Talaat pacha, voyant venir le tour de la Turquie, a cru prudent de se retirer dans les coulisses pour y prendre les rênes du gouvernement occulte, en se faisan[t] remplacer officiellement par le Général IZZET pacha, un germanophi[le] avéré, qui appartient en second plan au Comité Union et Progrès et qui a comme collaborateurs des Unionistes acharnés et farouches comme Fethy bey, Hafri bey, Djavid bey et Raouf bey etc.

Il est fort regrettable que les Alliés aient traité les conditions de l'armistice avec des aventuriers criminels qui composent le gouvernement officiel turc, lequel a derrière lui des chefs occultes gouvernant pour leur compt[e].

En entamant des négociations avec cette association de criminels qui depuis dix ans a entassé forfaits sur forfaits, ne pensez-vous pas que les Alliés fassent mauvaise figure au regard de tous les Ottomans sans distinction de race qui ont eu à éprouver leur détestable gouvernement?

[Ex]cellence

Lord Robert C E C I L

etc. etc. etc. LONDRES

بنكەی ژین
www.zheen.org

نامەی پێنجەم: ٢

-3-

[illegible] des actuels dirigeants sera toujours réfractaire aux [illegible] à la liberté, à la justice dont tout le monde a soif. [illegible] assurera au pays une nouvelle ère de régénération.

[illegible] Veuillez agréer My Lord, l'expression de ma très haute considération.

Général Cherif Pacha

بنکەی ژین
www.zheen.org

## نامەی شەشەم: ١

F0 371/3398 151520

COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

241

20, AVENUE DE MESSINE. VIIIᴱ

TÉL: WAGRAM 93-21

PARIS, le 30 Novembre 1918

Mon cher Ami,

C'est avec joie et une agréable surprise que j'ai constaté par votre signature sur la dépêche nº 188-866 W-44 votre présence au Foreign Office.

Je suis d'autant plus content de cette coïncidence que vous êtes à même et tout indiqué pour appuyer la démarche que j'ai faite auprès du Gouvernement de Sa Majesté Britannique par la bienveillante entremise de Lord DERBY. Ma démarche est toute simple, et ne consiste qu'à reconnaître mes sentiments anglophiles et mon inébranlable attachement à la politique orientale du gouvernement de Sa Majesté Britannique en m'accordant sa confiance et son appui purement moral dans le [illegible]

[illegible]

[illegible]

# نامەی شەشەم: ٢

571/3398 151520

COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION



et le débarrasser du fléau qui y a sévi pendant dix ans, qu'est le Comité Union et Progrès, et d'extirper la funeste mentalité qu'il y a semée.

Profondément persuadé que pour mener à bonne fin la tâche qui me sera confiée éventuellement, j'aurai besoin de l'appui moral de votre gouvernement, et comme je me suis imposé le devoir de n'accepter la moindre charge que si je suis convaincu d'avance que je serai utile à mon pays, c'est pourquoi, j'ai sollicité la bienveillante assurance même verbale de votre représentant à Paris. J'ai aussi sollicité l'autorisation de faire partir à mes frais à Constantinople, mon secrétaire particulier le Major Chalib Bey, par l'entremise duquel je désirerais être en rapport avec mon souverain, être renseigné sur tout ce qui s'y passe, et en informer le cas échéant le gouvernement de Sa Majesté Britannique. Vous savez que partout ailleurs, et principalement en Orient, les renseignements recueillis sur place par les gens du pays sont plus sûrs et plus détaillés, et ne croyez-vous pas qu'il serait de notre intérêt mutuel de recourir à ce moyen d'information?

Si jamais à Londres on avait besoin [illegible] explications sur ce qui précède,

www.zheen.org

## نامەی شەشەم: ٣

21/3398 151520

PYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

202363

DEC 10 1918

je suis entièrement à votre disposition; j'aurai ainsi l'occasion de vous revoir après tant d'années.

Vous savez que je ne suis pas anglophile ni par interêt ni de date récente; vous m'avez vu à l'oeuvre à Constantinople. J'ai d'ailleurs hérité de ces sentiments de feu mon Père Saïd pacha qui vous avait en grande sympathie, de même que vous aviez pour lui une estime des plus flatteuses. Quand j'ai rencontré à Rome Lord CURRIE, notre éminent ami m'a dit qu'il était enchanté de mon éloignement de Constantinople, car ma présence était pour lui une inquiétude constante; il a même ajouté que plus d'une fois il lui était arrivé de se réveiller la nuit en sursaut croyant que je m'étais sauvé à l'Ambassade ou bien que j'étais traqué par les camarillas d'Abdul-Hamid à la suite de mes sentiments anglophiles et libéraux.

